# عێراق لەبەردەم چەند چارەنووسێکدا



**حکومەتەکەی نوری مالیکی سەبارەت بە تێوەگلانی لە گەندەڵی و پیادەکردنی ڕەفتاری خۆسەپێنانە پتر ڕووقایم بووە**

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەگەر لە ڕووداوەکانی هەفتەکانی ئەم دواییە بڕوانین ئەوە بەدی دەکەین کە ئومێد بە عێراقێکی سەقامگیر و دیموکرات کەوتۆتەبەر گورزی مەترسیدار. هەموو ئەو پەرەسەندنە پێچەوانانە ئاماژەبوون بە دروستبوونی ناسەقامگیری گەورەترو سەرکوتکاری زیاتر. ئەم تەوژمە مایەی نیگەرانیە بە تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، کە تاوەکو ئێستا توانیویەتی خۆی لە زۆرێك لەو کێشە و گرفتانە بپارێزێت کە باقی بەشەکانی دیکەی عێراقی وێرانکردووە.

یەکێك لە ئاماژە نیگەرانکەرەکان بریتی بوو لە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی، بە گوێرەی وێبسایتێکی دیاری پەیوەست بە کاروباری نێودەوڵەتی ئەمەریکاوە، بە ناوی Antiwar.com، تەنها لە مانگی حوزەیراندا زیاتر لە ٥٠٠ عێراقی کوژران. دەزگاکانی دیکە، لە نێویاندا ئەسۆشیەتید پریس، باس لە ڕێژەیەکی کەمتری کوژراوان دەکات، بەڵام ئەو دامەزراوانە تەنها قوربانیە مەدەنیەکان تۆمار دەکەن، نەك قوربانی سوپا یان کارمەندانی پۆلیس یان ئەو یاخیبووانەی دژ بە حکومەت شەڕ دەکەن. ژمارەی ڕاستی کوژراوەکان هەرچەندێك بێت، ئەوا ڕێژەی قوربانیەکان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەموو شتێك باڵی بەسەر ڕەوشی ئەمنی عێراقدا کێشاوە ئاشتی نەبێت.

دۆخەکە لە مانگی حوزەیراندا باشتر نەبوو. لەگەڵ دەستپێکی مانگەکەدا، بەهۆی تەقاندنەوەی بارهەڵگرێکەوە لە بازاڕێکی دیوانیە ٤٠ کەس کوژران و ٧٥ کەسی دیکە بریندار بوون. هەندێ لەو هێرشانەی لە مانگی حوەزیران و تەمووزدا ڕوویاندا هاوشێوەی ئەو توندوتیژییە تائیفیەبوون کە لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا عێراقیان هەژاند، ئەو کاتەی وڵاتەکە لەسەر لێواری شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەریدا بوو. دوو لە توندترین هێرشەکان ئەو شیعانەی کردە ئامانج کە بە ڕێگاوەبوون بۆ زیارەتکردنی مەرقەدە ئاینیەکان.

سەرباری هەڵکشانی توندوتیژی، حکومەتەکەی نوری ئەل مالیکی پتر ڕووقایم بووە سەبارەت بە تێوەگلانی لە گەندەڵی و پیادەکردنی ڕەفتاری خۆسەپێنانە. لە حوزەیراندا، جارێکی دیکە حکومەتی عێراقی هەوڵی تەنگپێهەڵچنین و دەمکوتکردنی دەزگا ڕاگەیاندنە نەیارەکانیدا. تەنها ئیدانە و ناڕەزایی نێودەوڵەتی، بە پێشەنگی ئەمەریکا، حکومەتی ناچارکرد پاشگەزبێتەوە لەوەی چاودێری بخاتەسەر ئەو دەزگایانە.

**ژمارەی ڕاستی کوژراوەکان هەرچەندێک بێت، ئەوا ڕێژەی قوربانیەکان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەموو شتێک باڵی بەسەر ڕەوشی ئەمنی عێراقدا کێشاوە ئاشتی نەبێت**

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەوە تەنها پاشەکشەیەکی تاکتیکی بووبێت. دەستپێشخەرییەکی فێڵبازانەی دیکە بریتی بوو لە ڕەشنووسی ئەو یاسایەی ئامانج لێی ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بوو. ئەو یاسایەی سزای زیندانی هەتاهەتایی لە خۆدەگرێت ئەگەر هاتوو کەسێك حوکمدرا بەوەی « سەربەخۆیی، یەکێتی یان سەلامەتی وڵاتەکەی، یاخود بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی و سەربازییە باڵاکانی خستۆتە مەترسیەوە.» هەروەها دەکرێت سزای هاوشێوە بەسەر هەرکەسێکدا بسەپێنرێت کە هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەك ئامانج لێی لاوازکردنی متمانەیە بە سیستمی دارایی، یاخود ئامانج لێی تێکشکاندنی ئابووری نەتەوەیی، یان لەکەدارکردنی وڵاتەکەیە.

**دەستپێشخەرییەکی فێڵبازانەی دیکەی نوری مالیکی بریتی بوو لە ڕەشنووسی ئەو یاسایەی ئامانج لێی ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بوو**

ڕێکخراوی «هیومان ڕایتس ووۆچ» کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دیارە لە بواری داکۆکیکردن لە ئازادییە مەدەنییەکان لە ناوەڕاستی تەممووزدا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و بە توندی ئیدانەی ڕەشنوسی یاساکەی کرد. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو « لەبەر ئەوەی ئەحکامەکانی ناڕۆشن و بەربڵاون، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو سزایانەی بۆ پێشێلکردنی یاساکە دانراون سزای زۆر سەختن، ئەوا دەسەڵاتدارەکان ئەتوانن یاساکە بەکاربهێنن بۆ سزادانی هەر دەربڕینێك بە بیانووی ئەوەی ئەمە هەڕەشە و مەترسیە بۆ سەر هەندێ لە بەرژەوەندییە حکومی یان ئاینی یاخود کۆمەڵایەتیەکان.» هیومان ڕایتس ووۆچ هۆشداری زیاتر دەدات کە بە ئاسانی ئەتوانرێت یاساکە بەکاربهێنرێت بۆ «بەرەنگاربوونەوەی ڕەخنەی ڕەوا لە بەرپرسە حکومی یان ئاینیەکان یاخود لە سیاسەتەکانیان، یاخود ناڕەزایی دەربڕینی ئاشتیانە دژیان.» بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆجیاکانی دیکەی گواستنەوەی زانیاری لە بواری ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا دەیبینن، ئەوا ئەمانە نیگەرانی کەم و بچوك نین. ڕەنگە مەترسیدارترین شتێك کە ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ووۆچ لە دەرئەنجامدا پێیگەیشتبوو ئەوەیە کە ئەو یاسا پێشنیارکراوە ڕووداوێکی دابڕاو نەبوو. بەڵکو بریتیە» لە بەشێك لە هەوڵێکی بەرفراوان بۆ سنوردارکردنی ئازادییە بنەڕەتیەکان لە عێراقدا.»


**لە شاری کەرکوکدا ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن هاوکارە سیاسیەکانی مالیکی بەڵێنی پێدانی زەوییان بە هەندێ ڕۆژنامەنووس داوە ئەگەر هاتوو لە ڕوماڵکردنەکانیاندا وێنەیەکی جوان بە سیاسەت و ئەدای حکومەتەکەی بەغدا ببەخشن**

لە ڕاستیدا، چاودێری ئاشکرا یاخود ترساندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن تاقە تاکتیکی نیگەرانکەری حکومەتەکەی مالیکی نییە. لە شاری کەرکوکدا ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن هاوکارە سیاسیەکانی مالیکی بەڵێنی پێدانی زەوییان بە هەندێ ڕۆژنامەنوس داوە ئەگەر هاتوو لە ڕوماڵکردنەکانیاندا وێنەیەکی جوان بە سیاسەت و ئەدای حکومەتەکەی بەغدا ببەخشن.

ئاماژەگەلی زیاتر لە ئارادان بەوەی دووبارە عێراق بگەڕێتەوە بۆ دۆخی توندوتیژی و دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی گەندەڵکار، ڕەنگە بەم زووانە حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەوە بدەن ئایا پێویستە- یاخود تەنانەت ئایا ئەتوانن- دڵسۆزبن بۆ وڵاتێك کە پێدەچێت ئەم ڕێگەیەی گرتبێتەبەر.

***توێژەری باڵایە لە ئەنستیوتی کاتۆ لە واشنتۆن دی.سی، نووسەری هەشت کتێبە لەبارەی کاروبارە نێودەوڵەتیەکانەوە و ئەندامی بۆردی گۆڤاری وەرزی مێدێرترینیانە.**





# کێشەی سەرەکی عێراق خواستی تاکڕەوی و جێبەجێ نەکردنی دەستووره

لێدوان و قسەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەربڕی ئەو پێگە و پۆستە نییە کە پێویستە ئەو نوێنەرایەتی حکومەتێکی فیدرالی و دیموکراتی بکات و بڕوای بەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پابەندبوون بەدەستوور لێپرسینەوە لەبەردەم پەرلەماندا هەبێت، هەربۆیە کاتێك لەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندندا قسەدەکات یان دەیەوێت پەیامی حکومەتەکەی ئاراستەی عێراقیەکان بکات، هەست دەکرێت قسە و لێدوان و پەیامی حکومەتەکەی لەبری ئەوەی ئاراستەی واقیعی سیاسی ئێستا بکرێت، کەچی دەبینین باز بەسەر کێشە و ئاستەنگەکاندا دەدات و دەیەوێت واقیعێکی دیکە وەك بەدیل بۆ عێراقێکی فیدرالی و پەرلەمانی و دیموکراتی بخاتە ڕوو، هەربۆیە کاتێك گوێ لەقسە و لێدوانەکانی مالیکی دەگرین، لەیەك کاتدا لەنێوان دوو پرسی جیاوازدا هەڵوەستە دەکەین، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو وەك سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی خۆی دەردەخات و دووەمیشیان ئەوەیە هەر خۆی دەیەوێت لەناو ئەو دەوڵەتە فیدرالی و دیموکراتیەدا وەك

**جارێك بەناوی ئیسلام و جارێك بەناوی عروبەو جارێکیش بەناوی زۆرینەو کەمینەوە دەیەوێت سیمای دیموکراتی بشێوێنێت و ڕێگەی تاکڕەوی خۆی پێ پیادە بکات**

سەرۆك وەزیرانێکی تاکڕەو دیکتاتۆر پاوانی هەموو دەسەڵاتەکان بکات و ئەو بنەمایانەی لەدەستووری عێراقدا بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ دانراون هەموویان ژێر پێ بنێت و پرانسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و سنووردار کردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی بگۆڕێت لەگەڵ کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆی و دەسەڵاتی ڕەها بۆ حکومەتەکەی، هەربۆیە جارێك بەناوی ئیسلام و جارێك بەناوی عروبەو جارێکیش بەناوی زۆرینەو کەمینەوە دەیەوێت سیمای دیموکراتی بشێوێنێت و ڕێگەی تاکڕەوی خۆیی پێ پیادە بکات، بۆیە هەموو گوتار و لێدوانەکانی سەرۆك وەزیران جۆرێك لەپیادەکردنی سیاسەتی حزبێکی دیاریکراوی پێوە دیارە و ئەم گوتارە حزبیەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە یەك حزب یەك لایەن حکومڕانی عێراق بکات، لەم ڕاستەوە کێشەی سەرەکی پێکهاتەکانی عێراق لەسەر مەسەلەی جۆری حکومڕانی و کەسی حکومڕان لەعێراقدا، مەسەلەی چۆنییەتی

**نەبوونی متمانە وا دەکات هەر جەمسەرێك لەبەرامبەر جەمسەری بەرامبەردا جۆرێك لەدیکتاتۆرییەت پیادە بکات**

ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای عێراقە، نەك هەڵوێست وەگرتن لەلایەك دژی لایەکی دیکە، یان هەڵوێست وەرگرتن بێت دژی کەسێك بە دیاریکراوی، ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق داوای دەکەن ئەوەیە کە پێویستە حکومەتی فیدرالی عێراق حکومەتێکی نیشتمانی هەمەلایەنە بێت و دەربڕی خواستی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بێت، هەموو لایەك حکومەت بەحکومەتی خۆی بزانێت، بۆیە کاتێك ڕەفتارەکانی سەرۆك وەزیران تەواوی پێکهاتەکانی دیکە لەم تێڕوانینە بۆ حکومەت نائومێد دەکات ئەوا، پێکهاتەکان ناچار دەبن دەست بخەنە سەر ئەو هۆکارانەی ئەو بۆچوونە سلبییەیان گۆڕیووە و ناچاریان دەکەن ئەو کەسە دوور بخرێتەوە کە ئاراستەی بونیادنانەوەی عێراق لەعێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانییەوە دەگۆڕێت بۆ عێراقێکی تاك لایەنی سەنترالی بەهێز، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەرکی گرنگی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیە ڕێگە نەدەن ئەو نوێنەرەی ئەوان بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق پاڵاوتوویانە، عێراق بەلاڕێدا بەرێت و پرۆسەی سیاسی لەبار بەرێت، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا گرنگە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەهاوپەیمانی نیشتمانیشەوە(ئیتیلافی شیعە) لەبازنەیەکی فراواندا لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هاوڕاو هاو هەڵوێست بن بۆئەوەی بتوانن لەچوارچێوەیەکی نیشتمانیدا یەکبگرنەوە و تواناکان یەکبخەن بۆئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامی و تێڕامانە ئەوەیە کە هەتا ئێستا نەتوانراوە هەموو لایەنەکان لەیەك بازنە کۆببنەوە، تەنانەت ئەو بەرنامە چاکسازیەشی کە لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئێستای عێراق بەنیازە پێشکەشی لایەنەکانی بکات، هەست دەکرێت بێجگە لەبەفیرۆدانی کات و هەوڵدان بۆ پەکخستنی لێسەندنەوەی متمانە لەسەرۆك وەزیران شتێکی دیکە نییە، سەبارەت بەبارودۆخی ئێستا و ئاراستەی هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا پرسیارمان لە پەرلەمانتار بەکر حەمە سەدیق پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی لەهاوپەیمانی کوردستان کرد، ئەویش لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان کرۆکی کێشەکانی گرێدایەوە بەپابەندنەبوون بەدەستوور و خۆدزینەوە لەچاکسازی و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە لەو وەرەقەی چاکسازییەوە دەست پێدەکات کە هاوپەیمانی نیشتمانی پێشکەشی کردووە، ئێمە وای دەبینین ئەم وەرەقەیە بۆ سوود وەرگرتن لەکاتە لەم هەلومەرجەی ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، جۆرێکە لەمانۆڕ سەبارەت بەو گرژیی و ئاڵۆزییانەی لەنێوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە سەبارەت بەگرێبەستە نەوتییەکان و ئەو خاڵ و بڕگەو کێشە و گرفتانەی کە لەڕێککەوتنی هەولێر بڕیاربوو جێبەجێ بکرێت کە ئەمەش تا ئێستاکە نەکراوە، هەروەها تاوانبارکردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەو لیست و قەوارە سیاسیانەیە کە داوایان کردبوو متمانە لەمالیکی بسەنرێتەوە، هۆکاری داواکردنی لێسەندنەوەی متمانەش لەمالیکی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١- لەڕێککەوتنی هەولێر کە هەموو کوتلە سیاسیەکان واژویان لەسەرکردووە کە لەسەر ئەساسی ئەو ڕێککەوتنەوە پەرلەمان و حکومەتی عێراق و دەوڵەتی عێراق دروست بوو و سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەستنیشانکران.

٢- هەر لەڕێککەوتنی هەولێر دەبووایە یاسای نەوت و غاز دەربچووایە و دووبارە دەنگی لەسەر بدرابایەوە و سەرژمێری گشتی لەعێراق ئەنجام بدرایە و ماددەی ١٤٠ی دەستووری زیاتر و باشتر گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیبایە.

٣- دەبوو پاراستن و گەشەکردنی مافی مرۆڤ و دیموکراتی بەردەوامبووایە.

بەڵام ئەوەی ڕوویدا پێچەوانەی ئەوانەبوو، چونکە دەوڵەتی یاسا لەسەر ئاستی عێراق مامەڵەکردنی لەگەڵ بارودۆخەکەدا مامەڵەیەکی تاکڕەوانەبوو و هەوڵیداوە لەهەموو کارو دەسەڵات و بڕیارەکاندا خۆی خاوەنی هەموو شتەکان بێت، بەتایبەتی لەپۆستە گرنگەکاندا کە پێویستبوو بەپێی بڕیار و بەش بەسەر کوتلەکانی تری

**مالیکی تائێستاکە خۆی بەنوێنەری دەسەڵات دەزانێت و کوتلەکانی تر بەپلەدوو دادەنێت و مالیکی وادەزانێت تەنیا خۆی دەبێت پۆست و پلەی فەرمانبەرایەتی بەسەر خەڵکی تردا دابەش بکات**

دابەش بکات، گەرچی مالیکی ئامادەنەبوو ئەو پۆستانە بەکەس بدات و دەیەوێت وەزیری کوتلەکانی تر لەلای ئەو فەرمانبەربن، ئەمەش لەلای کوتلەکانی تر قبوڵ ناکرێت و کوتلەکانی تر و کوردیش خۆیان بەشەریکی ڕاستەقینەی حکومەتی عێراق دەزانن و قبوڵیان نییە بەهیچ جۆرێك فەرمانبەربن لەلای مالیکی و لەعێراقدا پلەدووبن و مالیکی تائێستاکە خۆی بەنوێنەری دەسەڵات دەزانێت و کوتلەکانی تر بەپلەدوو دادەنێت و مالیکی وادەزانێت تەنیا خۆی دەبێت پۆست و پلەی فەرمانبەرایەتی بەسەر خەڵکی تر دابەش بکات، بەڵام مالیکیش پێیوایە ئەو کێشەو بارودۆخەی لەسەر ئاستی عێراق هەیە تەنیا ئەو لێی بەرپرسیار نییە، بەڵکو لەبەرپرسیارەتی هەموو کوتلەو لایەنەکانە و هەموو کوتلەو لایەنەکان وەکو ئەو شان نادەنە بەر بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکەی هەیە و ئەمانەش شەفاعەت بەمالیکی نادات، چونکە مالیکی خۆی خاوەنی بارودۆخەکەیە و هەر ئەو پارەو بودجەو دەسەڵات و سەربازی هەیە و لەلایەکی تر هەر مالیکی پۆستە گرنگەکانی لەژێر دەستدایە، هاوکات ئەو خزمەتگوزاریانەی لەعێراق کە پێشکەش بەخەڵکی دەکات زۆر خراپ و کەم و لاوازە، واتە هەموو ئەوانەش بەڵگەن لەدژی مالیکی، لەبەر ئەوەی لەکاتێکدا کە مالیکی دەیەوێت بەرامبەر ئەو کێشانە و ئەوانەی کە داوای لێساندنەوەی متمانەی لێ دەکەن بڵێت من کارتی چاکسازیم هەیە و بۆ چارەسەری کێشەکان نییەت پاکی خۆی دەربخات، ئەمەش شەفاعەت بۆ مالیکی ناکات، چونکە زیاد لەپێویست ماوەو دەرفەت بەمالیکی دراوە کە بارودۆخەکە چارەسەر بکات و خەڵکانێ لەجاری یەکەم هەڵەیان کردبێت ئەوە پێویست نییە لەجاری دووەم هەڵە بکەنەوە و نابێت هیچ پیاوێك لەسەر یەك ئاراستە دووجار هەڵە بکاتەوە، بۆیە من پێموایە داواکاری داواکاران لەسەر لێساندنەوەی متمانە لەمالیکی کە دیکەن(سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لیستی ئەلعێراقییەو تەیاری سەدری) پێیانوایە چیتر مالیکی دەرفەتی نەماوەو ناتوانێت ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکات و لەسەر بەڵێنی خۆی بێت، هەر بۆیە متمانەیان بە بەڵێن و بڕیار و هەڵوێستەکانی مالیکی نییە و پێیانوایە تەنیا بەو کارت و کارانەی تەنیا کەسپی ماوە بۆ مانەوەو بەرژەوەندی خۆی دەکات و ئەمەش لەبەرژەوەندی پرۆسەی سیاسیەکەی عێراق، بۆیە دەڵێم ئەگەر مالیکی لەماوەی دووخولی سەرۆکایەتی وەزیراندا نەتوانێت بارودۆخەکە چارەسەر بکات و خزمەتگوزاری بەپێی پێویست پێشکەش بە خەڵك بکات، ئەوە دەرفەت پێدان بۆ جاری تر واتە دەرفەتدان بەدیکتاتۆریەت و دەرفەتدان بەپیاوێك کە بڵێت تەنیا من لەعێراق هەم، بۆیە دەبێت کۆتایی بەم بارودۆخە بێت و دەرفەتی تر بەمالیکی نەدرێت، لەلایەکی تر ئەو کارتی چاکسازییەی مالیکی فرێیداوە بۆ سەرلێشوان و گێژاوە نانەوەیە، هەر بۆیە تەیاری سەدری لەکۆبوونەوەدا لەسەر کارتی چاکسازیەکەش کشانەوە و، ڕایانگەیاند کە کارت و خاڵ و کۆبوونەوە، چارەسەری بارودۆخی عێراق ناکەن، بەڵکو هەڵوێستی دروست و نییەت پاکی و ڕاستەقینەیی دەبێتە پەیامێکی ئیجابی بۆ کوتلەکانی تر و باوەڕیان بەچاکسازی و گۆڕانکاری و نییەت پاکی

## زیاء شەکرچی بۆ گوڵان:



# بەرپرسانی باڵای عێراق پێویستیان بەکەلتوورێکە کە تێیدا مومارەسەی سیاسییان بگونجێت لەگەڵ دەستوورو پرۆسەی دیموکراتی

مالیکی هەبێت، لەم ڕووەوە تائێستا مالیکی هیچ هەنگاوێکی ڕاست و نییەت پاکی نەناوە، لەبەر ئەمە بێ متمانەبوونی لایەنەکان کە داوای لێسەندنەوەی متمانە لەمالیکی دەکەن لەجێگای خۆیەتی و پێویستە لەمرۆوە بەفعلی نەهێڵدرێت دیکتاتۆریەت لەسەر ئاستی عێراق گەشە بکات، بۆ ئەوەی کەس هەوڵنەدات و نەتوانێت لەهەموو بارودۆخە سیاسیەکانی تریش خۆی بسەپێنێت و خۆی بەسەر هەموو کەسە سیاسیەکانی تر سەرکەوێت)).

ئەوەی پەرلەمانتار بەکر حەمە سەدیق ئاماژەی پێکرد خاڵە گەوهەریەکانی ئەو کێشەیەن کە ئێستا هاوپەیمانی کوردستانی سورە لەسەر ئەوەی پێویستە قەیرانی سیاسیی عێراق بەشێوەیەکی ئەقڵانی چارەسەر بکرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەرەفتارەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق پرسیارمان لەنووسەر و سیاسەتمەداری عێراقی زیاء شەکرچی کرد و ئەویش لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئەوانەی کە دەسەڵاتدارن پێویستە پابەندبن بەیاساکانەوە بۆ ئەوەی پێکدادان لەنێوان دەسەڵاتەکاندا دروست نەبێت و دەسەڵاتی جێبەجێکاریش خۆی لەکاروباری دەسەڵاتی یاسادانان وەرنەدات، زۆرجار دەبینین دەستێوەردان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە لەسەر دەسەڵاتی قەزائی هەیە، بۆ نموونە لەکاتێکدا ئەگەر دۆسێی کەسایەتی دەستڕۆشتوو لەناو دەوڵەتی عێراقدا بکرێتەوە، پێویستە دەسەڵاتی دادوەری و لەڕێگای دەسەڵاتی دادگاوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت نەك سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکار خۆی کات دابنێت بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسایەتیانە یا کردنەوەی فلانە دۆسییە، ئەمە بۆخۆی دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی جێبەجێکارە بۆ سەر دەسەڵاتی دادگا، من ناتوانم بڵێم زانیاری ڕوونم هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی کە شارەزای بوارەکەن ڕوونکردنەوەی ئەوەیان داوە کە ئەو جۆرە دەستێوەردانەی دەسەڵاتی جێبەجێکار بۆسەر دەسەڵاتی تەشریعی و دادگاکان بوونی هەیەو زیانی بەسەربەخۆیی ئەو دەزگایانە گەیاندووە، ئەم واقیعە پێویستە لەلای سیاسەتمەدارەکان ڕوون بێت و تەنانەت ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانانیش ڕوون و ئاشکرا بێت، تەنانەت سنووری نێوان دەسەڵاتەکانیش دیاریکرابێت، بۆ نموونە نابێت سەرۆکی پەرلەمان ببێتە جەمسەرێك بۆ هیچ ململانێیەکی سیاسی، بەڵکو پەرلەمان پێویستە پرۆسەی سیاسی بەڕێوەببات و نابێت لایەنگیری لایەك بکات، سەرۆکایەتی کۆماریش ڕۆڵێکی گشتی بۆ هەمووان پیادە بکات، ئەم حاڵەتە بۆ سەرۆك وەزیرانیش وایە کە پێویستە سەرۆك وەزیران خۆی هەڵنەقورتێنێ لەدەسەڵاتی یاسادانان و دادگادا، بەداخەوە زۆربەی بەرپرسانی باڵا بەباشی ئەم ئەرکە وەکو خۆی جێبەجێ ناکەن، بەڵکو بەرپرسانی باڵای عێراق پێویستیان بەکەلتوورێکە کە تێیدا مومارەسەکردنی سیاسییان بگونجێت لەگەڵ دەستوورو پرۆسەی دیموکراتی. هەندێکیشیان زۆر بەباشی شارەزاییان لەمبوارە هەیە، بەڵام لەپشتیەوە دەسوڕێنەوەو ئەرکەکانی بوارە پێداویستیەکانی پرۆسەی دیموکراتی پشتگوێ دەخەن بۆ مەرامێکی تایبەتی. بۆیە دەتوانم بڵێم لەزۆربەی جار نەبوونی متمانە وا دەکات هەر جەمسەرێك لەبەرامبەر جەمسەری بەرامبەردا

جۆرێك لەدیكتاتۆرییەت پیادە بكات قەیرانی نامتمانەیی بەڕاستی قەیرانێكی گەورەی سەرەكییە، هەمووان ئەوە دەزانن بەرژەوەندی نیشتمانی لەپێشەوەی ڕیزبەندییەكاندا بوونی نییە، بەرژەوەندی زاتی پێش هەرشتێك دەخرێت و دواتر بەرژەوەندی حزبی و دواتر بەرژەوەندی تائیفەگەری و نەتەوەیی دەخرێتە بەرچاو، بەڵام هاووڵاتی و هاوڵاتیبوون و نیشتمان گەرچی بەتەواوەتی پەراوێز نەخراوە، بەڵام لەدوا ئامانج و قۆناغەكان دێت، ئەگەر هەموویان لەوە تێبگەن كە هاووڵاتیبوون و دیموكراتیەت و خزمەتی نیشتمان ئامانجی سەرەكی بێت و ئامانج لەكێبڕكێ بۆ خزمەتكردنی نیشتمان و

## بەكر حەمە سەدیق بۆ گوڵان:



## دەوڵەتی یاسا لەسەر ئاستی عێراق مامەڵەكردنی لەگەڵ بارودۆخەكاندا مامەڵەیەكی تاكڕەوانەبووە

هاووڵاتیان بێت، ئەو كات كێبڕكێ لەوە دروست دەبێت كە چۆن خزمەتی زیاتری هاووڵاتی و نیشتمان بكرێت)).

ئەم تێڕوانینیەی شەكرچی كە دەكرێت تارادەیەكی زۆر بەتێڕوانینێكی بێلایەن سەیری بكەین، هەست دەكەین ڕاشكاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە حكومەت وەك دەسەڵاتی جێبەجێكار دەیەوێت كۆنترۆڵی دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانان كە پەرلەمانە بكات و هیچ ڕۆڵێكیان بۆ نەهێڵێتەوە.

### دروستكردنی بەدیل
### بۆ مانەوەی تاكڕەوی و دیكتاتۆری

گەورەترین كێشە كە ڕووبەڕووی پرۆسەی بونیادنەوەی دەوڵەت و بونیادنانی دیموكراتی لەقۆناخی ڕاگواستن دەبێتەوە، نەبوونی كەلتووری دیموكراتیە، بۆیە لەعێراقیشدا كاتێك نزعەی دیكتاتۆری دەتوانێت لەناو پرۆسەكە هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە كە هەتا ئێستا نەك هەر لەناو كۆمەڵگەی عێراقی، بەڵكو لەناو حزب و لایەنە سیاسیەكانی عێراقیشدا كەلتووری دیموكراتی بەو ئاستە نییە كە بتوانرێت ڕێگە لە سەرهەڵدانی نزعەی دیموكراتی بگرێت، سەبارەت بەم لایەنە تاریق حەرب یاساناسی ناسراوی عێراق وای دەبینێ لەدوای كۆتایی هاتنی ڕژێمی پادشایەتی و لەماوەی زیاتر لە٥٠ ساڵێ ڕابردوو هیچ پیادەكردنێكی دیموكراتیانە لەعێراق بوونی نەبووە، بۆیە ئاساییە كەلتووری دیموكراتی لەم وڵاتە لاواز بێت، لەمبارەوە و لەلێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخاوتن:(ئێمە تازەین لەسەر دیموكراسییەت، دیموكراسییەتیش كلتوورە پێشئەوەی دەقی دەستووری و یاسایی بێت، لۆرد ئاكسن فەیلەسوفێكی ئنگلیزە و لەسەدەی ١٧دا ژیاوە و جوانترین وەسفی بۆ بنەما دیموكراسییەكان پێشكەشكردووە كە دەڵێت: «كۆمەڵگە هەرە ئازادەكان ئەو كۆمەڵگەن كە زیاتر بەرپرسیارن و زیاتر پابەندن»، بەواتای بەهیچ شێوەیەك پەیوەند نییە دیاردەی توندوتیژی ڕوودەدات تەنانەت گەر دیاردەی ئازادی بێ سەرو بەر بێت یاخود دیاردەی قۆرخكردنی ئازادییەكان، ئەمەش لەهەر لایەكەوە ئەنجامبدرابێت، بۆیە پێویستە بەشێوەیەكی میانڕۆیانە مامەڵە لەگەڵ ئازادی بكەین، نەك بەو شێوەیەی كە سنوورەكانی ئازادی و دیموكراسییەت ببەزێنین.

لێرەدا حەز دەكەم ئەوەتان بەبیر بهێنمەوە كە ڕەفتار گەلێكی هێجگار زۆری نادیموكراتی لەعێراقدا كەڵەكە بووە، ئێمە تەنیا لەسیستەمی پادشایەتی هەستمان بەدیموكراسییەت دەكرد، ماوەی زیاتر لە٥٠ ساڵە ڕەفتاری نادیموكراتیانە لامان چەسپاوە و ئاسەواری زۆر ترسناكی لەنێومان جێهێشتووە و تاكو ئەمڕۆش ئەمە كەیسی سەرەكی و سەرچاوەی ئاڵۆزییەكانە، بۆیە پێویستە گفتوگۆ و دانوستان و ڕێككەوتن لەسەر مەسەلەكان ئەنجام بدرێت و مەسەلەكان بخرێتەڕوو بە مەبەستی گەیشتن بەچارەسەرێكی میانڕۆ و پەسەندكراو، بەڵام هەموو هۆكارەكان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی كەلتووری سیاسی لای لایەنە سیاسیەكان، ئەگەر نا مانای چیە پێكەوە كۆدەبنەوە و ناتوانن بگەنە ڕێككەوتن و ناگەنە هیچ ئەنجامێك؟ لەعێراق دیاردەیەك هەیە كە لەهیچ وڵاتێك ڕووینەداوە لەجیهان، دیاردەكەیش ئەوەیە كە نوێنەرەكان میدیا-یان كۆنترۆڵكردووە، بەواتای، ئەگەر سەیرێكی تەلەفزیۆنی ئەمریكی بكەی هیچ نوێنەرێكی ئەمریكی نابینی قسەبكات لەكاتێكدا لەكەناڵەكانی عێراق دەیان لەنوێنەرەكانی عێراق دەبینی قسەدەكەن، ئەم مەسەلانە یاریدەدەرن بۆ خراپ بەكارهێنانی میدیا)).

كەواتە لەقسەكانی تاریق حەربەوە دەگەینە ئەوەی كە هۆكاری نەگەیشتن بەچارەسەری كێشەكان ئەوەیە كە پابەندبوون بە بنەماكانی دیموكراتی بوونی نییە، هەربۆیە لەبری ئەوەی هەوڵ بۆچارەسەری كێشەكان بخەینە گەڕ، كەچی هەوڵدەدین ڕێگەكە دووربخەینەوە بۆ ئەوەی تاكڕەوی بەردەوام بێت، فاتیح داراغایی پەرلەمانتاری كۆمەڵی ئیسلامی لەهاوپەیمانی كوردستانی وەرەقەی چاكسازی هاوپەیمانی

## تاریق حەرب بۆ گوڵان:



## ماوەی زیاتر لە٥٠ ساڵە ڕەفتاری نادیموكراتیانە لامان چەسپاوە و ئاسەواری زۆر ترسناكی لەنێوماندا جێهێشتووە

نیشتمانی وەك یەكێك لەو هۆكارانە ئاماژە پێدەكات بۆ ئەوەی پرۆسەی لێسەندنەوەی متمانە لەمالیكی ئەنجام نەدرێت، ئەمە لەكاتێكدا ئەگەر ئەوان نییەتی چاكسازیان هەبێت و پرۆسە سیاسەكە لەم قەیرانەی تێی كەوتووە ڕزگاری بێت، ئەوە كەس داوای لێسەندنەوەی متمانە ناكات، لەمبارەوە داراغایی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:(بە بۆچوونی من ئەو كارتی چاكسازییەی كە هاوپەیمانی نیشتیمانی هەیانە، گەرچی تا ئێستا ناوەڕۆكی كارتەكە نەخراوەتەڕوو، بەڵام گوایە لیژنەی باڵایان پێكهێناوە بۆ ئەوەی پێوەندی بەكوتلە سیاسیەكان بكەن و ناوەڕۆكی كارتە چاكسازییەكە بخەنەڕوو و قسە و گفتوگۆیان لەگەڵ ئەنجام بدەن، بەڵام لەهەقیقەتدا ئەم كارتی چاكسازییەیان بۆیە هێناوە

تاوەکو جێگای پرۆژەی لێسـاندنەوەی متمانە لەمالیکـی بگرێتەوە، واتـە دەیانەوێت بیکەنە بەدیلێك بۆ لێسـەندنەوەی متمانە لەمالیکی و مەبەستە سـەرەکییەکە تەنیا کوشتنی پرۆژەی لێسـاندنەوەی متمانەکەیە لەمالیکی، هاوکات ئەو حکومەت و پەرلەمانەی ئێستا کە دەسەڵاتی لەعێراق هەیە لەئەنجامی ڕێککەوتنی سیاسی و ڕەزامەندی هەموو کوتلەکانی عێراق دامەزراوە، بۆیـە پێویسـتە لەهـەر کارت و پرۆژەیەکی چاکسـازی کە پێشـکەش دەکرێت ڕەزامەندی هەمـوو کوتلەو پێکهاتەو لایەنە سیاسـییەکانی عێراقی لەسـەر بێت و ئەوکاتیش سـوودی بۆ بەرژەوەندی هەموو گەلانی عێراق دەبێت)).

## فاتیح داراغایی بۆ گوڵان:



**ئەو کارتی چاکسازییەی کە هاوپەیمانی نیشتیمانی هەیانە، دەیانەوێت بیکەنە بەدیلێک بۆ لێسەندنەوەی متمانە**

### پابەندبوون بەدەستووری عێراق چارەسەری هەموو کێشەکان دەکات

داواکردنـی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـەکان بەرێککەوتنـی هەولێریشـەوە، داواکردنە بۆ پابەندبوون بەدەستووری عێراق وەك مەرجەعی هەموو لایەك بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان و ڕێککەوتنەکانیش لەبازنەی دەستووری عێراقدا هەمـوو لایەنـەکان لەسـەری ڕێککەوتوون، بۆیـە کاتێـك داوا دەکرێت سـەرۆك وەزیران لێپێچینـەوەی لەگەڵدا بکرێـت، هۆکارەکەی ئەوەیـە کە لەچوارچێوەی دەسـتووری عێراق ڕەفتاری نەکردووە و ئەو ڕێککەوتنانەیشی وەك ڕێککەوتنی هەولێر لەچوارچێوەی دەستووری عێراق کە هەموو لایەك ئیمزای لەسەر کردووە، نوری مالیکی ئەو ڕیککەوتنەی پشـتگوێ خسـتووە و کاری پێ ناکات، سـەبارەت بەم لایەنە د.سەعید خۆشناو پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کوردسـتانی سەرچاوەی کێشەکان دەگێڕێتەوە بـۆ پابەند نەبوون بەدەسـتوور و ئـەو پێیوایە ئەگـەر پابەندبوون بەدەسـتوور هەبێت کێشەکان چارەسەر دەکرێن، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی خسـتەڕوو و گووتی:(ئەو بارودۆخەی ئێسـتا لەعێـراق دروسـتبووە بەرەنجامـی پابەندنەبوونە بەدەسـتوورەوە کە ئەو دەسـتوورە لە٨٤٪ی خەڵکی عێـراق بەمالیکی و حزب و لایەنگرەکانیشـی دەنگیان پێداوە، گەرچی مالیکی کە دەسەڵاتی گرتەدەست بەتاکڕەوانە و بـەرەو دیکتاتۆریەت کاری کـرد و بەپێی ڕێککەوتن و دەسـتوور کاری نەدەکرد و دەڵێت دەبێت ئەو دەستوورە هەموار بکرێت یا خۆڵی لێ بنیشێت و دەسەڵاتەکانی سەربازی و ناوخۆی و هەواڵگـری و... هەر هەمووی خسـتەژێر دەسەڵاتی خۆی، بەمەش مالیکی بووە خاوەن توانای ماددی و سـەربازی بەئاراستەیەکی نادەسـتووری و تاکڕەوانـە بڕیـار و جوڵەی دەکـرد کە نیاز و ناپاکی پێـوە دیارە بۆ بەرەو دیکتاتۆریەت، کە لەمەشدا کورد دەزانێت کێشەو مەرگەسات و ناخۆشی و دواڕۆژی دیکتاتۆریەت چییە، بۆیە دەسەڵاتی سیاسی کورد گەیشتنە ئـەو باوەڕەی بۆ ڕێگەگرتـن لەم تاکڕەوی و دیکتاتۆیەتییەی مالیکی پێویسـتە ڕێگایەك بدۆزرێتەوە کە ببێتە بەربەسـت لەم تاکڕەویەی مالیکـی، چونکە لەئەنجامی ئەو سیاسـەتە دیکتاتۆریانەی مالیکی بۆی هەیە لەدواڕۆژ تووشی سەرگەردانی و کێشەیەکی زۆر ببین، بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایەو پێشگرتن لەتاکڕەوی مالیکی ئـەوە کورد لەگەڵ ئەلعێراقیەو چەند لایەنی تر چەنـد کۆبوونەوەیەکیان لەهەولێر و نەجەف بەسـت و لەسەرەتادا باس لەوە نەکرابوو کە متمانە لەمالیکی وەربگیرێتەوە و لەپاشـان بەمالیکییـان وت کە پێویسـتە چوارچێوەی سیاسـەتە تاکڕەوانەیەکەی بگۆڕێت و هەموو گەلانی عێراق هاوبەشـن لەئیدارەو سیاسەتی عێراق و پێویسـتە بەپێی دەستوور هەڵسوکەوت لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا بکات، بەڵام مالیکی هەر لەسەر سیاسەت دیکتاتۆریەکانی بەردەوامبـوو، بۆیە پاش چەندین دانیشـتنی پەرلەمـان و گفتوگـۆ و هەنـگاوی تر بۆ ئەوەی مالیکی بێتە سەر پابەندبوون بەدەستوور و سیاسـەتی ڕاسـت، بەڵام ئەو هەر لەسەر سیاسەتی خۆی ڕۆیشت، سەبارەت بەو پرۆژە چاکسازییەی کە ئێستاکە هاوپەیمانی نیشتمانی خستوویانەتەڕوو وەکو کارتێکە بۆ بەدەستهێنانی کات بۆ مالیکی، ئەو کارتە تا ئێستاکە نە ئێمە وەکو کوردو نە ئەلعێراقییە و نە لایەنەکانی تری عێراقیش ئەو بەندو خاڵ و مادانەی ناو پرۆژە چاکسـازییەکەمان نەدیتـووەو نازانین چییە، بەپێی قسەی هەندێك لەکەسەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی ئەو پرۆژەیە لە٧٠خاڵ پێکهاتووە کە ئەمە دەکاتە نیوەی مادەکانی دەسـتوور ئەمە کەی پرۆژەیە چۆن تاوتۆی ئەو هەموو بڕگەو بابەتانە دەکرێت ئەگەر مەبەسـت چاکسازی بێت، نەخێر ئەوە تەنیا بۆ بەدەسـتهێنانی کاتە و دەرخسـتنی خۆیانە کە بڵێن ئێمە چاکسازی دەکەین و نیازپاکین، کە ئەمەش زۆر لەڕاستی و هەقیقەتدا دوورە، بۆ ئێمە چاکسازی ئەوەیە کە مالیکی ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکات و

## د.سەعید خۆشناو بۆ گوڵان:




**ئەگەر پابەندبوون بەدەستوور هەبێت، ئەوا کێشەکان چارەسەر دەکرێن**

چاکسازی بۆ عێراق لەوەدایە کە دەستوورەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و دەزگا سەربەخۆیەکان و دادگای ئیتحادی وەکو خۆی بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە، چاکسازی ئەوەیە کە کارو پرۆژەی خزمەتگـوزاری بۆ هاوڵاتیان ئەنجام بدەیت و ئاو و کارەبا بۆ خەڵك دابین بکەیت، بەڵکو بەم پرۆژە چاکسازییە و چەندین کاری تر لەم شێوە دەیەوێت دەسەڵات بۆ مالیکی بمێنێت هەروەکو ڕژێمی پێشووی عێراق تاکڕەوانەو دیکتاتۆریانە دژی هاووڵاتیان گەلانی عێـراق بجوڵێتەوە، بـەڵام بەتەئکید ئەو کاتانە بەسـەرچووە و نە کوتلـەو نەحزب و نـە لایەنەکانی تر عێراقی جگـە لەمالیکی بـەو بارودۆخە ڕازی نین و هەر هەمـوو زمانی دیالـۆگ و گفتوگۆو دیموکراتی هەڵدەبژێرن)).

# ئایا مالیکی تاچەند جددییە لەو چاکسازییەی رایدەگەنێت؟!

**نوری مالیکی دیارترین پاڵەوانی ناو ئەم ململانێیە بووە، بە دەستگرتنی بەسەر دەسەڵات و ئامادەبوونی بۆ جەنگ کردن لە پێناوی دەسەڵات و پیادەکردنی رێوشوێنی جیاجیای نادەستووری و دژ بە ئازادییە گشتیەکان و مافە دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ و هەوڵدانی بۆ دووپات کردنەوەی هەندێک وتەزاو و لێدوان کە تەنیا لە وتاری سیاسییە چەوسێنەرەکانی دنیا دەبینرێن.**



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گولان نووسیویتی

چەند ساڵێکە کۆمەڵگای عێراقی لە بارودۆخێکی هەستەوەری ئیستیسنائیدا دەژی کە بە ململانێی توندی نێوان لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان دەناسرێتەوەو خەریکە دەگاتە ململانێی خوێناوی. نوری مالیکی دیارترین پاڵەوانی ناو ئەم ململانێیە بووە، بە دەستگرتنی بەسەر دەسەڵات و ئامادەبوونی بۆ جەنگ کردن لەپێناوی دەسەڵات و پیادەکردنی رێوشوێنی جیاجیای نادەستووری و دژ بە ئازادییە گشتیەکان و مافە دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ و هەوڵدانی بۆ دووپات کردنەوەی هەندێك وتەزاو و لێدوان کە تەنیا لە وتاری سیاسییە چەوسێنەرەکانی دنیا دەبینرێن کە زۆر لە هاوولاتیانی وروژاند بۆ نموونە کاتێك وتی: «وەرمانگرت ئیدی نایدەین» و «هەڵیاندەگرین» گرتنە بەری ئەم رێوشوێنانە لە ئێمە بەدوور نین کە دژی هێزە دیموکراسیخوازە عێراقییەکان پیادە کران پێش و پاش هەڵمەتی نارەزاییە جەماوەرییەکان دژی سیاسەتە نا عەقڵانییەکانی حکومەتی عێراقی کە پشتی خۆی لە ئەرکەکانی خۆی کرد بەرامبەر بە کۆمەڵگا و پێداویستی رۆژانەی خەڵکەکە، بێهێزی و لەرزۆکی رێوشوێنەکانی حکومەت دژی هەردوو دیاردەی تیرۆر و گەندەڵی کە سەرۆك وەزیران بێدەنگ بوو بەرامبەریان. بەڵکو خودی خۆی وتی کاتێك چاوپۆشی لە زۆر لە فایلەکانی تایبەت بە گەندەڵی و تیرۆر و کوشتنی بە ئەنقەستی رۆڵەکانی عێراق کرد، لەوانەش کێشەی تاریق هاشمی یان ئەوەی ماوەماوە هەرەشەی پێ لە هەندێکی دیکە دەکات، پێشتر و ئێستاش پێویستە قەزای عێراقی هەنگاوی پێویست بگرێتە بەر بۆ بێدەنگ بوونی و شاردنەوەی ئەم فایلانە لای خۆی.

سەرۆك وەزیران هەر بەوە نەوەستا کە خراپە بەرامبەر بە هەژارەکان بنوێنێت و بە بەعسی و عەبەسی تاوانباریان بکات و دەزگای ئەمن و پۆلیس دژیان بخاتەگەڕ لە گۆڕەپانی تەحریر، بەڵکو بۆقی ویعازی ئەلسەلاتین و بەکرێگیراوانی لێدا بۆ ناوزڕاندنی ئەوانەی پشتگیری ئەم نارەزاییەتیانەیان کرد لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا و ئەوانەی نارەزاییان دەربڕی لە رێوشوێنە سەرکوتکار و دژ بە دەستووریەکان و شەرعیەتی مافەکانی مرۆڤ و ئێستاش بێ بەزەییانە نووسەر و رۆژنامەنووسەکانیان خستۆتە بەردەم قامچیەکانی و قسە نابەجێیەکانیان هاوشێوە دەزگا داپڵۆسێنەرە تایبەتییەکان لەم دەستدرێژیە رەقە، نارەزاییەکان داوای رووخانی حکومەتی نوری مالیکی و لێسەندنەوەی متمانەو لێپرسینەوەیان نەدەکرد، بەڵکو راستکردنەوەی ئاراستەی سیاسەت بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا و لەوانەیە لە بەرژەوەندی بەردەوامی سروشتی دەسەڵات بوایە، هەروەها پابەندی ئەو سەد رۆژەش نەبوو بۆ هەموارکردنی ئاراستەی سیاسەتەکەی، بەڵکو پابەند بوو بە لاف لێدان بەسەر گەل و ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشەیەی کە ڕوویدا بوو!

پێویستە بەشێوەیەکی پشکنەرانە سەیری رەفتاری سیاسی مالیکی بکەین بەر لەوەی باس لەوە بکەین کە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەفدی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عیراقی خستیە روو .

کاتێك مالیکی درکی بەوە کرد کە حزبەکەی ناتوانێت رێژەی گونجاو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ مسۆگەر بکات، دەستپێشخەرییەکی زیرەکانەی خستەڕوو بە دامەزراندنی لیستی (دەوڵەتی قانون) بەمەش تا نەك بە ناوی حزبی دەعوەی ئیسلامی سیاسی تائیفی، سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت کە ئەوانی تر پێشبینییان نەدەکرد بەتایبەتی کە زۆرینەی هەرە زۆری گەل پێویستی بەوە هەبوو رزگار بن لە دەست میلیشیا تائیفیە چەکدارەکانی دەرچوو لە عەگالەکانیان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەغدا و لغاو کردنی هێزە سەدریەکان کە شێوازی چەوسانەوەی بە میلیشا تائیفیە چەکداریەکانیان بەکارهێنا دژی گەل و بەشداربوون لە ئاڵۆزکردنی تابلۆی ژیانی سیاسی لە وڵات لە پاڵ میلیشیا تائیفیە چەکدار و تیرۆریستەکانی تر.

بەڵام لە کۆتایی وادەی حکومەتی یەکەمی بە رێگایەکی نادرووستدا رۆیشت کە تا ساڵی ٢٠٠٨ پێوەی پابەند بوو دەربارەی ئەم هێزانە بەمەش پشتگیرییەکی زۆری لە دەستدا لە لایەنگرانی لیستەکەی و یارمەتی هێنانە ئارای کوتلەیەکی بەهێزی هێزەکانی لیستی عێراقییەدا کە دەنگی زیاتری لە دەنگەکانی دەوڵەتی

**حکومەتی مالیکی بێ بەزەییانە نووسەر و رۆژنامەنووسەکانیان خستۆتە بەردەم قامچیەکانی و قسە نابەجێیەکانیان هاوشێوە دەزگا داپڵۆسێنەرە تایبەتییەکان**

قانون بەدەستهێنا. بەمەش مالیکی مافی پێکهێنانی حکومەتی نوێی نەبوو بەڵکو پشکی لیستی عێراقییە بوو، بە ڕەچاونەکردن لە هەڵوێستی سلبی گشتی زۆر لە هێزەکانی ناوی.

حکومەتی نوێ بە مساوەمەیەکی سەیر پێکهات لە دەرەوەی سنووری عێراق لە تاران کە ڕەنگدانەوەی نەبوونی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی و ئاوێتە بوونی نێوان پێکهاتەکانیەتی، تەنیا مالیکی بەرپرس نەبوو لەم حاڵەتە بەڵکو هێزەکانی تری بەشدار لە بەڕێوەبردنی وڵات لەگەڵی بەشداربوون، بەڵام ئەوە هۆکاری سەرەکی بوو بە حوکمی سەرۆك وەزیرانە، چونکە هیچی نەکرد بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك بەخۆی و حکومەتەکەی لە ڕێگای جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی کە خزمەتی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی ئابووری نیشتیمانی بکات، وا پێویست بوو دەست لەکار بکێشێتەوە لە حکومەتە نوێیەکەی یان داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات، بەڵام لەجیاتی ئەوە هەموو هێزە سیاسییەکانی دژی خۆی ووروژاند لە لیستی عێراقییەوە تا دەگاتە هاوپەیمانی کوردستانی و چەند هێزێکی لیستەکەی خۆی، لیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی یان ماڵی شیعی تا دەگاتە هێزە دیموکراتییەکان کە پشتگیرییان لە داواکانی خەڵك کردو بانگەوازی خۆپیشاندانی نارەزاییان کرد بۆ پێداویستیە گشتی و درووستەکانی خەڵك بۆ پاراستنی ئازادییە دیموکراتییەکان و بەرژەوەندییەکان کۆمەڵگا بەتایبەتی چینە زەحمەتکێشەکان و ئەوانەی زیانیان بەرکەوتووە لە سیاسەتە نا حەکیمەکانی حکومەت و دەربڕی بەرژەوەندیەکانی هەموو هێز دەسەڵاتدارەکان و ژمارەیەکی زۆری پیاوانی ئایینی و حزبە سیاسییە ئیسلامییەکانە وەك پشیلە قەڵەوەکان.

حکومەتی ئێستا هیچ سیاسەتێکی ستراتیژی گەشەپێدان و پلانی گەشەپێدانی گشتی نییە، هەروەها سیاسەتێکی ئابووری نەهجێکی ئابووری ئاشکرای نییە، و تەنیا بیر لە دەرهێنانی زیاتری نەوتی خاو و هەناردە کردنی دەکاتەوە بۆ بەدەست خستنی سەرچاوەی دارایی زیاتر و بەهەدەردانی بەبێ بوونی ئاراستەیەکی گەشەپێدانی گونجاو. خودی مالیکی سەرپێچی کرد لە سەربەخۆیی دەزگا سەربەخۆکان سەرەڕای پاراستنیان لەلایەنی دەستوورییەوە و نەیتوانی بێکاری کەم بکاتەوە کە دوو دیاردەی فراوان و نووساون بە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرەڕای قەبارەی بێکاری ڕووپۆشکراو کە زۆر بەرفراوانە و قورساییەکی زۆر لەسەر بودجەی دەوڵەت دروست دەکات.

لە وتارێکی پێشووترمدا ئاماژەم بەوە کرد کە خەباتی جەماوەری زۆر گرنگ بۆ سەپاندنی سیاسەتێکی عاقڵانە بەسەر حکومەت و لادانی لە دەسەڵات ئەگەر بە پیر داواکارییەکانی چینەکانی کۆمەڵگاوە نەیەت و سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی نەگۆڕێت بە ڕێگای دەستووری و ئاشتی خوازی یاسایی، باس کردنی وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی و پاشان لێپرسینەوە لەگەڵی کە هەردووکیان ڕێوشوێنی دیموکراسین لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی نەك لە دەرەوەی دەستوور. یەکێك بوون لە ئامرازەکانی فشار، بەبێ ڕەچاو کردنی چەند کەسێك کە ئەمەیان خستەڕوو، سەرەڕای خستنە ڕووی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە.

بەڵام مالیکی باش دەزانێت کە ماڵی خۆی و حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی تر لە شووشەیە، بۆیە ئەگەر جورئەتی ئەوەی کرد فایلەکانی لای خۆی بخاتە ڕوو، ئەوان زیاتریان هەیە، بەمەش ناچار بوو هەوڵ بدات بۆ هێورکردنەوەو دابەشکردنی ڕۆڵەکان لەگەڵ سەرۆکی پێشووی حزبەکەی ئیبراهی ئەلجەعفەری، بۆیە ناچار بوو سێ بیرۆکە بخاتە ڕوو کە پێشتر خرابوونە ڕوو ئەوانیش:

- هەڕەشە کردن بە خستنەڕووی فایلەکان و توند کردنی ناکۆکی بەمەش بۆ خەڵك ڕوون دەبێتەوە ئەو کەتنانەی کە حەز ناکا ئاشکرا بکرێن و سنووریان نییە.
- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە وەك ئەوەی زۆر لە هێزە سیاسییەکان داوایانکرد لەگەڵ بوونی هەندێك کە ڕەتیان کردەوە.
- ئیدیعا ئەوەی ئارەزوو دەکات لیستێك پێکبهێنێت کە دەربڕی نەتەوەو ئایین و تائیفەکان بێت، ئەمەش هەوڵێکی جدیە بۆ سوڕانەوە لەو بارودۆخە ناهەموارەی کە گەلی عێراق بە دەستییەوە دەناڵێنێت و زۆربوونی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری عێراق و پاشەکشەی توندی سومعەی سیاسی لە کۆمەڵگادا، ئایا ئەم بابەتە نوێیانە ڕزگاری دەکەن کە ئەندامێکی حزبی شیوعی عێراق(هەلهەلەی) بۆ لێدا بەر لەوەی یەقین بێت لە ڕەفتاری کردەوەیی سیاسی مالیکی دوای ئەزموونە تاڵەکانی حەوت ساڵی ڕابردوو لەگەڵ خودی خۆی؟ ئایا ئەمە ناوهێنانی لیستەکەی بە (دەوڵەتی قانون) مان بیر ناهێنێتەوەو دواتریش کودەتای لەسەر یاسا و دەستوور کرد؟

حزبی شیوعی و دەزگای مەدا هەندێك قوربانی سەرپێچییەکانی سەر ئازادییەکان و یاسا بوون. ئایا ئەوەمان بیر ناهێنێتەوە کاتێك سەدام حوسێن دەیوت ئامادەیە سواری هەموو شەپۆلەکان ببێت چ ڕاست یان چەپ بن، بەڵام لەدەسەڵات بمێنێتەوە و شتەکان بە دەست خۆی بن؟ هیوادارم کارەکان بەو شێوەیە نەبن. بەڵام .!!

پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئامانجی خەباتی هێزە دیموکراسییەکان تەنیا گۆڕینی مالیکی نییە وەك کەس، سەرەڕای ڕەفتارە ڕەتکراوەکانی، بەڵکو کارەکە خۆی لە گۆڕینی سیستمی سیاسی ئێستادا دەبینێتەوە کە لەسەر بناغەی موحاسەسەی تائیفی و ئیتنی دژ بە چەمکی هاووڵاتی بوونی ئازاد و یەکسان بونیادنراوە، کێشەی ئێستا بە لێدوانەکانی مالیکی چارەسەر ناکرێت کە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەفدی حزبی شیوعی ڕایگەیاند و موژدەی بە هاوڕێ موفید

**خودی مالیکی سەرپێچی کرد لە سەربەخۆیی دەزگا سەربەخۆکان سەرەڕای پاراستنیان لەلایەنی دەستوورییەوە و نەیتوانی بێکاری کەم بکاتەوە کە دوو دیاردەی فراوان و نووساون بە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

**ئامانجی خەباتی هێزە دیموکراسیەکان تەنیا گۆڕینی مالیکی نییە وەك کەس، سەرەڕای ڕەفتارە ڕەتکراوەکانی، بەڵکو کارەکە خۆی لە گۆڕینی سیستمی سیاسی ئێستادا دەبینێتەوە کە لەسەر بناغەی موحاسەسەی تائیفی و ئیتنی دژ بە چەمکی هاووڵاتی بوونی ئازاد و یەکسان بونیادنراوە**

**مالیکی هەندێك وتەزاو و لێدوانی دووپات کردنەوە کە تەنیا لە وتاری سیاسییە چەوسێنەرەکانی دنیا دەبینرێن زۆربەی هاووڵاتیانی وروژاند، بۆ نموونە کاتێك**



عەبدولڕەحمان سدیق

**سەرەڕای سەرنەکەوتنی لە بەڕێوەبردنی حکومەت و کۆمەڵگاو تاکڕەویی لە دەسەڵاتداو دەستپێکردنی سیاسەتێکی چەوسێنەرانە لە ڕێگای دەزگا ئەمنییەکانی، ئەوەی لەدوای مالیکی دێت لەوانەیە هەر لەلایەن هاوپەیمانی نیشتیمانی کاندید بکرێت بۆ ئەم مەبەستە، لە مالیکی باشتر نەبێت**

چونکە هەر زوو مالیکی لێیان هەڵدەگەڕێتەوە ئەگەر واز لە خودی سیستمی تائیفی نەهێنێت، بەر لە چەند هەفتەیەك دژی هێزە دیموکراسی و علانی و شیوعی و هاوچەرخیەکان وەستا و هەرەشەی ئاشکرای لێکردن لە وتارێکی لە نەجەف.( فما حدا مما بدا!)

چاوپێکەوتنی حزب و هێزە سیاسیەکان و کەسایەتییە بەرپرسەکان کارێکی ئاساییە و پێویستە هەبێت، چونکە دیالۆگ پێویستە لەنێوان هێز و حزبە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان، وهیچ نەنگی یان تۆزاوییەك نییە لەسەر چاوپێکەوتنی وەفدی حزبی شیوعی عێراقی و مالیکی و سیاسەتمەدارانی دیکە و مادام کارەکە لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی پێویستە لە عێراق ناکرێ دیالۆگ بوەستێت و بێ دیالۆگ هیچ گرفتێك لە عێراق چارەسەر ناکرێت.

بەڵام پێویستە مرۆڤ دووجار لە یەك بەردی بەر نەکەوێت، ئەوەتا مالیکی چەند جارێك بەهێزە سیاسییەکانەوە دەدات بەتایبەتی هێزەکانی ڕەوتی دیموکراسی، هیوادارم بەهیچ شێوەیەك دەرفەتی ئەوەی نەبێت لە یەك کاتدا بە حزبی شیوعی عێراقی یان هێزەکانی ڕەوتی دیموکراسی و کۆمەڵگا بداتەوە لە یەك کاتدا، چونکە ئەو نەهجە نوێیەی خستویتیە ڕوو سەیرە لە حزبی دەعوەی ئیسلامی لە سیاسەتەکانی لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوو بەلایەنی کەمەوە، ئەوەندە بەس نییە هەماهەنگی کۆنی بیر حزبی شیوعی و حزبی دەعوە بهێنینەوە یاد لە ماوەیەکی کورتی خەباتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بەڵکو پێویستە ئەوەشمان لەیاد بێت بەر لە ماوەیەکی کەم «خەباتیان»مان هێنایەوە یاد بۆ ریشەکێش کردنی علمانیەت و و حەداسەت و ئیلحاد و مارکسیەت و هتد.. ئەوەندە بەس نییە کە هەماهەنگیمان لەگەڵ حزبی بەعس بهێنینەوە یاد لە ساڵانی ١٩٦٥/١٩٥٥ کاتێك ئامرازێکی چاپکردنمان پێ بەخشین، چونکە لە یادمان چوو ئەوەی حزبی بەعس و سەرکردەکانی لە ساڵی ١٩٦٣ بە ئێمەیان کردو دواتر هاوپەیمانیمان لەگەڵی کرد لە ١٩٧٣/١٩٧٢.

من لەوانە نیم کە بانگەوازی لادانی مالیکی دەکەن و بە پێویستی دەزانن، سەرەڕای سەرنەکەوتنی لە بەڕێوەبردنی حکومەت وکۆمەڵگا و تاکڕەویی لە دەسەڵاتدا و دەستپێکردنی سیاسەتێکی چەوسێنەرانە لە ڕێگای دەزگا ئەمنییەکانی، چونکە ئەوەی لەدوای ئەو دێت لەوانەیە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتیمانی کاندید بکرێت بۆ ئەم مەبەستە، لە مالیکی باشتر نابێت، بەتایبەتی ئەگەر کەسێکی سەدرییەکان یان ئەگەر ئیبراهیم جەعفەری کاندید بکرێت، بەڵکو پێویستە جەخت لەسەر گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم چوار هەنگاوە:

١- ئەنجامدانی هەموارکردنی جدی و پراکتیکی لە یاسای هەڵبژاردنەکان.

٢- دانان و پەسەند کردنی یاسایەکی دیموکراسی هاوچەرخ بۆ حزبە سیاسییەکان لە عێراق.

٣- دانانی یاسایەکی دیموکراسی و تەندروست بۆ ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەنووسان.

٤- کامڵ کردنی بونیادی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ دووپات کردنەوەی سەربەخۆیی.

پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنوکراتی سەربەخۆ بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستکەوتێکی دیموکراسی دەبێت بۆ هەمووان.

پێویستە وریا بین لەوەی کە لە کەرتەکانی پەروەردە وخوێندن و ڕاگەیاندن وبە ڕۆشنبیری کردن بە ڕۆشنبیری زەرد ڕوودەدات و ئەوەی لە قووڵ کردن و توند کردنی جەمسەرگیری تائیفی بە کردار لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕوودەدات لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتیمانی و لە هێزە چەکدارەکان، دەبێ بەشێوەیەکی باش لە ئێستا و داهاتوودا لەوە تێبگەین کە زۆر لە هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان و بەهاوکاری وڵاتانی دەوروبەر دەیانەوێ عێراق بەرەو کوێ بەرن، ئەگەرچی ئاڕاستەکانیان جیاوازو دژ بە یەکیش بن، بەڵام لە دەرەنجامدا بکوژی ناسنامەی هاووڵاتی بوونی ئازاد و یەکسانخوازیی عێراقیەکانە.

هیواخواز بووم هاوڕێ موفید جەزایری پەلەی لە کارەکان نەکردایە و کەمێك ئارامی بگرتایە، چونکە ئەو بەیاننامەیەی حزب کە دەریکرد دەربارەی چاوپێکەوتنەکەو ئەوەی هەردوو لا خستیانە ڕوو بەس بوو، چونکە هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکە بە چاوپێکەوتنێك یان لێدوانێکی لەو جۆرە نابێت، حزبی شیوعی تەجروبەی دەوڵەمەندو تاڵی بینیوە لە هاوپەیمانیەتی سیاسی، بۆیە بە دووری دەزانم سوودی لە تەجروبەکانی رابردوو وەرنەگرتبێت، پێویستە لەسەر حزب سیاسەتی خۆی هەماهەنگ بکات لەگەڵ هێزەکانی کۆی ڕەوتی دیموکراتی لەو بارودۆخەی کە لە بەرژەوەندی ڕەوتەکەدایە بەتایبەتی حزبی شیوعی عێراقی پێویستی بە ورد بوونەوەی زیاتر و ئارامگرتن و سوودوەرگرتن لە تەجروبە وپەندەکانی دەیەکانی رابردوو هەیە. نابێ بوەستێ لە چالاك کردنی بزووتنەوەی نارەزایی جەماوەری لەسەر سیاسەتە هەڵە و خراپەکانی ئێستا، چونکە لە بزووتنەوەی جەماوەریدا هێزی ڕەوتی دیموکراتی و توانای (تەعبیئە) کردن هەیە لە بەرژەوەندی چینەکانی کۆمەڵگاو داوا ڕەواکانی کە ئێستا ژێردەستن، هیوادارم لێدوانەکانی موفید جەزائیری کاریگەری سلبی نەبێت لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایی جەماوەری و نەوەستێنرێت کە لە ماوەی رابردوودا بەرز بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

هیوادارم دروشمێکی گرنگ و سەرەکی ڕەوتی دیموکراسی لەم قۆناغەدا بەرز بکرێتەوە کە هەنگاوی زۆری بەرەو پێشەوە بریوە ئەویش:» ڕێکخستنی بزوتنەوەی نیشتیمانی و ڕەوتە دیموکراتییەکەی بەهێزتر بکەن، هەموو حزبە بەشداربووەکانی ناوی بەهێزتر دەبن».

# با لەئێستاوە خۆمان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئامادە بکەین



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان نووسیویێتی

زۆربــەی کات و هەتــا بەئەمـــڕۆش دەگات، پرۆســەی هەڵبژاردن لەســەر ئاســتی عێراق بۆ ئێمەی کورد مەســـەلەیەکی چارەنووســـاز بووەو، واپێویســـتی کردووەو واش پێویســـت دەکات کەپیرو لاوو، پیـــاوان و ئافرەتانی کوردســـتان بەجیاوازیی بیـــرو بۆچوونی سیاســـیی و ئایدیۆلۆژییانەوە ڕوو لەســـندوقەکانی دەنگدان بکەن و، بەجیا لەوەی کە هەڵبژاردن مافێکی دەستووریی هەریەکێکیانە، ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنانە بکەنە کەرنەڤاڵێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی.

ئێمـــە بـــۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتـــووی عیراق بەشـــێوەیەکی گشتیی پێویســـتیمان بەچەند خاڵێك هەیە لەوانە:

**یەکەم:** بەشداربوون لەپێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی بێلایەن و کارای هەڵبژاردن لەعیراقدا.

**دووەم:** دەرچواندنی یاســـای حزبە سیاســـییەکان لەعیراقدا، یاسایەك کە گونجاوو سەردەمییانە بێت.

**ســـێیەم:** هەمووارکردنـــەوەی یاســـای هەڵبژاردن لەعیراقـــدا، بەئاراســـتەی زامنکردنـــی عەدالەت لەنێوان پارێزگاکاندا.

لێـــرەوە — وەك ئاماژەمـــان پێکرد - ئەگەرچی پرۆســـەی هەڵبژاردن مافێکی دەســـتووریی هەر هاووڵاتییەکە، بەڵام لەهەمان کاتیشـــدا ڕەهەندێکی سیاسیی و نەتەوەیی و نیشتمانییش لەخۆ دەگرێت، بەتایبەت لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا کە ڕەهەندەکانی قۆناغـــی ڕزگاریـــی نەتەوەییان پێـــوە دیارە، نەك ململانێی توندی سیاسیی نێوان خۆمان، کەهیچ کات لێی سوودمەند نەبووینە، بەتایبەت لەهەڵبژاردنەکەی ئاداری ســـاڵی (٢٠١٠) بۆ ئەندامانی پەرلەمانی عێـــراق، کاتێك حزبەکانی ئۆپۆزیســـیۆن هەریەکەو بەجیا دابەزین، بینیمان خۆشیان کورسییان بەدەست نەهێناو، دەنگەکانیشیان بەفیرۆ چوون، سەرئەنجام ژمارەی کورسییەکانی کوردستانیش لەو ناوچانەدا کەمی کرد.

بۆیـــە جێگـــەی خۆیەتی ئەو ڕاســـتییە دووبارە بکەینـــەوە کەناوچـــە دابڕێنـــراوەکان بـــۆ ئێمەی کوردستانیی شـــوێنی ململانێی سیاســـیی نێوان خۆمان نییە، بەڵکو بەرەی پێشەوەی ململانێی نێوان ئێمەی کوردســـتانیی و ئەوانی دیکەیە بەئاراستەی سەلماندنی ناسنامەی کوردستانێتی ئەو ناوچانەو، ڕەتکردنـــەوەی دووبەرەکیی لەنێوماڵـــی کورددا، هەوڵـــدان بۆ زیادکردنی دۆســـت و، کەمکردنەوەی نەیـــاران و، ناســـینی ئاســـتەنگە نێوخۆیـــی و نێودەوڵەتییەکانی ســـەر ڕێی ماددەی سەدو چل و، گەیشتن بە کۆ دەنگییەك بۆ چۆنیەتی نەهێشتنی ئەوئاســـتەنگانەو، داننـــان بەمافەکانـــی گەلانی دیکەی ڕەسەنی ناوچە دابڕێنراوەکان و، کارکردن بۆ ئایندەو، قوڵکردنەوەی کولتوری پێکەوە هەڵکردن و، بەشـــداریی پێکردنیان لە بەڕێوەبردن و ئیدارە کردنی ئەو ناوچانەداو، کارکردن بە ئاڕاستەی هێورکردنەوەو ڕەواندنەوەی ترســـی وڵاتانی دراوسێ و دەوڵەتانی پەیوەست بەدۆسیەی عێراقەوە .

بۆیە لەئێســـتاوە بـــۆ هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقیش لەداهاتوودا، واباشترە کە لایەنە کوردســـتانییەکان لەناوچـــە دابڕێنراوەکاندا بەیەك لیستی هاوبەش بەشداری بکەن و، بەیەك بەرنامەی بەهێزیش دابەزنە مەیدانی پێشبڕکێکە، بەرنامەیەك کە پێشکەشـــکردنی پرۆژە لەخۆ بگرێت نەك تەنیا بەرزکردنەوەی دروشم، بەرنامەیەك کە لێپرسینەوەی هەبێـــت لـــە کەمتەرخەمیـــی و گەندەڵکاریی و، لەخەمی بەســـەروەرکردنی یاســـاو یەکسان بوونی هەمووان لەبەردەمی یاســـادا بێت و، دەســـت بکات بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی خێرا جێبەجێکردنی بەڵێن و گفتەکان، بەمەبەستی بەهێزترکردنی متمانەی نێوان خەڵك و حکومەت .

لەپێناوی هەموو ئەمانەشـــدا، واباشە لەئێستاوە حزبـــە کوردســـتانییەکان لەناوچـــە دابڕێنراوەکاندا کۆبوونەوەی دەوریی یەك لەدوای یەکیان هەبێت و، خـــۆ دوور بگرن لەململانێی سیاســـیی و میدیایی و، واچاکە ڕاگەیاندنی حزبە کوردســـتانییەکان لەو ناوچانەدا کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشـــتن ئەنجـــام بدەن، چونکـــە ئەزموون ســـەلماندی کە هۆی ســـەرەکیی شکستمان لەهەر قۆناغێکـــدا ماڵ جیایی سیاســـیی و دووبەرەکیی نێوان خۆمان بووەو، سەرکەوتنیشـــمان هەمیشـــە لە ڕێکخســـتنی نێوماڵی سیاســـیی و یەکگرتنماندا بووە.

**حزبە کوردستانییەکان لە ناوچە دابڕێنراوەکان کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشتن ئەنجام بدەن. ئەزموون سەلماندویەتی هۆی سەرەکیی شکستمان لەهەر قۆناغێکدا ماڵجیایی سیاسیی و دووبەرەکیی نێوان خۆمان بووە**







# رژێمی ئەسەد لەدوایین قۆناخەکانی خۆ یەکلاکردنەوەدا

# سوریا دەکاتە گۆمی خوێن یان بیر لەهەڵاتن دەکاتەوە







ئەگەر ئـــەو هەواڵانە ئامـــاژە بەوە دەکەن ڕژێمی ئەســـەد ناچار بـــووە ئەو هێزانەی ماوەی نزیکەی ٤٠ ســـاڵە لەبەرزاییەکانی جۆلان دایناون و ئێســـتا دەیانگێڕێتەوە بۆ دیمەشـــق ڕاســـت بێت، ئەوە مانای ئەوەیە بەشـــار ئەســـەد بڕیاریداوە هەتـــا ئەگەر شـــەڕ بگاتە ناو کۆڵانی گەڕەکەکانی ناو دیمەشـــقیش ئەو دەستبەرداری دەسەڵات و کورسیەکەی نابێت و ئامادە دەبێت لەپێناوی مانەوەی خۆی هەموو شـــتێك بکات، ئەم بیرکردنەوەی ئەسەد لەگەڵ ئەوەی ئەگەری ڕووخانی ڕژێمەکـــەی کەمناکاتەوە، بەڵام ئەم جۆرە ڕووخانە باجێکی گەورە لەســـەر گەلی سوریا دروست دەکات، لەمەش خراپتر ڕووخانی لەم جۆرەی ڕژێمێك کە نزیکەی نیوســـەدەیە هەمـــوو دەنگێکـــی بێدەنگ کردووە و هەموو ئیمکانیەتێکی لەو ســـوپا و دەزگا ئەمنی و هەواڵگریانە خەرجکردووە بۆئەوەی ڕژێمەکەی بپارێزێت، ئەوا لەکاتی ڕووخانی لەو جۆرەدا هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت لەبەر یەك هەڵدەوەشـــێتەوە و دەبێتە هۆکاری ئـــەوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەســـەدیش شـــەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی تۆڵە ســـەندنەوە لەنێوان پاشماوەی ڕژێمەکە و ئەو تائیفە مەزهەبیەی کە سەر بەڕژێمی ئێســـتای ســـوریا ناســـراون کە مەبەسەت عەلەویەکانـــە ڕوودات و ســـوریا بکەوێتە بارودۆخێکەوە کە بۆ چەندین ساڵی دیکەش بەدەســـت ئەو گرفتەوە بناڵێنێت، هەربۆیە لەبارودۆخـــی لەم شـــێوەیە ئەوەی ئێســـتا لەناوخۆیـــی ســـوریا ڕوودەدات و ئەوەی لەناو ئەنجوومەنی ئاســـایش قسەی لەسەر دەکرێت و ئەو هەوڵانەشـــی کە دەدرێن بۆ ئەوەی هاوکاری ســـوپای سوریای ئازادی پێبدرێت بۆ ئەوەی چـــەك و تەقەمەنی و پشـــتگیری لۆجســـتیان بۆ دابین بکرێت، ئەمانە هەموویان پێکەوە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە، بیر لەهەمووشتێك کرابێتەوە، بەڵام بیر لەوە نەکراوەتەوە کە قۆناخی دوای ڕژێمی ئەســـەد، بارودۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت؟

**ئەسەد بەهاوشێوەی سەدام حوسێن ئامادە نابێت هیچ پێشنیارێك پەسەند بکات، تا ئەو لەدەسەڵاتدا نەمێنێت یان دوور بخرێتەوە**

**سیاقێکی ناوخۆیی لەئەمریکادا هاتۆتە ئاراوە کە ئۆباما پشتیوانیەکی جەماوەری لەدەست دەدا، ئەگەر لەشەڕێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوەبگلێت**

هەروەها بیر لەوە نەکراوەتەوە کە حکومەتێك لەســـەر بنەمـــای مافـــی هاوڵاتیبوون و داننان بەمافی کەمینـــەکان و ڕێزگرتنی فرەیی و هەمەڕەنگی کۆمەڵگەی ســـوریا پێکبهێنرێـــت، بۆئـــەوەی دوای ڕووخانی ئەم ڕژێمە، ئەو حکومەتە بتوانێت لەســـەر بنەمایەکـــی تەوافوقی نیشـــتمانی، باری سەقامگیری ســـوریا ڕابگرێت و لاپەڕەی زوڵم و زۆرداری کۆتایی پێبێت و ســـوریا بەرەو قۆناخێکی تازە هەنگاو هەڵبگرێت و بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێتەوە.

**ڕژێمی ئەسەد گۆشەگیر بووە**
**بەڵام هێشتا ڕووخانی ئاسان نییە**

لەســـەرو بەندی هەوڵـــە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕووخانی ڕژێمی ســـەدام حوسێن و بەعس لەســـاڵی ٢٠٠٣ لەعێراقـــدا، دەوڵەتـــی ئیماراتـــی عەرەبی پیشـــنیاری ئەوەی بۆ ڕژێمی بەعســـی عێراق کرد کە ســـەدام حوسێن و بنەماڵەکەی بەسەلامەتی عێراق بەجێ بهێڵن، بۆ ئەوەی عێراق ڕووبەڕووی شـــەڕ و کارەســـات نەبێتەوە، مەبەســـتی دەوڵەتـــی ئیمارات لەم پێشـــنیارە بۆ ئەوە بوو گواســـتنەوەیەکی ئاشتیانەی دەسەڵات لەعێراقدا ڕووبدات و کۆتایی بەدەسەڵاتی ســـەدام حوسێن و بەعس بێت، بەبێ ئەوەی عێـــراق ڕووبەڕووی ئەو هەموو کارەســـاتە ببێتـــەوە کە لە٢٠٠٣ـەوە تا ئێســـتا هەموو جیهان دەیبینێت، بەڵام وەك بینیمان ڕژێمی ســـەدام حوســـێن نەك هەر پێشـــنیارەکەی ئیماراتـــی گـــوێ لێنەگـــرت، بەڵکو ئەو پێشنیارەی بەجۆرێك لەسووکایەتی خوێندەوە و ئیعتیبـــاری بۆ دانەنان، ئێســـتا خەریکە هەمان سیناریۆ لەسوریاش دووبارە دەبێتەوە، لەو کاتەی ڕوسیا و چین پرۆژە بڕیارەکەی بەریتانیان ڤیتۆ کرد لەئەنجوومەنی ئاسایش دژی سوریا، لەهەمانکاتدا باڵیۆزی ڕوسیا لەفەرەنسا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە کە بەشـــار ئەســـەد ئامادەیە بەشێوەیەکی شارســـتانی دەســـەڵات بەجێبێڵێت، بەڵام پرســـیاری ســـەرەکی ئەوەیە ئایا بەشـــار ئەســـەد ئامادەیە بەشـــێوەیەکی شارستانی دەســـەڵات بەجێبێڵێـــت؟ یـــان لەمـــەش گرنگتر ئایا مەبەســـتی باڵیۆزی ڕوســـیا لەدەســـتبەرداربوونی شارستانیانەی بەشار ئەســـەد لەدەســـەڵات چیە؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە هەتا ئەگەر بەو مانایەش بێت کە لە٢٠٠٣ ئیمارات بۆ عێـــراق کردی، ئەوا هەموو ئاراســـتەی ڕووداوەکان پێمان دەڵێن کە بەشار ئەسەد ئەو پێشنیارە قبوڵ ناکات، ئەمـــە بەو مانایەی هەتا ئەگەر وازهێنانی ئاشتیانەی ئەسەد لەدەسەڵات بەو مانایەش بێت دوای ئەســـەد حزبی بەعســـی سوریا دەمێنێتـــەوە وەك حزبێك و بـــواری ئەوەی پێدەدرێت بەشـــداری لەدەسەڵاتیشدا بکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەوەی شـــرۆڤەوان و چاودێرانی ســـوریا دەگەنە دەرئەنجامێك ســـەبارەت بـــە ئاییندەی ســـوریا، هەموو

**بێ بینینی ڕۆڵی پێشەنگ و سەرکردە لەلایەن ئەمریکاوە هیچ کارێك بەم نزیکانە ئەنجام نادرێت**

بۆچوونـــەکان لەو خاڵـــەدا چڕدەبنەوە، کە ئەسەد بەهاوشـــێوەی سەدام حوسێن ئامادە نابێت هیچ پێشنیارێك پەسەند بکات، ئەگەر هەریەك لەو پێشنیارانە بەو مانایە بێن، ئەو لەدەسەڵاتدا نەمێنێت یان دوور بخرێتەوە، بۆیە هەموو هەوڵی ئێستای ئەسەد و ڕژێمەکەی لەو خاڵەدا چڕبۆتەوە کە بەهەر نرخێك بێت کورسی دەسەڵاتەکەی و کۆشکی کۆماری بپارێزێت و لەم پێناوەشـــدا پێشبینی هەموو ئەگەر و مەترسیەك دەکرێت، لەئێستاشدا کە بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی دوای کوشتنی ســـەرە نزیکەکانی دەســـەڵاتەکەی هەست دەکات نـــەك تەنیا لەبەر چـــاوی جیهان و گەلی سوریا، بەڵکو لەبەر چاوی ئەو بازنە بچووکەی لەدەوری خۆشـــیەتی گورزێکی گـــەورەی گورچکبـــڕی بەرکەوتـــووە، ئەمـــەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە بەشـــار ئەســـەد وەك بریندارێکی گۆشەگیر خۆی ببینێتەوە و ئەو پرســـیارانە بێنە ئاراوە ئایا لەم بارودۆخەکـــە بیر لەوە دەکاتەوە هەڵبێت و دەســـەڵات بەجێبهێڵێـــت؟ یان لەســـەر

بێدەنگیەکەی بەردەوام دەبێت؟ یاخود چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە تاوانی زیاتر دژی گەلەکەی خۆی بەرپا بکات؟ بۆ ئەم پرسانە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر تود تۆمسن بەرپرسی پرۆگرامی دیراساتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی قەتەر کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئەگەر راستگۆیانە قسە بکەین، ئەوا حاڵی حازر ئەوەی روودەدات کارەساتە، شەڕی ناوخۆیە و بگرە بارودۆخەکە لەشەڕی ناوخۆ پشێوترە، پێم وایە کارەسات باشترین دەستەواژەیە بۆ وەسفکردنی ئەوەی روودەدات.. بەڵام پرسیاری سەرەکی لەسەر ئەم بارودۆخە ئەوەیە ئایا بۆچی سەرۆك ئۆباما یان ئەمریکا بەرەسمی کارێکیان نەکردووە تاوەکو نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردان بکات، یاخود هەوڵێکی جیهانی نەخستۆتەگەڕ بۆ ئەنجامدانی جۆرێك

**زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێت کە بێ پشتیوانی ئاشکرا یاخود پشت پەردەی ئەمریکا بۆ موعارەزەی سوری رژێمی سوریا بڕووخێت**

لەدەستێوەردان. ئەمریکا لەشەڕی لیبیادا رۆڵێکی کەمتر سەرەکی بینی، بەڵکو بەریتانیا و فەرەنسا رۆڵێکی پێشەنگتریان هەبوو لەچوارچێوەی رێکخراوی ناتۆدا. ئەمریکا لەئاست بەهاری عەرەبیدا لەماوەی ساڵی ٢٠١١دا کاردانەوەی گەورەی نەبووە، لەم روانگەیەوە ئەم هەڵوێستەی ئێستای ئەمریکا لەئەنجامنەدانی هیچ کاردانەوەیەك و لە نەگرتنەبەری هیچ کردارێك شتێکی ناوازە نییە. بەبڕوای من ئەمریکا هەوڵیداوە تەرکیز لەسەر مەسەلەکانی دیکە بکات، سەرۆك ئۆباما زۆر پەرۆشە خۆی لەو شێوازی دەستێوەردانە بەدووربگرێت کە پەیوەست دەکرێتەوە بەئیدارەی سەرۆك بۆشەوە. کەواتە لەپێوەندیدا بەسیاسەتی ئەمریکاوە دەبێت لەسیاسەتی دەرەوەی دەیەی رابردوی ئەو وڵاتە بڕوانین، کە شەڕی ئەفغانستان و شەڕی عێراق هەبوو، بەڵام ئێستا هاووڵاتیانی ئەمریکا خۆیان زۆر سەرقاڵ ناکەن بەبیرکردنەوە لەهیچ یەکێك لەو دوو شەڕەوە. کەواتە ئەمە ئەو سیاقەیە

**پێویستە ئەمریکا بەئاشکرا و بەنهێنی بە بەشار ئەسەد رابگەیەنێت کە هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نییە بێجگە لەهەڵاتن بۆ شوێنێکی نادیار. ئەگەر نا هەمان چارەنووسی قەزافی و سەدامی دەبێت**

کە سەرۆك ئۆباما بڕیاری تێدا دەدات. کەواتە سیاقێکی ناوخۆیی لەئەمریکادا هاتۆتە ئاراوە کە ئۆباما پشتیوانیەکی جەماوەری لەدەست دەدا، ئەگەر لەشەڕێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوەبگلێت. هەروەها ئۆباما هەوڵدەدات خۆی لەبنەمایانە بەدووربگرێت کە جۆرج بۆش کردبوویە بناغەی کارکردنی، لەبەر ئەوە زۆر سڵەدکاتەوە لەوەی دەستێوەردان بکات. من دەزانم لەماوەی دە ساڵی رابردودا قسە و باسێکی زۆر کراوە لەبارەی بەرپرسیارێتی زیاتری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی بەئەرکی پاراستن هەڵبستێت، هەروەها لەبارەی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ رێگرتن لەم کارانە، بەڵام پێموایە بێ بینینی رۆڵی پێشەنگ و سەرکردە لەلایەن ئەمریکاوە هیچ کارێك بەم نزیکانە ئەنجام نادرێت. من واقیعی و راشکاوانە قسە دەکەم، پێموایە بێ ئەوەی ئەمریکا رۆڵێکی پێشەنگ ببینێت تەنیا لێدوان دەبیستین دەربارەی بارودۆخی سوریا و پشتیوانیکردن لەموعارەزە و هیچی تر، واتە هیچ کارێك ئەنجام نادرێت. هەروەها جێی سەرنج دەبێت ببینین چۆن بارودۆخەکە دەگۆڕێت، یاخود چۆن وەك خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت، ئەویش بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی ویکیلیکس دزەی پێکردوون لەساڵی ٢٠٠٦ەوە تاوەکو ئێستا)).

ئەوەی پرۆفیسۆر تود تۆمسن ئاماژەی پێکرد ئەو واقیعەیە کە هەتا ئێستا ئیدارەی ئەمریکی ناوێرێت بەهاوشێوەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش بڕیارێك لەدەرەوەی چەتری نەتەوە یەکگرتووەکان بدات، بەڵام پرسیاری دیکە کە دێتە پێشەوە ئەوەیە، ئایا دوای ئەوەی بارودۆخەکە هەڵکشا بۆ ئەوەی ئەگەری هەموو مەترسیەك بێتە ئاراوە. ئایا دیسان ئەمریکا و رۆژئاوا هەر لەسەر هەڵوێستی بێدەنگی خۆیان بەردەوام دەبن؟ ئەم پرسیارە ئەو پرسیارە گرنگیە کە ناوەندەکانی توێژینەوەکانی ئەمریکاش پێوەی سەرقاڵن، هەربۆیە رۆبەرت ساتلۆف بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك لەوتارێکیدا کە رۆژی ١٨ی تەمموز دوای تەقینەوەکانی دیمەشق و کوشتنی سەرانی نزیکی بەشار ئەسەد نووسیوویەتی، تیایدا راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە، کە دوای ئەم تەقینەوانە دەبێت ئەمریکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر دیمەشق بگۆڕێت و هەوڵبدات ئەم وەرچەرخانە لەئاستی کێشەکانی ئەو وڵاتە بقۆزێتەوە و جۆرێکی دیکە لەسیاسەت بەرامبەر ئەسەد دەست پێبکات و لەمبارەوە نووسیویەتی و دەڵێت: (دەبێت ئەمریکا ئەو تەقینەوانەی ئەم دواییە کە بازنەی ناوخۆیی دەسەڵاتی ئەسەدی گرتۆتەوە بەهەل وەربگرێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ کۆتایی ئەسەد و هەروەها دەبێت رێگری لەوە بکات کە خراپتر لەدوای ئەم رووداوانە روونەدەن)).

کەواتە ئەم چەند دێڕەی ستروب تالبوت ئاماژەیە بۆئەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەبازنەی ئەسەد روودەدەن، مەترسی ئەوەی لێ پێشبینی دەکرێت کە رووداوەکان مەترسی خراپتر بەدوای خۆیاندا بێنن، ئەو مەترسیانەش وەك پرۆفیسۆر مایکل ئایزنشتات بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی ئاسایش و سەربازی لەئامۆژگای واشنتۆن ئاماژەی پێکردوون، مەترسی بوونی ئەو هەموو چەکە (کیمیایی)یەیە کە رژێمی ئەسەد هەیەتی و وەك باڵیۆز سەمیر نەوافی باڵیۆزی پێشووی رژێمی

**لەئەمریکا دوودڵیەك هەیە لەم بارەیەوە. لەبەر ئەوەی نیگەرانن لەوەی ئیسلامیەکان بێنەسەر دەسەڵات. ئەم نیگەرانیە لەئاست لیبیادا هەبوو. بەڵام لەهەمان کاتدا بەرهەڵستیەکی جیهانی گەورە هەبوو لەبەرامبەر قەزافیدا**

تود تۆمسن بۆ گوڵان:

# کارەسات باشترین دەستەواژەیە بۆ وەسفکردنی ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات

ڕایگەیاندووە، ئەگەر ڕژێمی ئەسەد گەمارۆ بدرێت، ئەوا هیچ دوورنییە کە بەکاریان بهێنێت، ئەمەش کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەڵەی گەورە ئەوە دەبێت کە چاوەڕێ بکرێت بەشار ئەسەد چۆن ڕەفتار دەکات، ئەمە لەکاتێکدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاستی توندوتیژی و ڕەفتاری کۆمەڵکوژی ڕژێمی ئەسەد دژی گەلەکەی لە بەرزبوونەوەدایە.

## ئۆپۆزسیۆنی سوریا و تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە ئاڵۆزە

ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەتوانێت دەستێوەردانی سەربازی بکات بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، ئەوا بەئاسانی دەتوانێت هاوکاری ئۆپۆزسیۆن بکات و لانی کەم لەسەر پرۆژەیەکی ئایندەی بۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ڕێکیان بخات، پرۆفیسۆر ڕۆبەرت ستالۆف لەدرێژەی وتارەکەی و سەبارەت بەگۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای سوریا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، قۆناخی نوێی بارودۆخی سوریا بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرێت بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان ڕژێمی ئەسەد و چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، ئەم شەڕەش لەوانەیە قۆناخێکی یەکلاکەرەوە بێت لەسوریادا، بۆیە پێویستە لەسەر ئەمریکا قۆناخی وتووێژە بێ ئاکامەکانی ناو ئەنجوومەنی ئاسایش بگوازێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لەم بارودۆخە و هەوڵی ئەوەبدات دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد پاشاگەردانی و کارەساتی تۆڵەسەندنەوە و شەڕی خوێناوی دیکە دروست نەبێت، بۆ ئەمەش چەند پێشنیارێکی خستۆتە ڕوو لەوانە:

١- پێویستە ئەمریکا بەئاشکرا و بەنهێنی بە بەشار ئەسەد ڕابگەیەنێت کە هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدانییە بێجگە لەهەڵاتن بۆ شوێنێکی نادیار، ئەگەر نا هەمان چارەنووسی قەزافی و سەدامی دەبێت.

٢- هەوڵبدرێت بەنهێنی بەئێران و ڕوسیا ڕابگەیەنرێت ئەو هێزەی لەسوریا ماویانە بیکێشنەوە و نەمێنێ.

٣- بەهاوکاری لەگەڵ سعودیە و تورکیا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، ئۆپۆزسیۆنی سوریا(سەربازی و مەدەنی)ی پێکەوە کۆبکاتەوە و ئامادەباشی بکرێت بۆ قۆناخی دوای ئەسەد.

٤- ئۆپۆزسیۆن بەهاوکاری لەگەڵ کۆمکاری عەرەبی و تورکیا، هەوڵبدات بەیاننامەیەك دەربکات و تیایدا زامنی مافی کەمینەکان و پاراستنیان لەئەستۆ بگرێت و پابەندبوونی خۆی بەمافی ئەوانەوە ڕابگەیەنێت.

ئەوەی ڕۆبەرت ستالۆف ئاماژەی پێکردوون و وەك پێشنیار دەیخاتە بەردەم ئیدارەی سەرۆك ئۆباما، ڕاشکاوانە ئاماژەیە بۆئەوەی کە هەتا ئێستا بەرنامەیەکی ستراتیژی بۆ ئەو هەنگاوانە لەبەرچاو نەگیراون و هەوڵنەدراوە کە ئاراستەی وتووێژەکان لەوتووێژە بێ ئاکامەکانی ناو ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بگوازرێنەوە بۆ سوود وەرگرتن لەگۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، بۆیە لەمبارەوە و لەدرێژەی ئاخاوتنەکەیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر تود تۆمسنیش بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ خستینە ڕوو گووتی: (حاڵی حازر پرۆسەیەکی سیاسی لەئارادانییە بۆئەوەی دەستا و دەستی دەسەڵات بکرێت، یاخود ڕژێمی ئێستا بەئاسانی دەستەربەردای دەسەڵات بێت. ئێمە هیچ هەوڵێك نابینین هاوشێوەی ئەوەی لەیەمەندا ڕوویدا، کە بریتی بوو لەدەستاودەستکردنێکی لەسەرخۆ و توندوتیژانە. کەواتە لەئێستادا



هەوڵێکی سیاسی لەئارادانییە، بەڵکو توندوتیژی بەتوندوتیژی وەڵام دەدرێتەوە. من دەزانم گفتوگۆ کراوە و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵیداوە بەرەوپێشچوونێك لەگفتوگۆکاندا بهێنێتەدی، بەڵام پێموانیە ئەوە هەوڵێکی واقیعی بێت و جێی ئومێد بێت لەئێستادا، کەواتە ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، ئەمە تا ڕاددەیەکی گەورە ململانێیەکی سەربازیە و شەڕێکی سیاسی نییە.. ئەوەی جێی سەرنجە لەم شەڕ و ناکۆکیەکەدا ئەوەیە لەهەندێ ڕووەوە وەك دەرفەتێك بۆ شەڕی بەوەکالەت لێی دەڕوانرێت، بۆ نموونە لەنێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و ڕەنگە لەگەڵ ئێران و هاوپەیمانەکانی، بەڵام پێناچێت لەئێستادا ئەمریکا ئیرادەی یان ئارەزووی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کراوە بکات، یان هەوڵی دابینکردنی پشتیوانیەکی چەشنی ئەوەی لیبیا بدات.. کەواتە لەئەمریکا دوودڵیەك هەیە لەم بارەیەوە، لەبەر ئەوەی نیگەرانن لەوەی ئیسلامیەکان بێنەسەر دەسەڵات. ئەم نیگەرانیە لەئاست لیبیادا هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرهەڵستیەکی جیهانی گەورە هەبوو لەبەرامبەر قەزافیدا. هەروەها فەرەنسا و بەریتانیا پتر کۆششیان کرد، هەروەها لەرووی لۆجیستیشەوە کارەکە ئاسان بوو، لەبەر ئەوە ئەمریکا هەندێ هاوکاری و یارمەتیدان. کەواتە دەتوانین بڵێین لەماوەی دەیەی ڕابردوودا، پشتیوانی نەکردنی جەماوەری لەدەستێوەردان لەکاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، فاکتەری یەکەم بووە- بۆ ئەوەی دەستێوەردان نەکرێت لەدۆخی سوریا-، فاکتەری دووەم نیگەرانیە لەبەرامبەر ئەو لایەنەی دوای ئەسەد دەسەڵات دەگرێتەدەست و ئایا ئەمە بۆ ئەمریکا چ دەگەیەنێت. کەواتە من هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەمە مایەی کێشەیە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بڕیار لەبارەی بارودۆخەکەوە بدەن، یاخود دەیانەوێت پشتیوانی و هاوکاری موعارەزە بکەن. هەربۆیە ئەگەر لەئەزموونی لیبیا بڕوانین، ئەوا لەو وڵاتەدا ئەنجومەنی نەتەوەیی ئینتیقالی هەبوو، هەروەها ناکۆکیی ئیقلیمی هەبوو لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، کە ئەمەش پرسێکی گرنگ بوو و کاریگەری هەبوور لەسەر بارودۆخی سوریا،.....بەڵام موعارەزەی لیبیی توانیتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خۆی یەکبخات و ئەمەش

هاوكار و یارمەتیدەر بوو لەوەی گرووپەكانی موعارەزە پشتیوانی ڕەسمی بەدەست بهێنێت لەڕێكخـــراوی ناتۆوە. هەروەهـــا لەحاڵەتی میسردا مورسی و ئیخوان موسلمینمان بینی، بەلای كەمەوە لەســـەر ئاســـتی خیتابیان- هەروەها لەیەكێك لەحاڵەتەكاندا ئیخوانەكان دانیشـــتینان لەگـــەڵ قیبتیەكاندا كرد- بۆ ئەوەی بگەنـــە ڕێككەوتنێـــك لەگەڵیاندا، هەروەها بۆئـــەوەی خەڵكانی دیكە لەخۆیان كۆبكەنـــەوە، تاوەكو ئەوە بســـەلمێنن ئەوان كەسانێكی جێی متمانەپێكردنن، یاخود ئەوان تەنیا نوێنەرایەتی دەنگدەرانی خۆیان ناكەن، واتە هەوڵدەدەن گروپ و ئایینیە جیاوازەكانی كۆمەڵگەی میســـری لەخۆیان كۆبكەنەوە. كەواتە ئەمە مەســـەلەیەكی زۆر گرنگە بۆ هـــەر موعارەزەیەك كە ئەم كێشـــە ئاڵۆزانە چارەســـەربكات، لەپێوەندیـــدا بەكەمینەكان و لەخۆگرتنـــی كەمینەكان و یەكخســـتنی پەیامیـــان، كە ئەمەش دەبێت بەشـــێوەیەك بكرێت ڕژێمەكەی ئەسەد گۆشەگیربكرێت، چونكـــە یەكنەگرتنی گروپەكانی موعارەزە دەبێتەهۆی دواخستنی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆیـــان، لەبەر ئەوە دەكرێت ئەمە بەســـێیەم گەورەترین فاكتەر دابنرێت لەم ڕووەوە)).

## سوریا و ململانێ نێودەوڵەتیەكان جێگرەوەی ڕژێمی ئەسەد

چارەسەركردنی كێشەی كورد لەسوریای پاش ئەســـەد یەكێك دەبێت لـــەو خاڵە گرنگانەی كە ئاییندەی سیاســـیی ئـــەو وڵاتە دیاری دەكات، ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە ئەگەر دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەســـەد و دامەزراندنەوەی حكومەتی نوێ نەخشەیەكی ڕێگە نەبێت كە پێش ڕووخانی ئەســـەد هەموو پێكهاتەكانی سوریای ڕازی كردبێت، ئەوا دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد جۆرە ئاڵۆزییەك دروست دەبێت كـــە نەتوانرێت كۆنتـــرۆڵ بكرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئۆپۆزســـیۆن پێش ئەوەی بگاتە دەسەڵات و بۆئەوەی جۆرە یەكرێزیەك دروست بـــكات، هەموو هەنگاوێـــك هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی پشتیوانی و لایەنگیری بكرێت، بەڵام لەئێســـتادا ئەوەی لەئاســـتی ئۆپۆزسیۆنی ســـوریا دەبنیرێـــت هەســـت دەكەیـــن هیچ بەرنامەیەكی سیاســـیانەی ڕاشكاوانە بەدی ناكرێت بۆ ئەوەی وەك كوردی سوریا هەست بكرێت كە دوای ڕووخانی ئەســـەد، كێشەی كورد بەشـــێوەیەكی ســـەردەمیانە چارەسەر دەكرێت، هەربۆیە ئەوەی بۆ ئاییندەی سوریا لەهەموو شـــتێكی دیكە گرنگتـــرە ئەوەیە، ئایـــا دوای ڕووخانی ئەســـەد ئـــەو وڵاتە چۆن حكومڕانی دەكرێـــت و چۆن پێكهاتە جیاوازەكانی سوریا بەمافەكانی خۆیان شاد بن، ئەم حاڵەتەدا لەبەشێكیدا حاڵەتی عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنمان بیر دێنێتـــەوە، لەكاتێكدا كورد ڕۆڵێكی گرنگی لەڕووخانی ڕژێمی پێشوودا بینی، بەڵام وەك ئێستا دەبینین هەر ئەو ئۆپۆزسیۆنەی دوێنێ ئەمڕۆ دژی مافەكانی كورد ڕاوەستاوەتەوە، بۆیـــە لـــەم حاڵەتـــەدا كە ناوچەكـــە بەرەو دابەشـــبوونێكی زۆری نێودەوڵەتی هەنگاو هەڵدەگرێـــت و ســـوریاش خەریكـــە دەبێتە ســـەنتەری ئـــەو ململانێیە، ئـــەوە گرنگە بەجددی هەڵوەستە لەسەر ئەم لایەنە بكرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیاریمان لە پرۆفیسۆر عەبدولســـەلام مەغراوی ئوستادی زانستی سیاســـەت لەزانكۆی دیـــوك و تایبەتمەند لەپرسی سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كـــرد و بەمجـــۆرە ڕای خۆی بـــۆ گوڵان دەربڕی و گووتی: (لەبەر چەند هۆكارێكی



عەبدولسەلام مەغراوی بۆ گوڵان:

**تا ڕاددەیەكی گەورە ئەمریكا كاردانەوەی بەرامبەر ڕووداوەكان هەیە لەبری ئەوەی خۆی ڕووداوەكان دروست بكات**

مێژوویی و جیوستراتیجی جۆراوجۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بۆتە ســـەنتەری ڕكابەری هێزە نێودەوڵەتیـــەكان و ململانێی نفوز و دەستڕۆیشـــتوویی ناوچەیی. شەڕی ســـاردی نێوان هێزەكانی ڕۆژئاوا و یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو بەباشـــی ئەو دۆخە ڕوون دەكاتەوە. هەرچۆنێك بێت لەئێستادا، دۆخەكە هەندێ ئاڵۆزترە. سێ ئاڵوگۆڕی بەرفراوان ڕوودەدەن: هێز و دەستڕۆیشـــتوویی ئەمریكا لەناوچەكەدا لەپاشەكشەدایە. چین و ڕوسیا، هەروەها هێزی ناوچەیی نوێ، بەچەشـــنی ئێران و توركیا، ململانێ دەكەن لەسەر گێڕانی ڕۆڵی گرنگتـــر. بەهەمان شـــێوە خەڵكی ناوچەكەش پتـــر ئامـــادەی خۆبەختكردنن بۆ ڕووخاندنی حكومڕانـــە تاكڕەوەكان، كە ئەگەری ئەوە هەیە ئیســـلامیەكان بێنەسەر دەسەڵات. پێدەچێت پێوەندیەكانی هێز لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی بەئاڕاستەیەكدا بڕوات كە تێیدا ئەمریكا دەستڕۆشـــتوییەكی كەمتری هەبێت. لەئێســـتادا، تا ڕاددەیەكی گەورە ئەمریـــكا كاردانەوەی هەیە بەرامبەر ڕووداوەكان لەبـــری ئەوەی خۆی ڕووداوەكان دروســـت بكات. بەڵام نابێت موبالەغەبكرێت لەپێوەندیدا بەكەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەمریـــكا. لەلیبیـــا، ســـوریا و میســـردا خۆگونجاندنی ئەمریكا فاكتەرێكی گەورەیە. هێشتا ئەمریكا دەتوانێت دەستڕۆیشتوویەكی زۆر بەكاربهێنێت بۆئـــەوەی گۆڕانكاریەكان بەئاڕاستەیەكی دیاریكراودا بشكێنێتەوە. بۆ نموونە، زۆر زەحمەت بوو پێشبینی ئەوە بكرایە ناتۆ بێ پشتیوانی ئەمریكا دەیتوانی زاڵبێت بەســـەر قەزافیدا، بەهەمان شـــێوە زەحمەتە پێشبینی ئەوە بكرێت كە بێ پشتیوانی ئاشكرا یاخود پشت پەردەی ئەمریكا بۆ موعارەزەی سوری ڕژێمی ســـوریا بڕووخێت. هەربۆیە ئەگەر لەساتێكی هەستیاردا ئیدارەی ئۆباما پشـــتی لەموبارەك كردبێت و بەناڕاستەوخۆ داوای لەموبارەك كرد دەســـەڵات جێبهێڵێت، ئەوا ئەمە ئاگادار كردنەوەیەكی تاڵ بوو بۆ سعودیەكان. بەدەربڕینێكی دیكە، ڕۆژێك دێت ڕووبەڕووی هەمان ئەگەر دەبنەوە. دووەم، بۆ سعودیە، ڕەهەندی شـــیعە لەمەسەلەكاندا و نیگـــەران بوون لەبارەی پێگـــەی ناوچەیی ئێرانەوە لەدوای ڕووخانی سەددام حوسێنەوە، وای كـــردووە دۆخەكە پتر مایەی نیگەرانی بێت)).

# سووریا بۆتە بووکەشووشەی ماتریوشکا



دۆغو ئەرگیل*

مانگانە تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

چەند مانگێك پێشتر بڕیار لەسەر ئەو سەردانە درابوو کە بەم دواییە سەرۆك ڤلادیمیر پۆتین لە ٢٥ی حوزەیراندا بۆ ئیسرائیل کردی، بەڵام هاتنە پێشەوەی پەرەسەندنی نوێ، وەك خستنەخوارەوەی فڕۆکە تورکیەکە، گرنگی ئەو سەردانەی زیاتر کرد، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی پشتیوانی ڕووسیا بۆ ڕژێمی دەسەڵاتداری سووریا.

چاودێران باس لەوە دەکەن هەریەك لە ئیسرائیل و ڕووسیا کارنامەی جیاوازیان هەیە لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، کە ئەمەش وا دەکات خۆیان لە هەر ڕووبەڕوونەوەیەکی گەورە لەگەڵ یەکتردا لابدەن.

یەکێك لەو شوێنانەی بۆتە جێی بایەخی هەردوولاوڵاتی ئازەربایجانە. بە چەشنی ڕووسیا ئیسرائیلیش چەکێکی زۆر بەم وڵاتە دەفرۆشێت بۆ ئەوەی لە هەر کردەوەیەکی سەربازیدا دژی ئەرمینیا بەکاری بهێنێت تاوەکو ئەو خاکە لەدەستچووە بگەڕێنێتەوە کە هێشتا لە ژێر داگیرکاری ئەرمینیادایە. باس لەوە دەکرێت ئیسرائیل بەلای کەمەوە بنکەیەکی ئاسمانی لە ئازەربایجان بەدەستهێناوە کەلەوێوە ئۆپەراسیۆنی ڕوماڵکردنی ئاسمانی ( استطلاع) دژی ئێران ئەنجام بدات. ڕەنگە ئەو بنکەیە وەك پێگەیەك بەکاربهێنرێت بۆ هەر هێرشکردنێك کە لە ئایندەدا بکرێت بۆ لەناوبردنی توانا ناووکیەکانی ئێران کە ڕوویان لە زیادبوونە.

ئازەربایجان و ئەرمینیا لە ڕووی تەکنیکیەوە لە حاڵەتی شەڕدان، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکە لە ئیسرائیل و ڕووسیا پێوەندییان لەگەڵ ئەم دو وڵاتە باشە. بەڵام بەرژەوەندیەکانیان ناکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ یەکدا. ئێران بۆتە کابووسی ئیسرائیل بەڵام ڕووسیا نایەوێت هیچ وڵاتێك هەڕەشە لە یەکێتی ئێران بکات. هەروەها بەرژەوەندی هاوشێوەیان هەیە لە سووریادا، ئەگەرچی ئەجێندای جیاوازیشیان هەیە.

هەمیشە ڤلادیمیر پۆتین گوزارشتی لە داخ و حەسرەتی خۆی کردووە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت وەك هێزێکی گەردوونی کە هاوسەنگی دەسەڵاتی جیهانی دەپاراست. کەواتە پێویست بە چەقە هێزێك دەکات بۆ ئەوەی ببێتە پارسەنگێك و هاوسەنگی هێزو دەستڕۆیشتوویی تاکلایەنەی ئەمەریکا ڕابگرێت، کە درێژبۆتەوە بۆ زۆنی ئەمنی ڕووسیا لە ناوچەی بەڵتیق، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیا. لەم ڕووەوە هەم ئەمەریکا و هەم ناتۆ دەستیان هەبوو لە هەرەسپێهێنانی یەکێتی سۆڤیەتدا کە بەڕێز پۆتین پەرۆشی پێکهانەوەیەتی، هەروەها تۆمەتبارن بە گەمارۆدانی ڕووسیای فیدراڵی لە ئێستادا. لەم ڕوانگەیەوە، ئەمەریکا و ناتۆ ڕکابەری-دوژمنی- ڕووسیان. هەر لەبەر ئەمەش ڕووسیا پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ هەریەکە لە ئێران و سووریا وەك بەشێك لە پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و ئیحتیواکردنی ئەمەریکا سەیر دەکات.

ئایا ڕووسیای ئێستا بە چەشنی یەکێتی سۆڤیەتی جاران هێزێکی ئیمپریالیستیە؟ نەخێر، بەڵام ئامانجی پۆتین جێ پێ قایمکردن، یاخود باڵادەستبوون نییە بەسەر ئەم دوو وڵاتەدا. بەڵکو ئەو نایەوێت، ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمەریکا زاڵبن بەسەریاندا، بە شێوەیەك ببێتەهۆی ئەوەی بەرژەوەندیە ئەمنی و ئابووریەکانی ڕووسیا سنووردار بکەن. لەوەش زیاتر، ڕقئەستوری جەماوەر بەرامبەر رۆژئاوا (بە تایبەتی ئەمەریکا) بووەتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی ڕووسیا کە خۆی وەك بەرگریکاری وڵاتە ئیسلامیەکان پیشان دەدا کە بوونەتە قوربانی دەستی کۆلۆنیاڵیزمی ڕۆژئاواو یاریکردنی بەردەوام بە چارەنووسیان.

**ئامانجی پۆتین جێ پێ قایمکردن، یاخود باڵادەستبوون نییە بەسەر ئەم دوو وڵاتەدا، بەڵکو ئەو نایەوێت، ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمەریکا زاڵبن بەسەریاندا**

به لەبەرچاوگرتنی دەسترۆیشتوییەکەی لە بەشی باکووری ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ئاسیای ناوەند و ناوچەی قەوقاز، ئەتوانین بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێین ڕووسیا هێزی باڵادەستە لەسەر شانۆی ئەم ناوچانە. بەڵام ڕووسیا خوازیارە مومارەسەی دەسترۆیشتوویی خۆی بکات لەو ناوچانەی دیکەدا کە هێزو نفووزی ئەمەریکا تیایاندا لە پاشەکشەدایەو پێویستە پلانی دیکەیان بۆ دابنرێت. یەکێك لەو ناوچانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستە.

مەیلی بەهاری عەرەبی و گوڕو تینە شۆڕشگێڕیەکەی بەلای ئەمەریکادا نەشکاوەتەوەو ڕووسیاش بەم دۆخە خۆشحاڵە، لەبەر ئەوەی ئەم دژایەتیە سەرنجی ئەمەریکا لەو ناوچانە دووردەخاتەوە کە ڕووسیا خوازیارە ئامادەبوونێکی بەهێزی هەبێت تێیاندا. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ڕووسیا پشتیوانی هەریەکە لە ئێران و سووریا دەکات. ئەوە ئاشکرایە کە حکومڕانەکانی ڕووسیا زۆر سەرسام نین بە حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە، بەڵام تاوەکو ئەم وڵاتانە بەرهەڵستبن بۆ ئەمەریکا، خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ڕووسیای فیدراڵی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ڕۆژێك تێدەپەڕێت حکومەت یان ڕژێمی سووریا توانای درێژەپێدانی دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە. ئەو کاتە ڕووسیا و ئیسرائیل لەبەردەم دوو ڕێگاچارەدا دەبن: یەکەمیان ئەوەیە بە هەموو نرخێك پشتیوانی لە ڕژێمەکەی ئەسەد بکەن، تەنانەت ئەگەر پشتیوانی جەماوەریش لەدەستبدا، یاخود ڕێگا نەدەن ڕژێمێك یان حکومەتێکی سوننەی ڕادیکاڵ بێتەسەر دەسەڵات کە بۆی هەیە هاوپەیمانێتیەکی بەهێز لەگەڵ هێزە سوونیە ڕادیکاڵەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك ئەلقاعیدە، حەمماس و ئیخوان موسلمین پێکبهێنن.

بەلای ئیسرائیلەوە ڕژێمی ئێستای سووریا دوو سوودی هەیە: ١) ڕەفتارەکانی پێشبینی کراوە، واتە هەرگیز نابێتە ڕکابەرێکی سەربازی دژ بە ئیسرائیل. ٢) بوونی حکومەتێك کە کەمینەی عەلەوی باڵادەستە بەسەریدا ڕێگر دەبێت لە زاڵبوونی سوننەکان لە وڵاتدا و دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پێکهێنانی هاوپەیمانێتی سوننە ڕادیکاڵەکان لە ناوچەکەدا. کەواتە تا ئەو ڕاددەیەی سووریا نەبێتە پاشکۆی ئێران، ئیسرائیل خوازیاری بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

هەرچۆنێك بێت، ڕووسیا و ئیسرائیل درك بەوە دەکەن دەرفەتەکانی مانەوەی حکومڕانی ئەسەد بەرەو کۆتایی دەچن. باشترین هەنگاوی داهاتوویان ئەوەیە هاوکاربن لە پێکهێنانی حکومەتێك یان ڕژێمێکی سوننەی میانڕەو کە کاریگەری ڕووسیای لەسەر بمێنێت، پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانیان و بنکە سەربازییەکانی ئێستایان بکرێت.

مامەڵەکردنی حکومەتی نوێی سووریا لەگەڵ هاووڵاتیەکانیدا بەلای ئیسرائیلەوە گرنگ نییە. بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەمنیەتی ئیسرائیل بپارێزرێت، ئەو بۆچوونەی لە دوای کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان ڕووسیا و ئیسرائیل لامان گەڵاڵە دەبێت ئەوەیە هەردوو وڵات خوازیارن ببنە نەخشەسازی هەل و مەرجی دوای ڕوخانی حکومەتەکەی ئەسەد. ئەگەرنا، تا ئەو ڕاددەیەی مومکین بێت بەردەوام دەبن لە پشتیوانیکردنی ڕژێمی سووریا.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**



**ڕووسیا خوازیارە مومارەسەی دەسترۆیشتوویی خۆی بکات لەو ناوچانەی دیکەدا کە هێزو نفووزی ئەمەریکا تیایاندا لە پاشەکشەدایەو پێویستە پلانی دیکەیان بۆ دابنرێت. یەکێك لەو ناوچانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستە**

**ئەو بۆچوونەی لە دوای کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان ڕووسیا و ئیسرائیل لامان گەڵاڵە دەبێت ئەوەیە هەردوو وڵات خوازیارن ببنە نەخشەسازی هەل و مەرجی دوای ڕوخانی حکومەتەکەی ئەسەد. ئەگەرنا، تا ئەو ڕاددەیەی مومکین بێت بەردەوام دەبن لە پشتیوانیکردنی ڕژێمی سووریا**

# دەوڵەت: لە ڕوانگەی داهاتووەوە

## (پێشەکییەک بۆ سەمینارێک)[1]

ڕێبوار سیوەیلی *

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**ڕاگەیاندنی دەوڵەت قورستر، تەمومژاویتر و سانسۆرکراوترە، لە دروستکردنەکەی. ئەو هەوڵدانانەش کە لە مێژووی هاوچەرخدا بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، یان شێوەیەک لە دەوڵەتداریی لەلایەن کوردەکانەوە بەئەنجام گەیشتوون، راستیی ئەم تێزەمان بۆ ئاشکرا دەکات.**

### کێشەی کات و دەوڵەت:

بۆچی دەوڵەت بۆ کوردەکان هەمیشە شتێکە دەبێت هەبێت؟ بۆچی شتێك نییە کە دەبێت دروستبکریت؟!

ئێمەی کورد هەرکات باسی دەوڵەت، دەکەین، باس لە (ڕاگەیاندن)ی ئەو دەوڵەتە دەکەین، ڕاگەیاندنی شتێك پاشمەرجی هەبوونیەتی و راگەیاندنەکەی دەبێتە سەلماندنی هەبوونی پێشوەختیانەی.

تا ئەو کاتەی دەوڵەت بوونیی کردەیی و یاسایی و سیاسیی و کولتووریی خۆی نەبێت، پڕۆژەیەکە بۆ داهاتوو و لێرەشەوە تا ئەو (داهاتوو)ە، بریتیە لەو ماوەیەی، لەو هەلەی، لەو مەودایەی لەبەر بەردەستدایە بۆ دروستکردن و خەمڵاندن و ڕاگەیاندنی..

لەبەر ئەوە پڕۆژەی دەوڵەت، هەرچەندە لە ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکەیەوە، مافێکی پێشینەیی کوردستانیەکانە، بۆ بەکەماڵگەیشتنی خودێتی یاسایی و نێودەوڵەتیی خۆیان، کە مێژوو و هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لێی سەندوونەتەوە، بەڵام وەك لایەنی پراکتیکی پێویستە کاری بۆ بکرێ ودروست بکرێ، پاشان ڕاگەیەنرێ و لە ناوەندیی جیهانیدا بچەسپینرێ.

من لەم ڕێگەیەوە دەمەوێت بڵێم: ڕاگەیاندنی دەوڵەت قورستر، تەمومژاویتر و سانسۆرکراوترە، لە دروستکردنەکەی. ئەو هەوڵدانانەش کە لە مێژووی هاوچەرخدا بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، یان شێوەیەك لە دەوڵەتداریی لەلایەن کوردەکانەوە بەئەنجام گەیشتوون، راستیی ئەم تێزەمان بۆ ئاشکرا دەکات. هەر لە هەوڵدانەکانی شێخ مەحموودیی حەفیدەوە، تا قازیی محەمەد و هاوڕێکانی و تا شۆڕشی مەلا مەستەفا و هاوڕێکانی و تا ئەزموونی کابینەیەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کات هەمیشە کاتێك بووە بۆ ڕاگەیاندنی گریمانەکراو، یان وێناکراو و تەنانەت خەیاڵیانەی دەوڵەت، نەك کاتێك بۆ دروستکردنی کردەییانەی..



هۆکاریی ئەوەی ئەم هەوڵدانانە ناکام بوون و بە ئەنجامێکی یەکلاییکەرەوە نەگەیشتوون، بریتیە لە پێشخستنی ڕاگەیاندنی دەوڵەت، نەك دروستکردنی. بەمجۆرەش چ دروستکردنی دەوڵەت و چ ڕاگەیاندنی دەمانخاتەوە بەردەم تێگەیشتنێکی تایبەت لە کات. ئێمە لە جیاتی ئەوەی (ئێستا) و (هەنووکە)ی کات، وەك کاتێك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت تێبگەین، پێویستە بیکەینە کاتێك بۆ دروستکردنی و (داهاتوو)ی کاتیش بکەینە (ئێستا)یەك بۆ راگەیاندنەکەی، کە هیشتا نازانین ئەو کاتە، کەی دەبێت. بەڵام هەتا پرۆسەی دروستکردنەکە، کە لەسەر ویستی خۆمان دەوەستێت، تۆکمە و دانایانەتر و بە تەگبیرتر بێت، پرۆسەی ڕاگەیاندنەکە ئاسانتر و لەبارتر دەبێت.

دەمەوێت مەبەستەکەم ڕوونتر بکەمەوە: بۆ دروستکردنی دەوڵەت، پێویستیمان بە ویستی ناوەکیی و کۆی ئەو بەڵگانە هەیە کە مافی دەوڵەتداریی بە کوردستانیەکان دەبەخشێت. لە کاتێکدا کۆی ئەم ویست و مافانە لەلایەن سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان و ڕای گشتیی جیهانییەوە، شیاوی بایکۆتکردن و سانسۆرکردن و ڤیتۆخستنەسەرن و ڕووبەڕووی بێمتمانەیی ڕای گشتیی دەبنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەمیشە هۆکارە ناوەکییەکانی دروستبوونی دەوڵەت، ببنە پاشکۆی ڕاگەیاندنەکەی. هەمیشە ڕاگەیاندنەکە فەشەل بە تەحقیقکردنی ئەو خەونە مێژووییە بهێنن.

بەڵام ئایا هەوڵدان و چڕکردنەوەی هەموو تواناکان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، پێوەندیی چییە بە کاتەوە و چ جۆرە کاتنۆڕییەکمان لەلای کوردەکان بۆ ئاشکرا دەکات؟

لە لەخۆتێگەیشتنی مێژووییانەی کوردەکاندا خاڵێکی دەردەدار و ئازاراوی هەیە، کە هەمیشە ئەوان تیایدا ڕووبەڕووی تەمەننا و خواست و خۆزگە تێکشکاوەکانی خۆیان دەبنەوە، لە کاتێکدا هەست بە هیچ کەمتەرخەمییەك لە هەوڵدان و خەبات و قوربانیداندا لە پێناوی دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ، ناکەن. ئەوەی مێژووی کوردبوون پێکدەهێنێ، شتێکە لەنێوان ئەم تەمەننا و خەبات و بەفیڕۆچوون و لەدەستدان و دەستپێکردنەوەیەدا.

لە قووڵایی کەسایەتی کوردا، تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ کات لەسەر ئەم بنەمای دۆڕان و دووبارە تێهەڵچوونەوەیە، دروستبووە. کاتی راستەقینە لەلای

**پێویستییەکی جەوهەریمان بە گۆڕینی نیگای خۆمان بۆ کات هەیە، پێویستە بە تەماشاکردنی داهاتوو، هەنگاو بنێین، نەک شینگێڕی بەسەر ڕابردوو و حەفلەکردن بەدەم ئێستاوە. ئەو سیاسەتەی داهاتوو دەیخوازێ سیاسەتێکی ڕیالیستانەیە**

کورد هەمیشـــە کاتی نزیکبوونەوەیە لە وەدیهاتنی خەونە مەزنەکەی و دەستگرتنە بە کۆتاییەوە، بەڵام ڕێك لە پێش هاتنـــەدی و چێژبینین لەو کۆتاییە، هەمیشـــە بەهۆی هـــۆکاری دەرەکـــی (خودایی، دەسیســـەی ئەوانیتـــر، پیلانگێڕیـــی، تەنیایـــی و بێدۆســـتی و بێ کەســـیی و هـــۆکارە کردەیی و خەیاڵلێکراوەکانیتـــرەوە)، دوچاری شکســـت دەبن و زەمەنی شـــادی و کەرەنەڤاڵ دەگۆڕێ بۆ تراژیدیا و کۆست.

لـــە ناو ئەم دوو بارودۆخەدا، دوو تێگەیشـــتنی تایبەت لەسەر کات، دوو چەمکی جێگیری کات، لە زەینییەتـــی کوردەکاندا دروســـتبووە: چەمکی ڕابردووی کات و چەمکی ئێستای کات.

### چەمکی ڕابردووی کات:

ئەمە ئەو چەمکەیە، دەمانباتەوە بۆ ساتەوەختە تراژیدیـــەکان، بـــۆ قوربانیـــدان و خۆبەخشـــین و بەرگەگەرتنی کۆی ئەو ســـتەم و مەرگەســـات و کۆست و ماتەمیانەی لە پێناوی شتێك، ئامانجێك و کۆتاییەکـــی مەزنتردا، کە قەرەبووی هەمموو ئەو قوربانیدان و کۆســـتانەی بـــۆ دەکردینەوە، لەلامان دروستبووە.

ئـــەم کاتە، لە ئەدەبیـــات و کولتووری زارەکیی و مێژووی سیاســـیماندا تا ئاستی (بەپیرۆزکردن) بەرجەستە بووە و (سەرەتایەکی پیرۆز)ی کاتە، کە تیایدا ئێمە لە ناو ئاوێنەی یادەوریی ئەفســـانەیی و مێژوویـــی خۆماندا، وەك بکەرێکی تێکۆشـــەر، خەباتـــکار و قوربانیکراو، خۆمـــان وێنادەکەین و لـــە ئاوێنەکەدا خۆمـــان دەبینینەوە، کـــە زۆرکەم کەمترخەمیمان لە ئاســـت دۆز و کێشـــەکانماندا نواندووە.

بۆیـــە ئەوەی ڕابردووی ئێمە پیشـــانیی دەدات، پاکژییـــە بێگوناهەکانی ئێمەیە، کە وەك منداڵێکی شـــیرەخۆرە، هەر زوو داییك (نیشتیمان)ی خۆمان لێســـەندراوەتەوە و لەو کاتەوە بەدوایدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە بووناسیانەیە لە خودی خۆمان و شوناسماندا پڕ بکەینەوە، کە وەك کەموکورییەك لە کەسایەتیی خۆماندا ئازارمان دەدات.. بەمجۆرەش، گوزارەی (گەورەترین نەتـــەوەی بێدەوڵەت)، جگە لە مرۆڤگەلێکـــی بێداییك و نیشـــتیمان هیچیتر ناگەیەنێت..

### چەمکی (ئێستا)ی کات:

ئەو چەمکەی تری کات، بریتیە لە کاتی ئێستا و هەنووکە، بریتیە لەو ئێســـتایەك کە بە کردەیی و واقیعی تیایدا دەژین. بریتیە لەم ســـاتەوەختەی کە ئێمە لـــە واقیعێکدا دەژین و لەهەر لا ئەو هۆکارانە دەبینینەوە، کە هانمان دەدەن بۆ دەستپێکردنەوە و سەر لەنوێ پێداچوونـــەوەی ئەو ڕێگایانەی باوباپیران و پێشـــینەکان بڕیبوویانن و بە هەمان ئەنجامی ئێمە گەیشـــتبوون.. چەمکی (ئێستای کات) لە ژیانی کوردیانەماندا، ئەو ســـاتانەیە کە ئێمە تیایدا بڕیار دەدەین خۆمان لە فێڵەکان و جەبرەکانی مێژوو دەرباز بکەین و بـــەدوای پنتێکی تری دەســـتپێکردنەوەدا بگەڕێین، کە دەمانباتەوە ســـەر سەرەتای پیرۆز و هەمان ئەنجامیش چاوەڕوانمان دەکات..

چەمکی ئێســـتای کات، ئەو ساتەوەختانەیە کە ئێمە دڵی خۆمانـــی تیا ئەدەینـــەوە، کڵاودەکەینە ســـەری خۆمان، کڵاومان دەکرێتە ســـەر، خۆمان دەخەڵەتێنیـــن، خۆڵدەکەینـــە چـــاوی خۆمانەوە، پەرچەکردارییانە هەڵوێست لە ڕەخنەگرەکانمان دەگرین، دۆســـتی درۆزنە بۆخۆمان زۆر دەکەین، تەسلیم بە ڕواڵەتگەرایی و تەشـــریفاتی دەبیـــن و وێنەیەکی بەهەشـــتیانە و ڕەنگاوڕەنگ و ڕتووشکراو لەسەر ئێســـتای دۆخی وڵات و نیشتیمان بەرهەمدەهێنین و خۆمان لە ئاســـت ئەوانیتـــردا بچووکدەکەینەوە و لە ئاست یەکتریشـــدا دەبینە پاڵەوان و هتد.. بەڵام کەسایەتیە تێکشکاوەکەی ناخمان، خودە سەرکوتکراوە خـــاوەن یادەوریە تراژیدیاکەی ڕابردووی کات، هەر لەگەڵمانە و لەو پێڵووی چاو و نیگای ڕۆحمانەوە، بۆسۆی تێکشکانی لێدێت.

ئێمە لـــە پەیوەندییماندا بە کاتـــەوە، مرۆڤێکی واقیعیی نیـــن. ڕووبەڕووبوونەوەی هەنووکە لەلامان هێشـــتا بەهای نییە، هێندەی ئەوەی بەپیرۆزکردنی ڕابردوو و فەرامۆشکردنی ئێستا و بە کەرنەڤاڵکردنی هەنووکە پیشەمانە. ئێمە دەبێت تێگەیشتنی خۆمان لـــە کات بگۆڕێن، بیرکردنەوەمـــان لە ڕابردوو وەك کاتی پیرۆز و ئێستا وەك کاتی بەهەشتی، بگۆڕین و ڕەهەندی داهاتوویانەی کات بکەینە ئامانج.

لەبەر ئەوە، پێویســـتە ئێمە سیاســـەتی خۆمان لە سیاســـەتێکەوە کە ڕاگەیاندنـــی دەوڵەت دەخاتە پێشـــەوە، بەهەر بەڵگەیەکی مێژوویی، سیاســـی و دادەوەرانە بێت، کە کوردســـتانیەکان لـــە پێناویاندا خەباتیـــان کردووە و قوربانییان بۆ داون، بگۆڕین بۆ سیاسەتی دروستکردنی دەوڵەت بە لەبەر چاوگرتنی ئـــەو داوا و مەرجانەی لە ئاســـتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی و ڕای گشتیی جیهانیدا، لەبەردەمماندا بەرجەستەدەکرێنەوە.

لێرەوە، پێویســـتە بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان و گرتنەبەری میتۆدی ئەو خوێندنەوەیە، کە بریتیە لە دروستکردنی داهاتوو، لە ڕوانگەی پەیوەنخوازییەوە: (Relational)، نەك لە ڕوانگـــەی پێگەخوازییەوە: (Positional). هەروەها بە گرنگ وەرگرتنی پێگەی جوگرافیانەی هەرێمـــی کوردســـتان و بـــە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییـــەی ئەزموونی حکومەتی هەرێم لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، لە هەندێ بواردا بەدەستیهێناون، کە دەکرێ وەك دەستپێشـــخەرییەك بۆ دروستکردنی دەوڵـــەت، ســـوودیان لێوەربگیرێـــت، بکەوینـــەوە دارشتنەوەی سیاسەتی خۆمان بە مەرجێ خزمەت، بـــە ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە بکات، کە دەمانەوێت، نەك ببێتە ڕێگر لەبەردەمیدا و خۆراکبەخشـــی ئەو بەهانە و داواکارییانە بێت، کە بۆی هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتـــی، ڕای گشـــتیی جیهانـــی و دەوڵەتە هەرێمییەکان و تەنانەت لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش، سەر هەڵبدەن.


دروســـتکردن و ڕاگەیاندنی دەوڵـــەت، کارێکی ئاســـانە: بۆی هەیـــە لە ماوەی یەك ســـاڵی تردا دەوڵەتێکی خراپ، دروستبکەین، دەوڵەمەندیش بێت، لە نمونـــەی دەوڵەتەکانی دوورگەی عەرەبی، بەڵام ئەم دەوڵەتـــە متمانەی نێونەتەوەیی و کەســـایەتی سیاسیانەی لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانیدا، لاواز و پەراوێزیی بێت، دیسانەوە وەك دەوڵەتە خاوەن نەوتە عەرەبییەکان...

**ئەوەی ڕابردووی ئێمە پیشانیی دەدات، پاکژییە بێگوناهەکانی ئێمەیە، کە وەک منداڵێکی شیرەخۆرە، هەر زوو داییک (نیشتیمان)ی خۆمان لێسەندراوەتەوەو لەو کاتەوە بەدوایدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە بووناسیانەیە لە خودی خۆمان و شووناسماندا پڕ بکەینەوە**

ئێمـــە پێویســـتە لـــە قەبـــارەی ڕابـــردووە تراژیدیانەکەمانـــەوە، بڕوانینـــە جۆرایەتی دەوڵەتە داهاتوویەکەمان. بۆیە پێویســـتییەکی جەوهەریمان بە گۆڕینی نیگای خۆمان بۆ کات هەیە، پێویستە بـــە تەماشـــاکردنی داهاتوو، هەنـــگاو بنێین، نەك شینگێڕی بەسەر ڕابردوو و حەفلەکردن بەدەم ئێستاوە. ئەو سیاســـەتەی داهاتوو دەیخوازێ سیاســـەتێکی ڕیالیســـتانەیە، کە نە دووژمنە کۆنـــەکان زیندوو دەکاتەوە، نە دووژمنی تازە بۆخۆی دروستدەکات و نە لەپەرچەکردارەوە هەنگاو دەنێت. بەڵکو بیرکردنەوە و هزرینی قووڵ و پەیوەندخوازانە، دەکاتە پێشمەرجی هەر جۆرە هەنگاوێك بۆ گەیشـــتن بە داهاتوو، کە ئەگـــەری ئەوەی هەیە لە ئامانجی خۆمانمان نزیك بخاتەوە، بە مەرجێ پێشـــئەوەی بیر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت بکەینەوە، دروستیبکەین..

**١- ئەم وتارە پێشـــەکی ئەو بەشدارییەی نووسەرە کە لە دووەمین سەمیناری هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و گۆڤاری گوڵان، لە هوتێل چوارچرا، ڕۆژی ٢٠١٢/٧/٢٢، ڕێکیانخستووە، پێشکەش دەکرێت.**

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلێژی ئەدیبات زانکۆی سەلاحەدین**



راشد غەنووشی سەرۆکی حزبی نەهزەی توونسی بۆ (گوڵان):

# لە ماوەی راگوزەریدا قەبارەی بێکاری لەنیو ملیۆن بێکارەوە بۆ ٨٠٠ هەزار کەس لە تونس زیادیکردووە

**لە شۆڕشەکانی عەرەبیدا رێکخراوی قاعیدە گەورەترین زیان لێکەوتووە**

**توندڕەوە ئیسلامیەکان لەژێر زەبری قامچیەکانی ناو گرتووخانەکانەوە دروست بوون**

**هیچ ڕێگایەک بۆ شکستخواردن لەبەردەم ئەم شۆڕشانەی وڵاتانی عەرەبیدا نابینرێت، خۆ ئەگەر شکست بهێنن، دەبنە گەلێک کە هیچ دەرفەتێک لەبەردەمیاندا بۆ ژیان نامێنێتەوە**

**لەتوونس هیچ بوارێک بۆ کێبرکێ لەنێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان و رەمزەکانی دەسەڵاتی پێشوودا نەماوەتەوە، ئێمە بانگهێشتی تەوافوق دەکەین بەڵام نەک لەگەڵ حزبە هەڵوەشاوەکەی رژێمی پێشوودا**

**لەتوونس پۆشاکێکی دیاریکراومان بەسەر ئافرەتاندا نەسەپاندووە، چونکە شەریعەت بەپێی گۆڕانکاری لە زەمەن و شوێندا گۆڕانی بەسەردا دێت**

گوڵان - ئەسما حوسێنی/ قاهیرە

**غەنووشـــی ســـەرۆکی حزبی نەهزەی توونس و سیاسەتمەدارو بیرمەندی ئیسلامی توونسی و جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی جیهانییە، بەدرێژایی حوکمی زەین عابدین لەناو ململانێدا بووەو چەندینجار زیندانی کراوە، دواجار بۆ دەرەوەی وڵات دوورخراوەتەوە، لەدوای ٢١ ســـاڵ ژیانی ناو تاراوگەیی گەڕاوەتـــەوەو بەچەندین تێزو روانین و بیرۆکەی عەقڵانییـــەوە رووی کردۆتە چەمکەکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و کرانەوە لەئاست ئەوی تر، غەنووشی جارێکی تر بۆ سەرۆکایەتی حزبی نەهزەی تونسی هەڵبژێردرایەوەو ئێستاش بەهاوپەیمانی**

## دابەشکردنی دەسەڵات

*** زۆر هەن لەوانەی کە ترســـیان هەیە بەرامبەر هێزە ئیســـلامیەکان بەوەی دیمەنی سیاســـیی عەرەبییان قۆرخ کـــردووە، ئێوە لەتوونس چیتان کردووە تا ئەو نیگەرانییە بڕەوێننەوە؟**

- ئیسلامییەکان هێزی سەرەکی ناو دیمەنەکەن، ئەمەش کارێکی سروشتیە، چونکە لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا چەوسێنراونەتەوە، لەهەمووانیش زیاتـــر ئامادەبوون بۆ بەخشـــینی قوربانی، ئەم شۆڕشـــانە کۆمەڵگاکانی ئێمەی خستەوە سەر بنەچەکـــەی خۆی، چونکـــە گەلانی عەرەبی بەدرێژایی هەزاران ساڵە ئایین پەروەربوون، لەبەر ئەوە تەوژمی ئیســـلامی بەهەمـــوو باڵەکانیەوە گوزارشتی راستەقینەیان لەشارستانیەتی عەرەبی کردووە، بـــەڵام ئەمە ئەو رەوایەتیەیان پێ نادات کە لەسەر حســـابی زۆرایەتی هەموو دیمەنەکە بۆ خۆیان قۆرغ بکـــەن، هەروەها مافی ئەوەیان پێ نادات هەموو دەسەڵات تاکرەوانە بەڕێوەبەرن، ئەگەرچی دیموکراتیەت رێگا بەدەسەڵات دەدات بێتوو ٥٠٪ + ١ دەنگەکانی هەڵبژاردن بەدەست بهێنیت ئەو کات دەسەڵات بە خۆت بێت، بەڵام ئێمە لەتوونس پێمان وابوو کە پێداویستی باڵاتر هەیە بۆ بەرفراوانکردنی دەســـەڵاتی ئەو هێزانەی کە لەشۆڕشدا بەشداربوون، تا نزیك بنەوە لەدەسەڵات و پـــرۆژەی هاوبەش پێکەوە پێشـــکەش بکرێت، تا هەموو جەمســـەرەکان لەپێناوی دامەزراندنی سیســـتمێکی دیموکراتی فرەیی دڵنیا بنەوە کە تێیدا کەس فڕێ نەدرێتە دەرەوەو یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز بەپێی رەگەزنامەی شارســـتانی وەدی بێت کە لەسەرەتای سەربەخۆییدا دەقەکانی نووسراوەتەوەو وەکو دەســـتکەوتێکی نیشتمانییە کە پێشتر رێکەوتن لەســـەری هەبووە. هەرچۆن رێکەوتنیش لەســـەر پاراســـتنی پرەنسیبەکانی مافی مرۆڤ و کەلتووری عەرەبی و ئیسلامی بوونی هەیە، ئـــەم رێکەوتنەمـــان لەگەڵ دوو حزبی گـــەورەی تردا زەحمەت نەبـــوو، کاتمان بەفیڕۆ نەدا، چونکـــە زەمینەیەکی کەلتووری کۆی کردووینەتەوە، ســـیســـتمی موحاسەسەمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمانـــدا بەکار نەهێنا بەپێی ئـــەو رێژانـــەی کـــە لەهەڵبژاردن بەدەســـتمان هێنابوو، بەڵکو هەرســـێ سەرۆکایەتیمان دابەش کرد، لەکاتێکـــدا حزبی نەهـــزە دەیتوانی زیاتر لەسەرۆکایەتیەك بهێنێتە لای خۆی، بەڵام ئێمە هەموو پۆســـت و پایەی وەزارەتەکانمان لەنێوان هەمووواندا دابەش کرد.

## ڕوانین لە جیاوازییەکان

*** چـــۆن تەماشـــای دابڕانەکانـــی نێـــوان ئیسلامییەکان دەکەیت ئایا لەبەرامبەر ئەوانەی کە لـــەدەرەوەی بازنـــەی ئەوانـــن و بەرامبەر جیاوازییەکانیان لێبووردەن؟**

- لەخۆرئاوا دامـــودەزگای کەلتووری دامەزرا

**ئەرکی دەوڵەت وەدیهێنانی ئارامییە بۆ هاووڵاتیان نەك سەپاندنی چەشنە ژیانێکی دیاریکراو. نابێت ژیانێکی دیاریکراو لەسەر پۆشاك و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئافرەتان بەزۆر داسەپێنرێت**

تاکـــو فەرمانڕەوایەتـــی کردن بخاتـــە بازنەی دیموکراتیەتەوە، کاتێك من لێبووردە دەبم لەگەڵ ئەوانی تردا ئەمـــە پێوەندی بەپەروەردەی منەوە نییە، بەڵکو پێوەندی هەیە بەو دامودەزگایانەی کە دوژمنکاری بۆ سەر ئەوانی تر حەرام دەکات، ئازادی لەجیاوازییەکاندا لەلایەن خواوەندەوە رێگا پێدراوە بۆ مرۆڤایەتی.

*** رێـــی تێ دەچێـــت ئیســـلامیەکان لەگەڵ گەیشتنیان بەدەسەڵات (پەچە) بسەپێنن بەسەر ئافرەتانـــدا یا هەندێك کاروبـــاری تر لە وڵاتدا حەرام بکەن؟**

- ئەرکـــی دەوڵـــەت وەدیهێنانـــی ئارامییە بۆ هاووڵاتیان نەك ســـەپاندنی چەشـــنە ژیانێکی دیاریکـــراو، نابێت ژیانێکی دیاریکراو لەســـەر پۆشاك و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئافرەتان بەزۆر داســـەپێنرێت، بڕۆ تەماشای کەناری دەریاکانی توونس بکە هیچ شـــتێك نەگـــۆڕدراوە ئافرەت بەئارەزووی خۆی جلوبەرگ دەپۆشـــێت، یاسا پێویستە بەســـەر هەمووواندا وەك یەك بچەسپێت، هەرکەســـێك دەســـتدرێژی بکاتە سەر کەسێکی تر پێویســـتە سزا بدرێت، بەپێی یاساش بۆ هیچ کەســـێك نییە بەزۆر پۆشـــاکێك یا خـــواردن و خواردنەوەیەك بەسەر ئەوانی تردا بچەسپێنێت.

*** ئایا بزاڤە ئیســـلامییەکان هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ خۆرئاوا هەیە بۆ تێگەیشـــتن لێیان لەو کاتەی کە شۆڕشەکان هەڵگیرساون؟**

- باشـــە تۆ لەو بڕوایەدای بزاڤە ئیسلامییەکان گرێبەستیان لەگەڵ خۆرئاوا مۆرکردبێت، ئەمە تۆمەتبارکردنێکـــی مەترســـیدارەو وا لەخەڵکی دەگەیەنێت کە ئەو شۆڕشـــانە پیلانێك بووبن دژ بە حوکمداری، نەك دەستپێشخەری گەلانی ئەو وڵاتانـــە، کەس گومانی نییە لەوەی حوســـنی موبـــارەك پارچەیەکی گرانبەهـــای زێڕ بوو بۆ خۆرئـــاوا، گەنجینەیەکی ســـتراتیژی بوو بۆ ئیسرائیل، هەروەها سەرۆکی توونسی لادراویش، ئاگامـــان لە راگەیاندنی ئیســـرائیلیە کە چۆن بەنیگەرانـــی باس لەم شۆڕشـــانە دەکات، بەڵام ئاگاداری ئەوە نیم لەمیسر یا لەتوونس بزاوتێکی ئیســـلامی لەگەڵ هێزێکی بیانی دا رێکەوتنی کردبێت، بـــەڵام هێـــزە خۆرئاواییەکان ئێســـتا کەوتوونەتە دەورو خولی دەســـەڵاتدارە تازەکان تا بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکەدا لێ تێك نەچێت. حاکمدارانی نوێ هێندە عەدەمی و توندڕەو نین جەنگ لەدژی خۆرئاوا بکەن، ئەمان لەپێناوی چاکسازی ناوخۆدا هەڵساون ئامادەییان نیشانداوە دەســـتی هاوکاری بۆ هەموو جیهان درێژ بکەن، بەپێچەوانەشەوە .

*** بزاوتە ئیسلامیەکان پەرەســـەندن بەخۆیانەوە دەبینن؟**

- لە بۆشایدا ناژین، لەپەنجاکان و شەستەکانەوە بیرۆکـــەی توندڕەویـــی و تەکفیرییـــەت لەناو ریزی ئیســـلامیەکاندا بەهـــۆی قامچیەکانی ئەشـــکەنجەدانەوە دروســـت بوون، ئەو گرووپە



**دوو حزبی تر حکومرانی تونس دەکەن.**

**گۆڤاری گوڵان لەقاهیرە توانی لەمیانەی سەردانەکەی غەنووشی دا ئەم دەرفەتە بۆ سازدانی دیمانەیەك لەگەڵ راشد غەنوشی ساز بکات، ئەو کە بە درێژایی هێڵەکە بەشۆڕشەکان و چوونە پێشەوەی ئیسلامیەکان گەشبین و پێی وایە پێویستە لەسەر ئیسلامیەکان ئەم دەرفەتە گونجاوە لەدەست نەدەن.**

توندڕەوانەی بەکاری چەکداری و تێکدان هەڵسان، لەپاش ٣٠ ساڵ لەناو ئەنجومەنی گەل دا ئەوانمان بینیەوە .

*** لەتوونس چۆن مامەڵە لەبەرامبەر گرووپە سەلەفیەکان دەکەن؟**

- لەتوونس کۆمەڵە گەنجێکی توندڕەو هەیە ئێمە لەهەوڵداین لەچوارچێوەی کاری سیاسی و بەشداربوونیان لەهەڵبژاردندا بیانخەینە گەڕو هەڵیانسوڕێنین، چونکە دیموکراتیەت بەتەنیا میکانیزمێکی سیاسی پەتی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی پەروەردەییە، وا بکەیت دوژمنەکانت بتپارێزن، هەموو شتێك لەسیاسەتدا ڕێژەییە، هاوسەنگ کردنی نێوان بەرژەوەندییەکان و پێچەوانەکەیەتی، بەڵام بەلای توندڕەوەکانەوە تەنیا پارادۆکسەکانی خێرو شەڕ یا رووناکی و تاریکی بوونی هەیە، هەرکاتێك بەو بیرکردنەوەیەوە بڕۆنە ناو پرۆسەی سیاسی ئەم تێڕوانینەیان لەواقیعدا پێوەرناچەرخێت، ئێستا پەرەسەندنێك هەیە لەدیاردەی ئیسلامگەرایی، پێشتر توندڕەوی تەنانەت لەناو بزاوتی چەپیشدا هەبوو، کە هەمووی کاردانەوەی بەتوندی مامەڵەکردنی دەسەڵات بوو لەگەڵیان، ئێستا کە دیکتاتۆریەت نەماوە خەڵکی لەچاوەڕواندایە کۆمەڵگاکان هاوسەنگ ببنەوەو لەکەشوهەوایەکی تەندروست دا دیاردەی ئیجابی سەر هەڵبدات بەپێچەوانەی دیاردە خواروو خێچەکانی پێشوو ئێستا کەس ئازادی کەسێکی تری نەخستۆتە ناو زیندان و زەوتی نەکردووە، بۆیە هیچ پاساوێك بۆ توندڕەوی نەماوەتەوە، هەمووان دەتوانن حزب دابمەزرێنن و مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن بەمشێوەیە هۆکارەکانی توندڕەویی پاساویان بۆ نەماوەتەوە بەڵام گرووپی بچووك بچووك کە لێرەوە لەوێ هەن لەناو هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا لەم شێوەی کۆمەڵگانە بوونیان هەیە بەڵام نابنە جەستەی تەندروست بۆ هەموو کۆمەڵگا، مێژووی ئیسلامی خەواریج و زەنادقەی بەنموونە بینیوە، دوای ئەوەی حاکمداری ئیسلامی لە خەلافەتی راشیدەوە گۆڕدران بۆ پاشایەکی کەللەڕەق ئەو کاتە بەتەسەووف بەرپەرچیان درایەوە، گەورەترین زیانلێکەوتوو لەم شۆڕشانەدا ڕێکخراوی قاعیدەیە کە هاوبەشیکردنی ئیسلامەکانی لەناو سیستمی حوکمی گەندەڵدا بەعەیبە دەزانی داوای لێدەکردن بەهێزەوە گۆڕانکاری بکەن، وەك چۆن لەسۆماڵ و ئەفغانستان و عێراق بیرکردنەوەی هەڵەی ئەوان بوو کە ئەو سێ وڵاتەی گەیاندە بندەستی داگیرکەران، بەڵام شۆڕشەکانی ئێستا دەروازەی سێیەمی کردەوە، میتۆدی گۆڕانکاری ئاشتیخوازانەی سەلمێنداروئاکامەکەشی دەرکەوت لەدنیادا پشتگیری لێدەکرێت .

*** ئایا شۆڕشەکانی عەرەبی کۆتایهێنانە بەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی هاوچەرخ؟**

**هەموو شتێك لەسیاسەتدا ڕێژەییە، هاوسەنگ کردنی نێوان بەرژەوەندییەکان و پێچەوانەکەیەتی، بەڵام بەلای توندڕەوەکانەوە تەنیا پارادۆکسەکانی خێرو شەڕ یا رووناکی و تاریکی بوونی هەیە**

- زەمەنێکی تازە هاتۆتە ناو ناوچەکەوە، زەمەنی ئاسایی کردنەوە تەواوبوو، بۆیە ئیسرائیل لەم زەمەنە دەترسێت .

*** چۆن تەماشای ئەو رەخنانە دەکەیت کە ئاراستەی ئەزموونی حوکمی ئیسلامیانەی سۆدان و سۆماڵ و ئەفغانستان دەکرێت؟**

ئەزموونی ئیسلامی لەسۆدان و سۆماڵ و ئەفغانستان گوزارشتە لەئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری کۆمەڵگاکانیان، پابەندە بەئاستی خوێندن و پێگەیشتوویی خەڵکەکەیانەوە، ناکرێت هەمان پرۆسە بەهەمان ئاستەوە لەوڵاتەکانی تریش جێبەجێ بکرێت.

*** تێگەیشتن بۆ ئەو شەریعەتەی کە ئیسلامیەکان دەیانەوێت جێبەجێی بکەن چییە؟**

شەریعەت یەك وێنەی نییە کە بۆ هەموو زەمان و شوێنێك گونجاو بێت، ئیمامی شافیعی کاتێك لەعێراقەوە چووە میسر فقهی گۆڕی چونکە فقهی ئیسلامی بریتی نییە لەسزادانی ئەوانی تر، واتا نموونەیەکی دیاریکراو نییە لەفیقهی کە هەموو ئیسلامیەکان بەیەك شێوە جێبەجێی بکات .

*** لەم دواییەدا کە سەردانی میسرت کردووە چ ئامۆژگارییەکت بۆ ئیسلامیەکان هەیە؟**

لەوتاری هەینی کە سەرۆکی میسر موحەمەد مورسی کە لەمەیدانی تەحریر پێشکەشی کرد ئەو سەلماندی کە میسر لەدایکبوونێکی نوێی بەخۆوە بینیوە، ئەگەر ئەوەی لەوتارەکەدا هاتووەو جێبەجێ بکرێت میسر دەگێڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی هەموو ناوچەکە، چونکە ئەو وەك زەعیمێکی ئیخوانەکان قسەی نەدەکرد، بەڵکو وەکو سەرۆکی میسر، کە چارەنوسی ناوچەکە گرێبەندە بەچارەنووسی میسرەوە، هێشتا چاوم نەکەوتووە بەسەرۆك مورسی بەڵام لەڕێی پێوەندی تەلەفۆنیەوە قسەم لەگەڵ کردووە، لەم سەردانەمدا سەرکردە باڵاکانی ئیخوانم بینی، لەوانە دکتۆر عەبدولمونعیم ئەبو ئەلفتوح و دکتۆر سەلیم عەواو حەمدین سەباحی، هەوڵم دا ئەزموونی توونس لەهابەشیکردنی سیاسی بگوازمەوە بۆیان، بەڵام لەو بڕوایەدام هاوکێشەکە لەمیسر ئاڵۆزتر بێت و ئەوە لەسەر میسر دەچەسپێنێت کە بەعەقڵ و حیکمەت چارەسەرێك بدۆزنەوە هەموو جەمسەرەکان ئیستیعابی بکەن، لەوەش گرنگتر پێشکەشکردنی مۆدێلێکە کە هێزە سیاسیەکان لێکتر نزیکبکاتەوە، پەرەپێدانی راستەقینەش ئەوەیە کە سامانەکان قۆرخ نەکرێن بۆ توێژێکی دیاریکراوو ملیۆنەها خەڵکیش لەناو گۆڕستان و بیابانەکاندا بیگوزەرێنن، ئەگەر ئەو ملیۆنەها خەڵکە لەو بارودۆخەی ئێستا بمێننەوە دەبنە گەورەترین پرۆژە بۆ شۆڕشێکی توندوتیژ کە هەموو دۆخەکە سەروبن بکاتەوە . شۆڕشەکانی عەرەبی پێویستە مۆدێرنە وەك خۆی ببینن، گەرچی بەهەڵە لەپەراوێزی مۆدێرنەدا دەژیان . دەسەڵات و سامان پێویستە

سەرلەنوێ دابەش بکرێتەوەو بەتەنیا لەبن دەستی لە ١٠٪ی دەستەبژێردا نەمێنێتەوە.

*** چۆن تەماشای پەرەسەندنەکانی ئێستای میسر دەکەیت؟**

- چرکەساتی مێژوویی گرنگی خۆی هەیە لەمیسر بۆ پەرەسەندنی جۆریی، حەزم نەکرد خۆم بێبەش بکەم لەئاهەنگ گێڕانی گەلی میسر بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکانی شۆڕش لەمیسر کە بەتاقیکردنەوەیەکی بەرەژاندا تێپەڕیوەو خەریك بوو بکەوێتە ناو داهاتوویەکی نادیارەوە هەرشتێك بەسەر میسردا بێت و بقەومێت ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەموو ناوچەکە لەبەرئەوە ڕووداوەکانی میسر تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، ئەمەش شەرەفێکی گەورەو بەرپرسیارێتیەکە لەهەمان کاتدا بۆ گەلی میسری، گەرچی شۆڕش لەتوونس سەریهەڵدا بەڵام تا لەمیسر سەریهەڵنەدا توونس دڵنیا نەبووەو بەهەردوولایەن ئاگرێکی گەورەیان دژ بەگەندەڵی و دیکتاتۆریەت هەڵگیرساند، ئەو سوێندخواردنەی سەرۆك محەمەد مورسی لەمەیدانی تەحریر ڕووداوێکی مەزن بوو، بۆیەکەمینجارە لەمێژووی میسردا سەرۆکێك لەمەیدانێکی گشتی دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەمەش لەمێژووی میسردا یەکەمین جارە شتی وا ڕووبدات پێشتر لەدوورەوە تەماشای بارودۆخی میسرم دەکردوو گێچی خێرایی زۆر بەپەلە بەرەو گۆڕانکاری دەچوو، لەو بڕوایەدا بووم بۆ یەکەمینجار شۆڕش لە میسرەوە دەست پێبکات و توونس بگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی توونس وڵاتێکی بچووکتر بوو شۆڕش ئاسانتر تێیدا بەرپا بوو.

*** لەو بڕوایەدای شۆڕشی میسری مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی تێپەڕاندبێت؟**

- شۆڕشی میسری ڕووبەڕووی مەترسی گەڕاندنەوەی دیکتاتۆریەت و دژە شۆڕش بووەوە ئەگەر ڕووداواکان بەم ئاڕاستەیەی ئێستا نەڕۆشتبایە میسر دەکەوتە حاڵەتی فەوزاو نیگەرانییەوە چونکە گەنجانی میسر ڕازی نەبوون بەگەڕانەوەی ڕەمزەکانی سەردەمی پێشوو، بۆیە ئێمە لەتوونس بەدەرکەوتنی ئەنجامەکانی سەرۆکایەتی، ئاهەنگمان بۆ میسر گێڕا هەستمان کرد چرکە ساتێکی مێژوویییە پێوەندی بەئێمەشەوە هەیە، لەکاتێکدا لەتوونس بواری کێبرکێ لەنێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان و ڕەمزەکانی ڕژێمی پێشوو نەماوە، بەڵام ئێمە بانگەوازمان بۆ پێکەوەژیان کردووە، شۆڕش پێویستی بەو عەقڵییەتەیە بەڵام پرۆژەی پێکەوە ژیان پێویستە بەدەست شۆڕشگێڕانەوە بێت، نەك بەدەست ڕەمزەکانی ڕژێمی پێشوو، کە لەکاتی ئەواندا نەیانهێشت وڵاتەکە پێشکەوێت، ئەگەر ئێمە بارودۆخی خۆمان بەراورد بکەین بەتورکیا دەبینین وێڕای حوکمی سەربازی لەتورکیا ڕێگا دراوە بەدامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی فرەیی و پتەو کە لەکۆتاییدا ڕێگایدا بە بزاوتی ئیسلامی تا بگاتە دەسەڵات، بەڵام دەسەڵاتی سەربازی کۆمەڵگاکانی ئێمە دەرفەت بەخەڵکی نادەن لەچوارچێوەی دیموکراتیەتدا پێشبکەون. وتووێژ لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەنێوان چاکسازیخوازان و چەك بەدەستەکان دەسوڕایەوە، گەرچی لەتورکیا چەند حزبێك هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام لەو ڕۆژەدا کە حزبەکە هەڵدەوەشایەوە هەمان ئەندامانی ئەو حزبە بەناوی ترو لەشوێنی تر حزبیان دادەمەزراندەوە، کەچی لای ئێمە کاتێك حزبێك قەدەغە دەکرێت تێچووەکەی بەشێوەیەکە جارێکی تر لەشەقام نەیبینیتەوە، ڕاگواستنی دادپەروەری بوارێکی فراوانتر دەکاتەوە لەبەردەم شۆڕشگێڕان بۆ بونیاتنانی دەوڵەت بەبێ ئەوەی بیر لەتۆڵەسەندنەوەی بەکۆمەڵ بکاتەوە پێویستە هەرتاکێك کە گەندەڵی کردبێت بەشی خۆی لەسزا بەربکەوێت بۆیە لەتوونس ئەنجومەنێکمان

> **گەلی سوریای موکوڕە لەسەر وەرگرتنی ئازادی لەنێو کەڵبەکانی ئەسەدەوە. ڕوسیاو چین و ئێرانیش گرەویان لەسەر ئەسپێکی دۆڕاو کردووە**

دامەزراند کە تەنیا هێزە شۆڕشگێڕە ئیسلامی و چەپگەراو نەتەوەکانی تێدا کۆبووەوە دوور لەحزبی هەڵوەشاوەی پێشوو، ئەمڕۆ پرۆژە یاسایەکی تازە لەلایەن سەرۆك مەرزوقی ڕاگەیەنراوە، لەپێناوی دوور خستنەوەی هێزە دوژمنکارەکانی سەر بەحزبی کۆڕبەندی دەستووری هەڵوەشاوە بوون . مافی شۆڕشە کە خۆی لەهێزە دژە شۆڕش بپارێزێت .

*** لەو بڕوایەدای ململانێ لەتوونس یەکلابوویێتەوە؟**

- لەو بڕوایەدام حوکمی هاوپەیمانێتی، زەحمەترین جۆرەکانی حوکمە چونکە زیاتر لەسەرکردەیەکی هەیە، دەسەڵاتیش وەك مرۆڤە پێویستی بەخۆگونجان هەیە بەڵام کاروبارەکان تاکو ئێستا وا ڕێکەوتوون کە لەنێوان سێ حزبی گەورەدا ببرێن بەڕێوە، ئەوەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبووڵ کراوە، وابەستەیە بەڕاگرتنی دینگەی دڵنەواکردنەوەی کەمینە فیکریی و ئایدیۆلۆژییەکان، ئەم شێوازەی حوکم جەمسەرگیری ئایدیۆلۆژی ڕاگرت، یەکێك لەحزبە کۆنەکانی وا لێکرد کە وەك ئۆپۆزسیۆن بێتە پێشەوە بەو شێوەیەی کە پرۆژەیەکی نوێگەرانەیە کە ئەوی تری نەریتخواز بەڕێوە دەبات. ئێمە وەك هەندێك لەعلمانی و ئیسلامیەکان تەماشای جەمسەرگیری ناکەین بەڵکو وای دەبینن کە سنوورێکە لەنێوان هێزی شۆڕشگێڕی و دژەکانی دا. ئێستا ململانێیەکی هەمەشنە هەیە لەنێوان حاکمداران و حزبی تەجەموعی هەڵوەشاوە کە بەناوی تازەوە هاتۆتە پێشەوە، شتێکی وا لەمیسریش ڕوویدا بەناوی مەدەنیەتەو، لێکچوونێکی زۆر هەیە بەڕووداوێکی سەدەی نۆزدە دەچێت، کاتێك بزاوتە چاکسازییەکان لە ڕێگای کاری ئاشتیانەوە توندوتیژییان لەخۆیان دوور دەخستەوە، لەمیسر ماوەی پەنچا ساڵ سوپا حوکمی لەدەست بوو بەڵام لەتوونس سوپا پێوەندی بەکاری سیاسییەوە نییە لەهەردوو وڵاتیش ڕێژەیەکی بەرزی بێکاری تەشەنەی کردووە، نەریتێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ بەڕێوەبردنی فرەیی لەهەردوو وڵاتدا بەدی ناکەین .

*** هەندێك وای دەبینن ئەو مانگرتن و گرژییانەی ئەم دواییەی توونس هەڕەشەیە بۆ سەقامگیری ناوچەکەو شۆڕشەکەشی دەخاتە مەترسییەوە؟**

- ڕژێمی پێشووی توونس پۆلیسیانە بوو، بۆیە لەکاتی ماوەی ڕاگوزەریدا ڕێگرتن و مانگرتن و یاخیبوون تەشەنەی سەند، ئەوەش بووەهۆی زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و بێکاری زیاتر . تا دەستوور دادەنرێت و هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێتەوە ڕێکەوتنێك لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی حوکم دەردەکەوێت کە ئایا سەرۆکایەتیە یا پەرلەمانی، مانگرتن لە توونس دانەبڕاوەو بارودۆخی ئابووری زەحمەتە مووچەکان وەك خۆیەتی و قەبارەی بێکاری لەنیو ملیۆن بێکارەوە بۆ ٨٠٠ هەزار کەس زیادیکردووە ئەمە جگە لەبەرزبوونەوەی نرخی شتومەکیش، لەڕاستیدا بریندارانی شۆڕش و هەڵبژاردن نەخۆشخانەکانی پڕکردۆتەوە دەیانەوێت تۆڵە لە حزبی براوە بکەن لە ڕێگای وروژاندنی کەموکورتی ئابوورییەوە بەڵام ئەمە بەشێکی دیمەنەکەیە کە نەگەیشتۆتە ئاستی ئاسایشی گشتی، شۆڕش دژی ئەو پیاوانەی ئەمن هەڵگیرسا کە ئەشکەنجەی خەڵکیان دەداو بەرتیلیان بڵاوکردبۆوە، ئێستا وڵات پێویستی بەچاکسازی جیدی و گەورە هەیە، حکومەت بیر لەدادپەروەری بکاتەوە .

*** ئایا توونس لەمەسەلەی بەچەتەیی بردنی چەك و تەقەمەنی بۆ لیبیا وەك وڵاتانی تر زیانی پێگەیشت؟**

- بەقاچاغبردنی چەك لەلیبیا تەحەدایەکەو



پێویستە روو بەڕووی ببینەوەو مەترسییە بۆ هەموو ناوچەکەش، لەو ئومێدەداین دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی لیبیا ڕێکەوتنێك لەنێوان هەموو هێزە سیاسی و هۆزەکاندا بەدیبهێنێت .

*** رادەستکردنەوەی بەغدادی ئەلمەحمودی دوایەمین سەرۆك وەزیرانی سەردەمی قەزافی بەلیبیا کاریگەری دەبێت بۆ سەر بارودۆخەکە؟ بۆچی نەهزە رەزامەندی نیشانداوە لەسەر ئەم رادەستکردنەوەیە لەکاتێکدا سەرۆك مەرزوقی پێی وابووە کە ئەمە بەئاشکرا کوشتنی کەسێکە؟**

- بەغدادی مەحمودی لەدادگاوە حوکم دەرچووبوو بۆ رادەستکردنەوەی، حکومەتیش جێبەجێی کرد، چونکە لەنێوان ئێمەو لیبیادا رێکەوتنێك هەیە بۆ گۆڕینەوەی تاوانباران، لەم مەسەلەیەدا ئەو جیاوازییەی کەوتەوە لەنێوان سەرۆکایەتی و حکومەت جیاوازی نەبوو لەسەر مەبدەئی کارەکە، بەڵکو لەسەر کاتی رادەستەکەی، سەرۆك دەیویست چاوەڕێ بین تا بارودۆخی راگوزەری لە لیبیا تێپەڕ بێت و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و حکومەتی سەقامگیر دابمەزرێت بەڵام حکومەت هیچ پاساوێکی لا نەبوو بۆ دواخستنی رادەستکردنەوەی بەغدادی کە بەلای کەسەوە خۆشەویست نەبوو.

*** چۆن تەماشای پەرەسەندنەکانی شۆڕشی سوریا دەکەیت؟**

شۆڕشێکی راستەقینەیەو ژمارەی قوربانیەکانی لە ١٠ هەزار کەس تێپەڕیوەو گەلی سوریا مکورە لەبەدەستهێنانی ئازادی و دەرهێنانی لەبن کەڵبەی ئەسەد بەڵام تاکو ئێستاش کۆمەڵێك هێزی نێودەوڵەتی هەن لەوانە روسیاو چین و ئێران گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو دەکەن ئەسپێك هەر لەکۆتایی دا ملی دەشکێت، دەبووایە گرەویان لەسەر گەلی سوریا بکردایە کە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. لەو بڕوایەداین هیچ ڕێگایەك نەماوەتەوە بۆ شکست لەبەردەم شۆڕشەکان ئەمە دەرفەتێکە نابێت وڵاتانی عەرەبی لەدەستی خۆیانی بدەن لەپێناوی ئەوەی بچنە ناو مێژوویەکی تازەوە دەبێت بەتوندی ئەو رایەڵانەبگرین کە کەوتۆتە دەستیان تا شۆڕشەکە ببێتە سامانێکی راستەقینەو هەستانەوە، هەروەها بۆ زیندووکردنەوەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا لەناو گەلەکەمان شکستخواردوو بوون، زیندووکردنەوەی پرۆژەی یەکخستنی گەلەکانمان و گۆڕینی ناوچەکەمان بۆ فەزایەکی شارستانی پڕ لەکارو داهێنانی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و بەرگری هاوبەش، رژێمەکانی پێشووی وڵات مەترسییەکانیان لەچاوی گەلەکانی خۆیاندا دەبینی نەك لەدەرەوەیدا، هەروەها پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەکاری عەرەبی پەککەوتوو ئەکتیڤ بکەینەوە.

ئادەم سزیرمای بۆ (گوڵان) :

# هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوە لەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیادا بەپلەی یەکەم سەقامگیریی سیاسیی بوو



پرۆفیسۆر ئادەم سزیرمای ئوستادی پەرەپێدانی ئابوورییە لە زانکۆی ماستریخت، یەکێکە لە تۆژەرە باڵاکانی unu ماسترێخت و تایبەتمەندە لەبوارەکانی بەراوردکاری گەشەی ئابووری لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، هەروەها تایبەتمەندە لە بوارەکانی داهێنان و گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان بۆ پێشختی ئابووری لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، سیزرمای خاوەنی ئەزموونی کاری مەیدانی یە لەوڵاتانی چین و کۆریای باشور و تەنزانیا و زامبیا و باشوری ئەفریقیا و ژاپۆن، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی بونیادنانەوە و بونیادی دیموکراتی و هۆکار و فاکتەرەکانی چۆنیەتی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئادەم سزیرمای کرد و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** کێشەو ئاستەنگەکانی قۆناخی بونیادنانەوە ئاسایی نین، لەبەر ئەوەی هەموو شتێك لە قۆناخی دەستپێکردندایە، هەروەها هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئایا تاچەند لەپرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتی دوای تەنگژە و شەڕ و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی، لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی ئەو قۆناخە گرنگە؟**

- جگە لە ئامانجی دوورمەودای هێنانە ئارای دیموکراسی، باوەڕم وایە گرنگە جەخت لەسەر شەفافیەت و بەگژداچونەوەی گەندەڵی و دروستکردنی ئاستێك لە حکومڕانێتی کارا لە قۆناخە سەرەتاییەکاندا بکرێت. هەروەها گرنگە پرۆسەکە بەشێوەیەك بێت هەمووڵایەنەکان لە خۆبگرێت، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە لە حکومەت نەڕوانرێت کە تەنها نوێنەرایەتی بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو دەکات.

*** کاتێك سەیری ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بونیادنانەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکەین، بە تایبەتی ئەزموونی ژاپۆن و کۆریایی باشور و سەنگافورا، هەست دەکەین سەرکەوتنی ئەو پرۆسانە بە ئاستێکە کە ئەو وڵاتانەی گەیاندۆتە ریزی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئایا چۆن دەتوانین ئەو ئەزموونانە هەڵبسەنگێنین؟**

- یەکێك لە خەسڵەتەکانی وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات بریتی یە لە سەقامگیری سیاسی. دوای شەڕی کۆریا، شەڕ و ناکۆکیەکی گەورە لەم وڵاتە سەرکەوتووانەدا ڕووینەداوە، هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بریتی بوو لە ئیستیعابکردنی تەکنەلۆجیای نەتەوەیی، بونیاتنانی توانای تەکنەلۆجیای، هەناردەکردن، جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت، داهێنان و سیاسەتەکانی پیشەسازی بە ئامانجی نوێگەری لە بواری تەکنەلۆجیادا، ئاستی بەرزی پەروەردە و توانای مرۆیی و ئاوێتەبوونی ستراتیجی لە جیهانی بازرگانیدا.

**هەمیشە وڵات لە دۆخێکی باشتردایە کە گەندەڵیەکی کەمتر هەبێت و لە مەودای دووردا بە دڵنیاییەوە گەندەڵی بەربەستێکی جیددیە لەبەردەم گەشەی بەردەوامدا**

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەموویان ئەو دەوڵەتانەن کە هیچ سەرچاوەیەکی سروشتیان نی یە، لە هەمانکاتدا لەدەستپێکی بونیادنەوە زۆر هەژار بوون، بەڵام لەماوەیەکی کورتدا توانیان لە پرۆسەی بونیادنانەوە سەرکەون و نەك هەر هەژاری نەهێڵن بەڵکو ببوونە وڵاتێکی دەوڵەمەند، پرسیار ئەوەیە چۆن ئەو دەوڵەتانە توانیویانە لە هەژارییەوە بگەنە ئەو ئاستە بەرزەی دەوڵەمەندی؟**

- پێشکەوتنە ئابوورییەکانی ئاسیای ڕۆژهەڵات سەلمانديان سەرچاوە- سروشتیەکان- مەرجی پەرەسەندنی ئابووری سەرکەوتوو نییە، بەڵکو دامەزراوەی بەهێز، سەرمایەی مرۆیی، بنیاتنانی توانا و هەناردەکردن هۆکاری بنەڕەتین لە پەرەسەندنی ئابووری سەرکەوتوو. مشتومڕێکی جێی سەرنج هەیە لەبارەی دەوڵەمەندی سەرچاوەکان و باس لە نەفرەتی سەرچاوەکان دەکەن، کە دەبنە ئاستەنگ لە بەردەم پەرەسەندندا. دوایین لێکدانەوە ئەوەیە کە دەوڵەمەندی سەرچاوەکان هەمان سوودیان نییە بۆ پەرەسەندنی ئابووری ( بڕوانە نەرویج، ئەرجەنتین، بەرازیل، ئوسترالیا ئەمەریکای سەدەی نۆزدە). ئەوەی زیاتر گرنگە جۆری دامەزراوەکانە. ئەگەر دامەزراوە سیاسیەکان گەندەڵ بن و حکومڕانیەکە لاواز بێت ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوە دەکرێت سەرچاوە سروشتیەکان بە هەدەر بدرێن.

**حکومڕانی باش بە مانای ئەوە نایەت کوێرانە هەڵبستین بە کۆپیکردنەوەی دامەزراوە ئابوورییە پێشکەوتووەکان**


*** هەندێك لەچاودێران سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوە گرێدەدەنەوە بە بونیادی دامەزراوەی بەهێزەوە، بونیادی دامەزراوەی بەهێزیش پێویستی بەوەیە ئەولەویەت بدرێتە سەروەریی یاسا و بایەخدان بە بازاڕی ئازاد، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند سەروەریی یاسای بۆ بونیادی دامەزراوەی بەهێز گرنگە و دەبێتە بنەمایەك بۆ بونیادی لیبرالیزم؟**


- حکومڕانی باش بە مانای ئەوە نایەت کوێرانە هەڵبستین بە کۆپیکردنەوەی دامەزراوە ئابوورییە پێشکەوتووەکان، کە ڕەنگە ئەمە کارێکی گونجاو نەبێت تاوەکو بە بەردەوامی ئەنجام بدرێت. چین توانیویەتی زۆر بە خێرایی سەرکەوتوو بێت، ئەگەرچی هێشتا بە باشی سەروەریی یاسا-لەو وڵاتەدا- نەچەسپیوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئاستێکی پێویست لە پێشبینی دروست بکرێت لە بواری سیاسی و حکومڕانیدا بۆ ئەوەی پاڵنەرێکی سەقامگیر بخوڵقێنرێت بۆ کاری بازرگانی و وەبەرهێنان، هەروەها دەبێت بواری ئەزموونکردنیش هەبێت. لە مەودای دووردا، چەسپاندنی سەروەری یاسا یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی پەرەپێدان، نەك تەنها لە پەیوەندیدا بە پاڵنەرە ئابوورییەکانەوە، بەڵکو لە پەیوەندیدا بە پاراستنی تاکەکەسەکانەوە لە بەرامبەر دەوڵەتدا.

**دامەزراوەی بەهێز، سەرمایەی مرۆیی، بنیاتنانی توانا و هەناردەکردن هۆکاری بنەڕەتین لە پەرەسەندنی ئابووری سەرکەوتوو**


*** ئەگەر سەیری ئەزموونی وڵاتە سەرکەوتووەکان بکەین و لەگەڵ چین بەراوردی بکەین، هەست دەکەین ئاستی گەندەڵی لە کۆریای باشور و سەنگافورا و ژاپۆن نزمترە لەچاو چین دا، ئایا هۆکاری ئاستی بەرزی گەندەڵ لە چین و نزمی لە وڵاتەکانی دیکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**


- خاڵێکی باشتان دەستنیشانکرد؛ من هاوڕام کە گەندەڵی لە چیندا لە




فەرید ئەسەسەرد




بەرزدایە، چەندین هۆکار هەن کە بینە هۆی ئەوەی ئەمە نەگونجێت لەگەڵ ڕێژەی بەرزی گەشەی ئابووری لە مەودای کورتدا. ئەوەی گرنگە پێشبینیکردنی گەندەڵی یە. ئەگەر گەندەڵی کەمتر یان زیاتر پێشبینی بکرێت ئەوا وەك جۆرێك لە باجی لێدێت، کە دەکرێت ئاوێتەی ستراتیجیەتی ئابووری بکرێت. ئەگەر بە تەواوەتی پێشبینی نەکراو بێت، ئەوا زیان بە پرۆسەی وەبەرهێنان دەگەیەنێت. لە ڕاستیدا داهاتی گەندەڵی لە چین( هەروەها لە ئەندەنوسیا) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ناو سیستمەکە و بۆ بوارەکانی وەبەرهێنان و بەو پێیە بەشدار دەبێت لە گەشەپێداندا. ئەگەر




**هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بریتی بوو لە ئیستیعابکردنی تەکنەلۆجیای نەتەوەیی**

داهاتی گەندەڵی بۆ بەکاربردنی بوارەکانی خۆشگوزەرانی بەکاربێت، وەك ئەوەی پێڵاوی ئاڵتونی پێبکڕدرێت(مارکۆس) یاخود بنێردرێتە دەرەوەی وڵات بۆ بانکە دەرەکیەکان ( نەیجریا)، گەندەڵی مایەی کارەسات دەبێت. ئەو ڕاستیەی کە گەندەڵی دەگونجێت لەگەڵ گەشەکردنی ئابووریدا، مانای ئەوە نییە کە گەندەڵی باشە یان قبوڵکراوە. هەمیشە وڵات لە دۆخێکی باشتردایە کە گەندەڵیەکی کەمتر هەبێت و لە مەودای دووردا بە دڵنیاییەوە گەندەڵی بەربەستێکی جیدیە لەبەردەم گەشەی بەردەوامدا.

*** لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەك دەبینین دوای سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوە هەنگاویان بۆ دیموکراتی و فرە حزبی هەڵگرت، ئایا بۆچی لەو وڵاتانە دیموکراتیان دواخست؟**

- با سەرەتا لەوەوە دەستپێبکەم کە من باوەڕێکی بەهێزم بە دیموکراسی هەیە، باوەڕم وایە پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی پەرەپێدان. من بە گومانم لەو مشتومڕەی باس لەوە دەکات دیموکراسی گرنگ نییە، یاخود هەندێ کۆمەڵگە پێویستیان پێی نییە. باوەڕم وایە سەرجەم دانیشتوانی جیهان خوازیاری ئەوەن لە سایەی دیموکراسیدا بژین کە تێیدا بتوانن حکومڕانەکانی خۆیان هەڵبژێرن، بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئاڵوگۆڕیان پێبکەن ئەگەر هاتوو شکستیان هێنا و کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەوەی چۆن حکومڕانی دەکەن. هەرچۆنێك بێت، تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە وڵاتاندا کە دیموکراسی بناغەیەکی دانەناوە ڕەنگە ببێتە هۆی دەرئەنجامگەلێکی نائومێدکەر، لەو هەڵبژاردنانە بڕوانە کە لە هەندێ وڵاتانی سەب-سەحارای ئەفریقا ئەنجامدران. ڕەنگە گرنك بێت سەرەتا لەوەوە دەستپێبکرێت کە دامەزراوەگەلێکی حکومی کارا دابمەزرێت، لەگەڵ ئاستێك لە شەفافیەتدا، ڕاددەیەك لە پێشبینی، کە لە ڕاستیدا دەکرێت ئەمانە لە خۆبگرن، سەروەری یاسا، دابینکردنی سەرکەوتووانی خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوان، گرتنەبەری سیاسەتی لەخۆگرتنی لایەنەکان بۆ ئەوەی دەوڵەت بەو شێوەیە دەرنەکەوێت کە لایەنێکە لە ناکۆکیە ئیتنی یاخود تائیفیەکە، لەگەڵ جیاکردنەوەی ئاین و دەسەڵات کە هەر یەکەیان ڕۆڵی خۆیان هەبێت لە کۆمەڵگەدا، خوڵقاندنی پانتاییەك بۆ ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ ئەوەی حکومەت بخاتەبەردەم بەرپرسیارێتیەکانی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە بوار بدات خەڵکی ئازادانە گوزارشت لە خۆیان بکەن بە بێ ئەوەی دووچاری ڕەشبگیری ببنەوە و هتد، خوڵقاندنی دەرفەت بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. کاتێك ئەم بناغانە دانران، ئەوا ڕەنگە هەلومەرجی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دیموکراسی پتر مژدەبەخش بێت.

# مورسی و ئیخوان و دەسەڵاتی پشت پەردە



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەرچـــی ســـەرۆکی هەڵبژێردراوی میســـر محەمەد مورسی سەر بەگرووپی ئیخوان موسلمینەوە هەوڵی شاردنەوەی ئەم مەسەلەیەشی نەداوە، بەڵام هێشتا سروشتی پەیوەندیی سیاسیی نێوان مورسی و ئیخوان رۆشن نییە. بەڵام لەوڵاتێکی وەکو ئەمریکا ســـەرۆك پاش ئەوەی کەهەڵدەبژێردرێ، بەکردەوە پەیوەندیـــی بەحزبەکەیەوە نامێنێ و لەسیاســـەتی دەرەوەو نـــاوەوەدا تەواو ئازاد دەبـــێ و ناچار نیە رێنمایی لەحزبەکەی وەرگرێ. لەتورکیا ئەردوغان وەك رابـــەری پارتی دادو پەرەپێـــدان رابەرایەتیی حکومەت دەکاو دەسەڵاتی حزب و حکومەتی لەبەر دەستی خۆی کۆکردۆتەوە.

لەنمونەی میسر، مەسەلەکە تەواو جیاوازە چونکە ســـەرۆك لەرووی حزبییەوە پابەندە بەدەسەڵاتێکی لەخۆ بەرزتر کەدەسەڵاتی رابەری گشتیی گرووپی ئیخـــوان محەمەد حســـێنە. ئەگەرچـــی ئیخوان رایانگەیاندووە کە مورسی پاش هەڵبژاردنی هیچ پەیوەندییەکی نە بەحزبی ئازادی و دادەوە ماوە نە بەگرووپی ئیخوان موسلمینەوەو ئەگەرچی خودی مورسی هەر لەسەرەتای هەڵبژاردنییەوە رایگەیاند کەئەو دەبێتە سەرۆکی هەموو میسرییەکان، بەڵام ئەمە ئەوەی روون ناکاتەوە کەئاخۆ مورســـی تا چ ئەندازەیەك دەتوانێ بەبێ گەڕانەوە بۆ فەرمانەکانی مەرجەعیەتەکەی بڕیار بداو هەروەها ئەمەش روون ناکاتەوە کەئایا دەتوانێ بەبێ پشـــتوانیی ئیخوان دەوڵەت بەڕێوە بەرێ یان نا.

ئێســـتا لەمیســـر بەکردەوە دوو دەسەڵات هەیە. دەســـەڵاتی مورسی وەك ســـەرۆکی هەڵبژێردراوو دەســـەڵاتی رابەری ئیخوان کە بەبێ پشتگیریی ئەو، مورسی نەدەگەیشت بەکورسیی سەرۆکایەتی. بەشێوەیەکی فەرمی، هێشتا ئیخوان نەبوونەتە حزبی دەســـەڵاتدار بەڵام پێناچێ ئیخـــوان بەکەمتر لەوە رازی بن کە لەپشـــت پەردەوە مورسی بجووڵێنن. مەسەلەی بوونی دوو دەسەڵات لەدەوڵەتدا، لەژیانی سیاســـیی میسر پێشینەی خۆی هەیە. لەساڵانی ١٩٥٢- ١٩٥٤دا جەنراڵ محەمەد نەجیب سەرۆکی کۆمار بوو، بەڵام دەســـەڵاتی راستەقینە لەدەست جەمال عەبدولناسردا بوو کەجێگری سەرەك وەزیران و وەزیری ناوخۆ بوو.

پەلەکردنی مورسی لەهەڵوەشاندنەوەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئاماژەیە بۆ کاریگەریی رێنماییەکانـــی رابـــەرو ســـەرکردایەتیی ئیخوان لەسەری. لەیەکەم تاقیکردنەوەدا مورسی لەبەردەم رێنماییەکانی رابەرو سەرکردایەتیی ئیخواندا لاوازو بێدەرەتان دەرکەوت و پاشـــان پەشـــیمان بوونەوەی لەپێداگرتـــن لەســـەر بڕیارەکـــەی، ئەوەندەی تر ئاسەواری خراپی لەسەر ناوبانگی لەشەقام بەجێ هێشت.

بەردەوامبوونی ئەم دوو دەســـەڵاتییە بەو مانایە دێ کەســـەرۆکی میســـر لەوێنەیەکی بەدیوارەوە هەڵواســـراو هیچی تر نابێ و ســـەرۆك تەنها وەك لێپرســـراوێکی پرۆتۆکۆلی دەمێنێتـــەوە. ئەگەر مورســـی بەم رەوشـــە رازی بێ و ئامادەیی تێدا بێ تا سەر وەك سەرۆکێکی پرۆتۆکۆلی بمێنێتەوە، دەشـــێ دەوڵەت ســـەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ. بەڵام ئەگـــەر لەهەلومەرجێکـــی دیاریکراودا کار گەیشـــتە ئەو رادەیـــەی کەمورســـی لەرێنمایی رابەرو ســـەرکردایەتیی ئیخوان یاخی ببێ، دەشێ هەلومەرجێك بۆ پەرەسەندنی ململانێی سیاسی پەیدا ببێ. لەنمونەی سیستمە خاوەن دوو دەسەڵاتەکاندا، ئەگەری پێکدادانی دوو دەســـەڵاتەکە ئەگەرێکی دوور نییە، وەك ئەوەی لەماوەی ١٩٥٢- ١٩٥٤دا لەنێوان نەجیب و عەبدولناسرداو لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا لەنێوان ســـەرۆك ئەنوەر ســـادات و باڵی ناوەندەکانی هێزدا روویدا. ســـودانیش نمونەیەکی ترە کەتێیدا باڵی ســـوپایی بـــەرەی نەتەوایەتیی ئیسلامی بەرابەریی جەنراڵ عومەر بەشیر لەساڵی ١٩٨٩ هەڵی کوتایە ســـەر دەسەڵات و حکومەتی هەڵبژێردراوی ســـادق مەهدیی لەکار خست و تا چەند ساڵێك رەوشێکی وای هێنایە کایەوە کەتێیدا جەنراڵ بەشیر رێنمایی لەحەسەن تورابیی سەرۆکی بەرەی نەتەوایەتیی ئیســـلامی وەردەگرت، بەڵام دواتر لێی هەڵگەڕایەوەو چیتر رازی نەبوو مل بۆ رێنماییەکانی تورابی کەچ بکات.

لەئێستاوە پێشـــبینی کردنی ئەوەی کەمورسی کام رێگا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، کارێکی سەختە. بەڵام چەند مورســـی زۆرتر متمانە بەخۆی پەیدا بکات، ئەوەندەش پێداویســـتییەکانی خۆڕاپسکاندن لەدەســـەڵاتێکی نزمتـــر دابینتر دەبـــێ. رەوتی رووداوەکان دەتوانێ پێشبینییەکان بەلایەکدا بخا.

**ئەگەر مورسی بەم رەوشە رازی بێ و ئامادەیی تێدا بێ تا سەر وەك سەرۆکێکی پرۆتۆکۆلی بمێنێتەوە، دەشێ دەوڵەت سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ. بەڵام ئەگەر لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا کار گەیشتە ئەو رادەیەی کەمورسی لەرێنمایی رابەرو سەرکردایەتیی ئیخوان یاخی ببێ دەشێ هەلومەرجێك بۆ پەرەسەندنی ململانێی سیاسی پەیدا ببێ**

# خەسڵەتەکانی (هیرمینۆتیکا)ی هاوچەرخ

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



فۆکۆی خاوەنی کتێبی تیۆریاکەی ((وشەکان و شتەکان)) لەو بڕوایەدا بوو کە (زمان) بەلای بیرمەندانی پێش ڕێنیسانسی ئەوروپاییەوە، تەنیا بۆ ئەوە نەبووە کۆمەڵێك کۆدو سیمبۆڵی ڕێکخراوەیی سەربەخۆی لێ پێکبێت، بەو شێوەیە نەبووە شتەکان تێیاندا ڕەنگبدەنەوە وەك چۆن لە ئاوێنەدا ڕەنگدەدەنەوە، تا هەر کۆدو هێمایەك بۆ خۆی دەرخەری حەقیقەتە تاق و تەنیاو تاکگەراییەکەی خۆی بێت، بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە زمان لە جیهاندا وا دانراوە هەتا بەشێك لە بەشەکانی دنیا دروست بکاتەوە، مادام وشەکان بەو شێوەیە خۆیان بە مرۆڤ دەناسێنن، وەك ئەوەی شت بن و پێویستیان بەوە بێت کنەو پشکنینیان لەسەر ئەنجام بدرێت..

ئەو پێوەندییەی مرۆڤی دەبەستەوە بە تێکست و وشەکانەوە، هەمان ئەو پێوەندییەش بووە کە دەیبەستەوە بە شتەکانەوە، چ ئەم کارە خۆی لە خۆیدا پێوەندی بە وشەکانەوە بێت یان پێوەندی بە شتەکانەوە بێت، ئەوا لە هەردووك حاڵەتیدا مرۆڤ کەوتۆتە بەرانبەر هێماکان و واژەی ئایەتەکان و وارقەکانەوە، بۆیە تێرمی ئەپستمۆلۆژیا تەنیا بریتی بووە لە تەفسیرو هیرمینۆتیکا، واتە گواستنەوەیەك لە هێمایەکی دەرکەوتووەوە هەتا دەگاتە ئەوەی لەسەر خودی هێماکە چی دەوترێت و چۆن ناس دەکرێت، یان بەو پێیەی کە پەلدەهاوێژێ بۆ گوزارشت لێ کردنی، چونکە بێ ئەو هێمایانە، وشەکان تەنیا دەبنە ئاخاوتنێکی کەڕەواڵەیی و بەسەر شتەکانەوە دەلکێن و هیچی تر نا.

کەواتە زمان لە جیهانێکی بەسەرخۆدا داخراودا مەلە دەکات، لەمەشدا بێ مەڵامەت دەتوانین لەوە بدوێین کە هەر زمانە کە گەمەی بەرپەرچدانەوەکان دەگێڕێتەوە، یان هەر زمانە بێ وەستان و بێ تاقەتپروکێنانە ئەفسانەی لێکچوون و بەراوردکردن دەڵێتەوە، لەڕاستیشدا زمان تەنیا کۆمەڵەو توێژە زاراوەیەك نەبووە بۆ ئاخاوتن و قسەکردن، بەڵکو زۆر شت هەن بۆ خۆیان قسە دەکەن، واتە قسە دەکەن بێ ئەوەی زمان بوو بن، بەڵکو هەموو زیندەبووانی گەردوون قسە دەکەن و قسەی خۆیان هەیە بۆ وتن، تەنانەت ئەگەر بێدەنگایەتییش هەڵبژێرن ئەوە هەر قسە بێژن، بەسەر تەختایی زەمین و بە بەرزاییەکانی ئاسمانەوە چەندین ڕەگەز هەن کە بێ ئەوەی پیت و وشەیان لە زار دەربچێت، قسە دەکەن، چونکە سروشت بۆ خۆی کتێبێکی کراوەیە، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەموو گەردوون وەرچەرخاوە بۆ تێکستێکی نووسراو، فەزاش بووە بە بینراوێك لە ناو دەنگدانەوەی ڕابردوو و ئاسەواری کەلتووریدا دەدیترایەوە.

باش لەوە تێدەگەین کە ئەپستمۆلۆژیا لێرەدا جۆرێکە لە تەفسیر، زاراوەی تەفسیر بەو مانایەی کە پێشوەختە لە زمانی فەرەنساییدا واتایەکەی بۆی دانراوە، بە واتای دەرهێنان و کەشف کردنی داپۆشراوەکانە، بەواتای ئەوەیە وشەکان کاتێ قسە دەکەن بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو مەبەستەیان نییە لەوەی دەیدرکێنن، تەنیا بە هێمایی و واژەی ئایەت و سۆزەوە دەمێننەوە، بە واتای وشەکان لە یەك کاتتدا دەتوێنەوەو جارێکی تر بۆ ناواخنی خۆیان ئیحالە دەبنەوە، هیچ چارێك نامێنێتەوە بۆ ناسینی ناواخن و ناوەڕۆکەکانیان، یان هیچ چارێك نامێنێتەوە بۆ دۆزینەوەی مانا شاراوەکانیان، کە لە پشتەوەی دەمامکەکانیانەوەیە، ئەم هیرمینۆتیکاندنە بە لۆژیکی لێکچواندن دیاری دەکرا، تەکنیکەکانی لەسەر دیاریکردنی هەموو جۆرەکانی لێکچواندن دەوەستانەوە، مادام شتەکان ڕەنگدانەوەی یەکترین، لە هەر شوێنێك بن لێك بچن ، کەواتە لەوێدا مانایەك خۆی مەڵاس دابوو..

ئەستەمە نکوڵی بکەین لەوەی ئەپستمۆلۆژیای هاوچەرخ بۆخۆی ئەویش بەشێکە لە هیرمینۆتیکا، فۆکۆ خۆی جەخت لەوە دەکاتەوە کە (ئێمە) لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمینەوە گەڕاوینەتەوە سەر ئەو بڕوایەی کە ڕەوتە کەڕەواڵەییەکان و درمەکان و هەموو ئەوانەشی کە دەوریان تەنیوین، لە توانایاندایە مشتومڕو ئاخاوتن بکەن، ئێمەش لە هەموو کات زیاتر گوێقوڵاغین بۆ ئەو زمانە گریمانکراوە، بۆ ئەوەی لە هەوڵدابین تا لە پشت وشەکانەوە مشتومڕوئاخاوتنی پڕ بایەخترمان وەدەست بکەوێت، بەڵکو ڕەنگە ئێمە لەوە زیاتر پێشبینی بکەین، تا بایەخی باڵا دەبینین کە ڕەنگە لە ماناکان و واتاکانیش دوورتر بڕۆین، بەڵام ئێمە بەم گەڕانەوەیە، هیچ مانایەکی تازەمان نەبەخشیوە بە شتەکانی کە پێشترمانایان نەبووە، بەڵکو گەڕاوینەتەوە بۆ هیرمینۆتیکاندن، تا سروشتی بەڵگەکان بگۆڕین، تا ئەو چۆنیەتیانەی پێشتر پشتیان پێ بەستراوە بیانگۆڕین، کارەکە لە سەرتاپادا وابەستە نییە بە توێژینەوە لەبارەی کەتاگۆریاکانی پەیامناردن و تەناغومات و لێکچواندنەکانەوە، بەڵکە لەوانە گرنگتر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هیرمینۆتیکا چیتر گەڕاندنێکی شێلگیرانە نییە بە شوێن مانایەکی شاراوەدا، دۆزینەوەی بنج و ناواخنیش نییە، بە شوێنداگەڕانی دەسپێکی مانایەکانیش نییە، یان دابڕاندنی پارادایمێ نییە وەك لە مانا کرۆنۆلۆژییەکەدا بوونی هەبوو بێت، بەڵکو چیتر واتای پێبەخشینی پێشەنگایەتی و بایەخ پێزانینی مانایەکە بەسەر مانای تردا، ئەوەی شوێن بە فۆرمەکانی لێکچواندن و سەروەربوونی بەراوردکاری مۆلەق دەکات، تەفاوت و جیاوازییە کە دێنە جێگەیان..

ئەمە ئەو دەربڕینەیە کە بیریارێکی وەك میشێل فۆکۆ پێی وابوو کە هێماکان چیتر بە شێوەیەکی هاوتەریبی موتەجانیس دابەش نابن، بەڵکو دەکەونە شوێنێکی پەرتەوازەی پەرت پەرتبووی فرە پارچەوە، بە ڕەهەندێکەوە دەنووسێن کە دەتوانین بە ڕەهەندی قووڵایی ناوزەدەی بکەین، بەو مەرجەی بە ڕەهەندی ناواخن لێکی نەدەینەوە، بەڵکو پۆست قووڵایی دەرەکییە، ئەم ڕووبەرە قووڵە یان ئەم قووڵاییە

ڕووبەرەی کە نیچەی فەیلەسووف بەو چەشنە گوزارشتی لێ دەکات و وا لە هیرمینۆتیکا هاوچەرخ دەچوێنێت کە لە هەموو ئەو هیرمینۆتیکانە خۆی بە دوور بگرێت کە دەچنە خانەی شرۆڤەو تەفسیرو ڕۆچوون بە ناواخنی شتەکان و پەیبردن بە چاوگی شتەکان ودۆزینەوەی ناواخنەکانەوە، هەروەها لە تاك مانایی جیاببێتەوە و دواجاربە ڕووی ئاسۆیەکدا بکرێتەوە، کە بێ هاوتاو بێکۆتاییە، بەو شێوەیە دەیکاتە هیرمینۆتیکایەکی بەردەوامی بێ کۆتایی، بەڵام نابێت وا تێبگەین کە ئەم ناکۆتایی بوون و کرانەوەیە، بە تەنیا بە ئاڕاستەی ئایندەییە، بەڵکو لە دژەئاڕاستەشدایە، چونکە فکری هاوچەرخ کاتێك ئاماژە بە بێکۆتایی بوونی هیرمینۆتیکا دەکات، بۆ ئەوەی نییە فرەیی بوونەکەی بچەسپێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەیەتی لە بنەڕەتەوە لە چرکەساتی سفربوونەوەی مانا دەرنەچێت، لە پلەی سفری دەلالەتەوە بۆ سڕینەوەی ماناکانیش دەرناچێت، چەندە بە ناچاری بگەڕێینەوە، تەنیا هیرمینۆتیکایەك نادۆزینەوە کە هیرمینۆتیك کرابێتەوە، لەسەر زیندەبووەیەك هەڵوەستە ناکەین لە ڕووتبوونەوەیدا، تەنانەت هەڵوەستە لەسەر ڕسکانی موعتەیاتێکی سەرەتاییش یان پێدراوێکی خام ناکەین، وەك هەندێك جار وای پێ دەوترێت..

ئەوەی هیرمینۆتیکای هاوچەرخ لە هیرمینۆتیکای ترادسیۆن و میتافیزیکی جودا دەکاتەوە، ئەوەی یەکەمیان ناچێتە پرۆسەی هیرمینۆتیکاندنەوە، چونکە هێما سەرەتاییە تەمومژاوییەکان لە ناویدا هەبوونیان هەیە، یان لەبەر ئەوەی فرە هیرمینۆتیکاندن هەیە، لێرەدا بێ کۆتایی بوون ئەوە ناگەیەنێت کە بابەتێك بێت بە زەحمەت وەدەسکەوتبێت، یان زەحمەت تێگەیشتوو بێت، یان دەلالەت غەیبانی بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە وەپاڵ هیچ شتێك نانرێت، ئەگەر هیرمینۆتیکا نەتوانێت کامڵ بێت، ئەوەش بەهۆی نەبوونی هەبوونێکەوە کە خودی خۆی هیرمینۆتیکا نەبێت، پلەی سفری هیرمینۆتیکا بوونی نییە، هەر هێمایەکیش لە خودی خۆیدا پێکنایەت، ئەگەر لە زاتی خۆیدا نەبێتە خۆنمایشکارێك بۆ هیرمینۆتیکاندن، بوونێك نابینرێتەوە بۆ ئیحالە بوون، هەر ئیحالە بوونێك بە ڕۆڵی خۆی ئیحالە دەبێتەوە، واتە هەر بوونێك دەلالەت لە شتێك دەکات و واتایەك دەبەخشێت.

ئەڵبەتە دواتر تێرمی هیرمینۆتیکا بێ هیچ چاووڕاوێك ناکۆتاییە، چونکە وابەستە نییە بە هێمایەکی دابڕاو کە بە شێوەی ئینفیعالی خۆی وەدەستەوە دەدات، بەڵکو وابەستەیە بە هیرمینۆتیکایەکی تری پایەماڵەوەو یان بە شێوەیەکی کارا، شان دادەدات، بەو شێوەیە هیرمینۆتیکا پێدراوێکی خام لە پێشەوەی خۆی نابینێتەوە. بوارێکی بۆش وخاڵی دروست ناکات، بەڵکە لەسەرێتی شوێنەکە بەتاڵ بکاتەوە، تا خۆی فەرز بکات، واتە لە شوێنەکەدا بوار بۆ خۆی بڕەخسێنێت، یان شۆڕش بەرپا بکات لە دژی ئەوانەی لەو شوێنەدا لە پێشە خۆیین یان ئەوانەی پێشی داونەتەوە، واتە خەباتێکی چینایەتی لەسەر ئاستی هێماگەری بوونی هەیە، هێما لە ڕووی لۆژیکەوە دیاری ناکرێت، بە لۆژیك پێناسەشی بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵکە هێما پڕیەتی لە زێدەواتا، زێدە سیمۆلۆژیا، واتە تەنانەت شتێك بە خۆیشی نابەخشێت کوجای بە ئەویتر، هەموو ئەمانە وا لە پێوەندییەکانی هیرمینۆتیکا دەکەن کە پێوەندی بەوانی ترەوە هەمیشە توندو زبر بێت، سڕینەوەسازیی بێت، غەزوئاسا بێت،ئەم توندوتیژییەش لە زۆر ئاڕاستەوەیە، لە یەککاتدا هێزەو بەرگریشە، هێزی باڵادەست بوونی بەسەر پێشەخۆی، هەروەها هێزی بەرگریکردنی لە ئاڕاستەکانی پاشە خۆی، واتا میتا پێشین و میتا دواترە، ئەمەش نەك لە ناو زەمان و شوێندا بەڵکو لە جینالۆژیدا، کە ئاماژەیە بۆ هێزی شاراوەی پشت هیرمینۆتیکاوە، جەنگی هیرمینۆتیکاندن نایەکانگیرەو وا لە هیرمینۆتیکا دەکات وابەستە نەبێت بە هیرمینۆتیکایەکی ترەوە، بەڵکو وابەستە بێت بە نادیارێکی تری کە بە هیرمینۆتیکاندن هەستاوە، هیرمینۆتیکا وەك نیچەی فەیلەسووف پێی دەڵێت گەڕانە بە شوێن زاراوەی (کێ)دا، ئەو کێیەی بەهاو مانا بۆ شتەکان دەگێڕێتەوە، ئەو کێ یەی هەوڵ دەدات ماناو تەبیعەت بەسەر شتەکاندا فەرز بکات..

ئەم ناکۆتایی بوونەی تێرمی هیرمینۆتیکا هاوچەرخ پێی ناسراوە، ڕەنگدانەوەی ئەو شوێنەشە کە تێیدا دەژیێ، ئەو زەمانەی تێیدا دەژیێ، هێماکان دابەش نابن بە کەیفیەتێکی هاوتەریبی موتەجانسەوە، وەك وتمان لە هیرمینۆتیکا هاوچەرخدا ملکەچ ناکرێت بۆ لۆژیکی لێکچواندن و وێکچوون وەك یەکی و هارمۆنیا، بەڵکو پلەبەندی دروست دەبن لە شوێنێکی پەرت پەرتی فرە پارچەییدا ئەم پلەبەندییەش بە پێی هەموو ئاڕاستەکانی شوێن نییە، بەڵکو بەو پێیەی نیچە پێی دەڵێت ڕەهەندی قووڵایی دەرەکی، لەمەوە چەمکی ئاشکرای ناو قووڵایی لە هیرمینۆتیکا هاوچەرخ وەدیار دەکەوێت، قووڵایی دەبێتە لێوارەکانی ڕووبەر، ناکۆتاییش ڕێ دەبەستێت لە زەمەنی هیرمینۆتیکا هاوچەرخ، لەوەی بکەوێتە ناو ئەجەلێکی دیاریکراوەوە، ئەوەش ناگەیەنێت کە ئەمە زەمەنی مشتومڕو وەت وەتەیە لە کاتێکدا زەمەنی هێڵێکی پێشکەوتووە، بەڵکو زەمەنی بازنەییە، زەمەنی دوپاتبوونەوەی ئەبەدییە کە ناکاتە گەڕانەوەی موتابەقە، ئەم ململانێیەی نێوان هیرمینۆتیکاکان و ئەم دوپاتبوونەوە ناموتەناهییەی پلەبەندیی کە دەکەوێتە شوێنی لاتەریك و بەرتەسکی گەڕانەوە، لەسەر شتێك ناوەستێت، کە هیرمینۆتیکا بێت، بەڵکو هەموو ئەمانە وا لە هیرمینۆتیکا هاوچەرخ دەکەن ناکۆتایی بێت و لە پلەی سفری ماناوە دەرنەچێت و لە کامڵ بووندا کۆتایی پێ نەیەت..

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

**زمان لە جیهاندا وا دانراوە هەتا بەشێک لە بەشەکانی دنیا دروست بکاتەوە، مادام وشەکان بەو شێوەیە خۆیان بە مرۆڤ دەناسێنن، وەک ئەوەی شت بن و پێویستیان بەوە بێت کنەو پشکنینیان لەسەر ئەنجام بدرێت..**

**زمان تەنیا کۆمەڵە زاراوەیەک نەبووە بۆ ئاخاوتن و قسەکردن، بەڵکو زۆر شت هەن بۆ خۆیان قسە دەکەن، واتە قسە دەکەن بێ ئەوەی زمانیان هەبووبن، بەڵکو هەموو زیندەبووانی گەردوون قسە دەکەن و قسەی خۆیان هەیە بۆ وتن**

**هیرمینۆتیکا وەک نیچەی فەیلەسووف پێی دەڵێت گەڕانە بە شوێن زاراوەی (کێ)دا، ئەو کێیەی بەهاو مانا بۆ شتەکان دەگێڕێتەوە، ئەو کێ یەی هەوڵ دەدات ماناو تەبیعەت بەسەر شتەکاندا فەرز بکات..**

**هیرمینۆتیکا پێدراوێکی خام لە پێشەوەی خۆی نابینێتەوە بوارێکی بۆش وخاڵی دروست ناکات، بەڵکە لەسەرێتی شوێنەکە بەتاڵ بکاتەوە، تا خۆی فەرز بکات، واتە لە شوێنەکەدا بوار بۆ خۆی بڕەخسێنێت**